# دیار نییە گۆڕان کارێکی راست دەکات یان نا

**تایبەت بەرووداو**

واین وایت، پسپۆری ئەمەریکی لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان بە زیندووتر دەبینێ " لەبەرئەوەی



ئەڵتەرناتیڤ و بیروڕای زیاتر دەبیستین لەچاو رابـــردوو، بەڵام دیار نییە ئـــەم پەرلەمانە بە بەرهەمتر دەبـــێ، لەبەرئەوەی پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان نوێنەرایەتی کەمینە دەکـــەن"، هەورەهـــا دەڵێت "جارێ دیار نییە بەشـــدارینەکردنی لیستی گۆڕان لە حکومەت کارێکی راستە یان نا". ئەو پسپۆرە کە لە نزیکەوە د.بەرهەم دەناسێ و دۆستایەتی لەگەڵی هەیە زۆر پەسنی بەرهەم ساڵح دەکات و دەڵێت " بەرهەم ساڵح یەکێکە لە زیرەکترین ئەو کەسانەی دەیانناسم".

6

# بەنی سەدر: پەیوەندی کوردستان و ئێران دۆستانە نییە



**تایبەت بەرووداو**

ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، یەکەم سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێـــران لە دیدارێکدا لەگـــەڵ (رووداو) ئاشـــکرایکرد کە ئەوان رۆڵێکی کارایان هەبووە لە ئاشکرا کردنی دۆسیەی تیرۆرکردنی د.عەبدولرەحمان قاسملۆ "کەسێکمان لە ئێران هێنا بە دروستی باســـی لەو گرووپە کرد کە دەســـتی لەو تیرۆرکردنی قاسملۆدا هەبووە". هەروەها ناوبراو مافی خودموختاری بە گەلی کورد رەوا دەبینـــێ لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان و دەڵێت "کاتی خۆی لەگەڵ د.قاســـملۆش باسێکمان ســـەبارەت بە خودموختاری کوردستان هەبوو، تەنانەت وازۆشـــم کرد". ســـەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دەڵێت "پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی دۆستانە و دوو لایەنە نییە".

9

# لانەدراوم، خۆم وازم هێنا

**رووداو-هەولێر**

دوای دەست لەکارکێشانەوەی لە کۆڕەک میوزیک، هەڵکەوت زاهیر رایگەیاند بەنیازی دامەزراندنی تەلەڤزیۆنێکی هاوشێوەی رۆتانا میوزیکە.



ناوبراو رەتیکردەوە لە تەلەڤزیۆنی کۆڕەک لەسەر کار لادرابێ و هۆکاری وازهێنانی لە کۆڕەک بۆ (رووداو) روونکردەوە و گوتـــی "کۆڕەک لەگەڵ کۆمپانیای (Art) رێککەوتنیان کرد و 50%ی کۆڕەک موزیک بەوان فرۆشراوە، کارکردنی کۆڕەک موزیک لە چوارچێوەیەکی بزنســـیدا، رەنگە بۆ من گونجاو نەبێت، چونکە ئەو قازانجی دەوێ و منیش دەمـــەوێ خەڵک لەخۆم رازی بکەم". ســـەبارەت بە دەشـــنێ و لۆکە و هانی، کە هەڵکەوت بە قوتابـــی "قوتابخانەی هەڵکەوت"یان دەزانێ، دەڵێت "من لەکوێ بم ئەوانیش لەوێ کار دەکەن".

17


ژمارە (80)
دووشەممە 2009/10/5
13ی ڕەزبەری 2709
(750) دینار
چاپی کوردستان
www.rudaw.net


Rûdaw
ڕووداو

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

# گۆڕان "کۆمەڵێک شت" لەسەر بەرهەم ساڵح ئاشکرا دەکات

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە ئەوان کۆمەڵێک شـــتییان لەسەر کەسی بەرهەم ساڵح هەیەو ئاشکرای دەکەن.

کوێستان محەممەد ســـەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردســـتان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند لیستی گۆڕان کۆمەڵێک شـــتی تایبەتیان لە ســـەر کەسی بەرهەم ساڵح ســـەرۆک وەزیرانی راسپێردراوی کوردستان هەیە ولە رۆژی متمانە پێبەخشینیدا ئاشـــکرای دەکەن" کۆمەڵێک شتمان هەیە لەسەر شەخس وکەسی دکتۆر بەرهەم ساڵح کە لەرۆژی متمانە پێبەخشینی ئاشکرای دەکەین ودەیخەینەڕوو".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەنگنەدانی لیستەکەی بە بەرهەم ســـاڵح وئازاد بەرواری جێگری بۆ ســـێ هۆکار گەڕاندەوە " یەکەم ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین، ئۆپۆزیسیۆنیش هەڵوێستی وایە دەنگ نەداتە حکومەت،دووەم ئێمە تێبینیمان لە ســـەر شێوازی دانانی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی هەیە،سێیەم کۆمەڵێک شتمان هەیە لەسەر شەخس وکەسی دکتۆر بەرهەم ساڵح".

رۆژی شەممەی رابردوو 3-10-2009 د. بەرهەم ئەحمەد ساڵەح و ئازاد بەرواری، گفتوگۆ فەرمییەکانی خۆیان بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسلێمانی لەگەڵ هەریەک لەنەوشیروان مستەفا و محەممەدی حاجی مەحمود و قادر عەزیز



د. بەرهەم ساڵح گوێ بۆ داخوازی کرێکارێکی پڕۆژەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی رادەدێرێ

دەســـت پێکردو وەک چاوەڕوانیش دەکـــرا، ئەنجامی گفتوگۆکان بەبەشداریکردنی هەریەک لەسۆسیالیست و زەحمەتکێشان کەوتەوەو نەوشیروان مستەفاش، مانەوەی گۆڕانی وەک ئۆپۆزسیۆن دووپات کردووەتەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکۆبوونەوەکان بە (رووداو)ی راگەیاند کەنەوشیروان مستەفا بەهەریەک لەبەرهەم ساڵح و بەرواری راگەیاندووە " ئێوە حکومەت پێکبێنن و ئێمە بۆ کارە باشـــەکان لەگەڵتان دەبین و بۆ کارە خراپەکانیش راستتان دەکەینەوە".

بەرهەم ساڵح لە دیدارێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان مەرجەکانی دەستنیشـــانکردنی وەزیرەکانی ئاشکر ا کردو گوتی "نابێت هیچ پەیوەندییەکیان بە دەزگا داپڵۆســـێنەرەکانی بەعس هەبووبێ، شـــارەزایی و پســـپۆڕیان هەبووبێ لەو وەزارەتەی کە وەریدەگرن، هەروەها چاودێری دارایی ئێرەو بەغداش ئەستۆپاکیان بداتێ". بەڵام کوێستان محەممەد پێیوایە بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی هەر دوو حزبەکەوە کەســـەکان بۆ پۆستە باڵاکان دادەنرێن "رێزم هەیـــە بۆ ئەو دوو بەڕێزە کە باس لە دانانی خەڵکی پرۆفیشـــناڵ بۆ پۆســـتەکان دەکەن، من نازانم کێن ئەو کەسانەی دەستنیشان دەکەن،بەڵام دانانی کەسەکان لەدەسەڵاتی دکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری نییە،هەمووومان سستمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە دەزانین و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کەسەکان دادەنێنن و خەڵکیان بەســـەر دەسەپێنن،ئەوان رازی بن یاخود نا،بۆیە دکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری خەڵک دانانێن".

3

# "لەبەر سلێمانچییەتی گۆڕان لە کەرکووک شکست دێنێ"



**رووداو-سلێمانی**

یاریدەدەری جەلال تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن رایگەیاند لیستی گۆڕان بە هۆی سیاسەتی سلێمانچیەتی لە کەرکووک دەدۆڕێت.

لەتیف شێخ عومەر یاریدەدەری سکرتێری گشتی یەکێتی جەلال تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند لیســـتی گۆڕان بەو سیاسەتەی ئێســـتای ناتوانێ هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک بپارێزێت و ســـەرکەوتووبێت " بەسیاسەتی سلێمانی چێتییەوە، ئەو لیستە ناتوانێ لەکەرکووک سەرکەوتووبێت، چونکە کەرکووک فرە نەتەوەیەو پێویستی بەسیاسەتێکی لێبوردانەو ژیرانە هەیە ".

بەڵام مام رۆستەم کە یەکێکە لە بەرپرسەکانی گۆڕان دەڵێ یەکێتی لەمێژە کەرکووکی لەدەســـتداوەو تازە ناتوانێ بەدەستی بهێنێتەوە" ئێمە لەکەرکووک براوەین. بۆ بانگەشەش ئەم جۆرە لێدوانانە نادەین، ئەگەر وەزعی شـــارەکە نەبینین و خەڵک نەبینین و قسەیان لەگەڵ نەکەین، ئەو جۆرە تێڕوانینەمان نابێت".

لە 1-9-2009بەسەر پەرشتی تاڵەبانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەکەرکـــووک کۆبونەوەو چەند رۆژێک دواتریش تاڵەبانی بۆخۆی لەو شـــارە مایەوە، لەکۆبونەوەی پاشـــتری مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەهەولێر، بڕیاردرا، کەهەریەک لەکۆســـرەت رەسوڵ و مەلا بەختیار و ئەرســـەلان بایزو عیماد ئەحمەد، سەرپەرشتی کەرکووک بکەن، کەسەرکردە بەهێزەکانی ئێستای کەرکون و گۆڕانیش لای خۆیەوە، تیمێکی بەهێزی بۆ سەرپەرشـــتی کردنی بانگەشـــەی هەڵبژاردن و ئامادەکارییەکان دیاری کردووە، کەلە جەلال جەوهەرو مام رۆستەم و کەسێکی تر پێکهاتووە.

بەپێی ئەوزانیارییانەی لەچەند سەرچاوەیەکی ناوشاری کەرکووکەوە دەســـت (رووداو)کەوتوون، گۆڕان ئێســـتا لەکەرکـــووک لەرێگەی دروســـتکردنی رێکخراوو گرووپی ناحکومی هونەری و رووناکبیری و وەزرشـــی و گەنجانەوە کار دەکات و ژمارەیەک رێکخستن و جوڵەی نهێنیشـــی دروســـت کردووە، تابتوانێ لەو رێگەیەوە دەنگدەرێکی بەرفراوان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

4

# 500 ملیۆن دینار لە فەرمانگەیەکی هەولێر دەدزرێ

**تایبەت بە رووداو**

لـــە بەڕێوەبەرایەتـــی باجـــی زەوی و زاری هەولێر زیاتر لـــە 500 ملیۆن دینار لە رێگەی وەســـڵی وەهمی دەدزرێ و لەسەر ئەو کارەش بەڕێوەبەرودووفەرمانبەری ئەوبەڕێوەبەرایەتییە دەگوازرێنـــەوەو بەڕێوەبەرەکـــەش دەکرێتەوە فەرمانبەری ئاسایی.

فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتییەکە نەیوست ناوی بـــڵاو بکرێتەوە بـــە (رووداو)ی راگەیاند دزییەکە بەهۆی چاودێری دارایی ئاشکرا کراوە، دوای ئەوەی سەردانی فەرمانگەکەیان کردووە و لێکۆڵینەوەیان لەو پارانە کردووە کە وەرگیراون دەرکەوتووە زیاتر لە 500 ملیۆن دینار بەهۆی وەسڵی وەهمییەوە دزراوە.

ئەو سەرچاوەیەی (رووداو) کە فەرمانبەری باجـــی زەوی و زاری یەکـــە رایگەیاند "من بۆ خۆم لە زاری لێژنەکەی چاودێری دارایم بیست، کـــە پتر لە 500 ملیۆن دینـــار لە باجی زەوی و زاری دوو دزراوە". ســـەرچاوەکەی (رووداو) باسی لەوەشـــکرد کە دزییەکە لەدوای ئەوەی فەرمانگەکە کراوەتە دوو بەش دەستیپێکردووە و ئەو لـــەو باوەڕەدایە کـــە دزییەکە زۆر لەوە زیاترە "چاودێری دارایی لە 2004 سەردانی ئەو فەرمانگەیەی نەکردووە، وەسڵەکان زۆر زۆرن و بە چاودێری دارایی بەراورد ناکرێ، باوەڕ ناکەم چارەکێکی وەســـڵەکانیان بەراورد کردبێ، لەو بـــاوەڕەش دام 20%ی ئەو پارەیەی هاتووەتە ئەو فەرمانگەیە دزرابێ".

ئەو فەرمانبەرە گوتـــی "بەڕێوەبەری باجی زەوی و زاری دوو کە نـــاوی (ئ،ک.ر) لەگەڵ دوو فەرمانبـــەری دیکە بەنێـــوی (م.چ)و (ز) دەستیان لە کارەکەدا هەبووە و ئیجرائاتیشیان لەگـــەڵ کـــراوە، بەڕێوەبەرەکـــە کراوەتـــە فەرمانبەرێکی ئاســـایی، دوو فەرمانبەرەکەش گواستراونەتەوە".

ســـەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی بـــە (رووداو)ی راگەیاند "بابەتەکە هێشـــتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە"، ســـەبارەت بە بڕی پارە درزاوەکەش، ســـەرچاوەکەی چاودێری دارایی گوتی "تا لێکۆڵینەوە تـــەواو نەبێ دیار نییە، رەنگە 500 ملیۆن دینار دیار نەمابێ، لەوانەشە زیاتر بێ یـــان کەمتـــر". (رووداو) چەندینجار پەیوەندی بە بەڕێوەبەری لەســـەر کار لادراوی باجی خانووبەرەی 2 کرد، بەڵام ناوبراو وەڵامی پەیوەندییەکانی (رووداو)ی نەدایەوە.

مامۆستا جەعفەر:

# هاوپەیمانێتی پارتی ویەکێتی پێش هەڵبژاردن هەڵەیە



**رووداو-سلێمانی**

مامۆســـتا جەعفەر، لێپرسراوی مەکتەبی بیرو هۆشیاری یەکێتی، کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشـــداری هەڵبژاردنە پەرلەمانی عێراق دەکات، گلەیی لە پارتی و یەکێتی کرد کە دژایەتی لیستەکەی دەکەن و گوتی "یەکێتی و پارتی باشـــترە پشتگیری لیستەکەم بکەن نەک دژایەتی، من چاوەڕێم دەکرد هێزە کوردستانیەکان بەدڵفراوانییەوە لەو پرۆسەیە بڕوانن".

مامۆســـتا جەعفەر بۆ (رووداو) ئاشکرایکرد کە لیستەکەی نێوی "بزوتنـــەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکان"ە و لیســـتێکی عێراقییە نەک کوردستانی و پێشتریش لە کەرکووک و دەوروبەری کار بۆ لیستەکە کراوە.

هەروەها رەتیکردەوە لیستەکەی ئەو، دەنگەکانی لیستی کوردستانی ببات "من لەسەر جەماوەری لیستی کوردستانی کارناکەم و کار لەسەر ئەو جەماوەرە دەکەم کەناتوانن دەنگ بدەنە لیستی کوردستانی، یان ئەگەر بشـــتوانن، زۆر کەمیان دەنگ دەدەن". هەروەها گوتیشی "من نازانم دەنگی کێ دەبات، بەڵام دەکرێ وەک هێزێکی دۆستی یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تر بژمێردرێت، ئەگەر پارتی و یەکێتی و هێزەکانی تر بتوانن رەفتارێکی باشی لەگەڵ بکەن".

ناوبـــراو رەخنـــە لە هاوپەیمانێتی نێوان پارتـــی و یەکێتی پێش هەڵبـــژاردن دەگرێ و بـــە کارێکی هەڵەی دەزانـــێ، وایدەبینێ ئەو هاوپەیمانێتییەی نێوان پارتی و یەکێتی وایکرد لیســـتی کوردستانی دەنگی جارانی نەهێنێتەوە "لیســـتی کوردستانی بۆیە دەنگی کەمی هێنا چونکە لەوانەیە هەندێک لەدۆست و دەنگدەری پارتی بێزاربووبن لەداخی کاروباری ناو یەکێتی دەنگیان بەلیستی کوردستانی نەداوە، بەهەمان شێوە دەنگدەری یەکێتیش هەن کەلەداخی پارتی دەنگیان بەلیستی کوردستانی نەداوە".

ئەو رەخنەش لە دەنگدەری کورد دەگرێ، کە نازانێ دەنگ بە کێ دەدات "ئێســـتا ژمارەیەک شوفێری تاکسی بڕیار دەدەن کێ دەبێتە حیزبی دەسەڵاتدارو کێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن".

9

# سەفەرکردنی کۆسرەت رەسول بە هەل زانرا بۆ لەسەرکار لابردنی قایمقامی چەمچەماڵ

**رووداو-چەمچەماڵ**

رۆژی 9/27 قایمقامـــی چەمچەمـــاڵ نەوزاد حەمید لەپۆســـتەکەی دوورخرایەوە و گەڕێنرایەوە بۆ نووسینگەی ئیدارەی گەرمیان لەشاری کەلار.

ســـەرچاوەیەکی ئـــاگادار لەهـــۆکاری گواســـتنەوەی نەوزاد حەمید بـــە (رووداو)ی راگەیاند" دوورخستنەوەی نەوزاد پەیوەندیی بەو هەڵمەتەوە هەیە کە لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاســـی یەکێتـــی دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تەمموزی رابردوو بۆ پاکسازیی لەنێوخۆدا دەستی پێکردووە ". سەرچاوەکە ئاشکراشـــیکرد لەچەند رۆژی داهاتوودا ئەو هەڵمەتـــە ژمارەیەک قایمقـــام وبەڕێوەبەری ناحیەی دیکە دەگرێتەوەو لەپۆســـتەکانیان لادەبرێن.

نەوزاد حەمیـــد قایمقامی لەکارلابراوی چەمچەماڵ لەلێدوانێکیـــدا بە ( رووداو)ی راگەیانـــد" هەرچەندە بڕیـــاری لابردنم نایاساییە بەڵام پابەند دەبم پێوەی". ئەو روونیدەکاتەوە لەو نووسراوەی ئیدارەی گەرمیـــان کـــە لابردنی لەپۆســـتەکەی تێـــدا راگەیەنراوە، دەڵـــێ " بەئاماژەدان بە پەیوەندیی تەلەفۆنی بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ"لەکاتێکدا لەهیچ شوێنێکی دنیادا شتی وانییە قایمقامێک بەتەلەفۆن لەپۆســـتەکەی لاببرێ"

ســـەرچاوەیەک کـــە نەیویســـت نـــاوی بڵاوبکرێتـــەوە بـــە (رووداو)ی راگەیانـــد" گواســـتنەوەو لابردنی قایمقامی چەمچەماڵ بڕیارێکی پێشـــتری یەکێتی بوو لەسنووری گەرمیان کە بـــەر لەهەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی رابردوو هەوڵدرا دووری بخەنەوە، بەڵام بەهۆی پشـــتگیریی راستەوخۆی کۆسرەت رەسـوڵ ی جێگری جەلال تاڵەبانی ئـــە و بڕیارە



جێهێڵرا بۆ کاتێکی دیکە، ئەو ســـەرچاوەیە ئامـــاژە بـــەوە دەدا بەهۆی ئەوەی ئێســـتا کۆسرەت رەسوڵ بۆ چارەسەری تەندروستی ســـەفەری دەرەوەی کـــردووە، بەهەلزانراوە بڕیارەکە جێبەجێبکـــەن، هەر بۆیە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بەتەلەفۆن ئیدارەی گەرمیان لەجێبە جێکردنی بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە.

ســـەرچاوەیەک کـــە نەیویســـت نـــاوی بڵاوبکرێتـــەوە بـــە (رووداو)ی راگەیانـــد" گواســـتنەوەو لابردنی قایمقامی چەمچەماڵ بڕیارێکی پێشـــتری یەکێتی بوو لەسنووری گەرمیان کە بـــەر لەهەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی رابـــردوو هەوڵدرا دووری بخەنەوە، بەڵام بەهۆی پشتگیری راستەوخۆی کۆسرەت رەسوڵ ی جێگری تاڵەبانی ئەو بڕیارە جێهێڵرا بۆ کاتێکی دیکە، ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بەوە دەدا بەهۆی ئەوەی ئێستا کۆسرەت رەسوڵ بۆ چارەسەری تەندروستی سەفەری دەرەوەی کردووە، بەهەلزانراوە بڕیارەکە جێبەجێبکەن، هەر بۆیە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بەتەلەفۆن ئیدارەی گەرمیان لەجێبە جێکردنی بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە.

7



## بایکال سەردانی کوردستان دەکات

**ڕووداو - نێتکورد**

بڕیارە لە کاتی سەردانی دەنیز بایکال سەرۆکی پارتی کۆماری تورکیا بۆ عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات و لە گەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە . هێشتا وادەی سەردانەکەی بایکال دیاری نەکراوە بەڵام بە پێی هەندێ سەرچاوە دەکەوێتە دوای سەردانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان بۆ عێراق کە بڕیارە لە نێوەڕاستی ئەم مانگە ئەنجام بدرێت.

مەرجی سۆسیالیست و زەحمەتکێشان بۆ بەشداریکردن لە حکومەت ئەوەبوو بە تەنها بەرنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێ نەکرێ

### نەوشیروان بۆ د. بەرهەم و ئازاد بەرواری:

# بۆ کارە باشەکان لەگەڵتان دەبین و بۆ کارە خراپەکانیش ڕاستتان دەکەینەوە



نەوشیروان مستەفا (فۆتۆ: کریستۆف پتیت تیسۆن)

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو ـ سلێمانی**

ڕۆژی شـــەممەی ڕابردوو 2009/10/3 د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح و ئازاد بەرواری، گفتوگۆ فەرمییەکانی خۆیان بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشـــەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەســـلێمانی لەگەڵ هەریەک لەنەوشـــیروان مســـتەفا و محەممەدی حاجـــی مەحمود و قادر عەزیز دەست پێکردو وەک چاوەڕوانیش دەکرا، ئەنجامی گفتوگۆکان بەبەشداریکردنی هەریەک لەسۆسیالیست کەوتەوەو نەوشیروان مستەفاش، مانەوەی گۆڕانی وەک ئۆپۆزسیۆن دووپات کردووەتەوە .

عەبدوڵـــڵای حاجی مەحمـــود، ئەندامی مەکتەبی سیاســـی حیزبی سۆشیالیســـتی دیموکراتی کوردســـتان، ئـــەوەی ڕاگەیاند کەگفتوگۆی حیزبەکەیان لەگەڵ د.بەرهەم و ئازاد بەرواری بۆ بەشداریکردن بووە لەکابینەی شەشـــەم و گوتی" کاک بەرهەم لەگەڵ کاک ئازاد بەرواری دوای ئەوەی سەردانی مەکتەبی سیاسیان کرد، بەرەســـمی داوایان لێکردین بەشـــداری لەحکومەت بکەین، ئێمەش دوای ئەو سەردانەی ئەوان، لەچەند ڕۆژی داهاتوو بڕیار دەدەین کەبەشـــداری بکەین یان نا ".

گوتیشی "پێشتریش لەڕێگەی ڕاپرسییەکەوە، زۆرینـــەی کادرانمـــان دەنگیان بـــەوەداوە کەبەشداری بکەین لەحکومەتی هەرێم ".بەڵام پێشتریش سۆسیالیست ڕایگەیاندووە کەڕێز لـــەڕای کادرانی خۆی دەگرێـــت، کەزۆربەی کادرانی لەگەڵ ئەوەن بەشداری لەحکومەت بکات .

لای خۆشـــیەوە قادر عەزیز، ســـکرتێری زەحمەتکێشـــانی کوردســـتان ڕایگەیانـــد، ئەوان بەبەڵێ، وەڵامی ســـەرۆک و جێگری ڕاســـپێردراوی حکومەتیـــان داوەتەوەو ئەو دوو مەرجەشی باسکرد، کەهاوکات مەرجی سۆسیالیســـتیش بووە " حکومـــەت تەنها بەرنامەی لیستی کوردستانی جێبەجێ نەکات و بەشـــداریمان بەشدارییەکی جددی بێت ". قادر عەزیز گوتیشـــی "پێویستە بەرنامەی کاری کابینەکە گوزارشت لە بەرنامەی لیستە بەشـــداربووەکان بـــکات و هەمیـــش لایەنە بەشـــداربووەکان بۆئەوەی شوێن پەنجەیان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی حکومەتدا دیاربێت، بەشداریەکی کارایان لەکابینەکەدا هەبێت ".

ســـەرچاوەیەکی ئاگادار لەکۆبوونەوەکان گوتی " هەریەک لەمحەممەدی حاجی مەحمود و قادر عەزیـــز بەد.بەرهەمیان ڕاگەیاندووە، ناماـنـــەوێ حکومەتی هەرێم وەک حکومەتی پێشـــوو هەمان سیاســـەت و مامەڵە لەگەڵ لایەنە بەشـــداربووەکان بکات و تەنها بۆ ئەو بەرنامەیە نەگەڕێتەوە، کەلیستی کوردستانی ئامادەی کردووەو ئەوانیش بەڵێنی جێبەجێ کردنی داخوازییەکانیان داوە ".

لەلایەکی ترەوە، ســـەرچاوەیەکی ئاگادار لەدانیشـــتنەکانی نێوان نەوشیروان مستەفا و د.بەرهـــەم گوتـــی "کۆبوونەوەکە لەماڵی کاک نەوشـــیروان بـــووەو، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ سۆسیالیست و زەحمەتکێشان بووەو کاک نەوشـــیروان ڕایگەیاندووە، ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە ".

ئەو ســـەرچاوەیە باســـی ئەوەشی کرد، کەنەوشـــیروان مستەفا بەهەریەک لەبەرهەم ساڵح و بەرواری ڕاگەیاندووە "ئێوە حکومەت پێکبێنن و ئێمە بۆ کارە باشەکان لەگەڵتان دەبین و بـــۆ کارە خراپەکانیش ڕاســـتتان دەکەینەوە ". نەوشـــیروان مســـتەفا زیاتر گوتیەتی " لەبەغداش، بۆ مەسەلە نەتەوەیی و ستراتیژییەکان هەموومان پێکەوەدەبین ".

# کەس نییە پارەکەی مالیکی لەهەڵەبجە دابەش بکات

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەڵەبجە**

زیاد لە دوومانگە بیست ملیۆن دیناری دیاری نـــووری مالیکی بۆ کەم دەرامـــەت وهەژارانی هەڵەبجە لەمۆنیومێنتی ئەو شارە هەڵگیراوەو تا ئێستا هیچ لایەنێک نایەوێ دابەشکردنەکەی بگرێتە ئەستۆ.

ســـەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەرگرتنی ئەو پارەیە بە (ڕووداو)ی گوت " ئەوکاتەی مالیکی هاتە هەڵەبجە 40 ملیۆن دیناری بۆ کارمەندانی مۆنیومێنتەکە و خەڵکانی نەدار وکەم دەرامەتی هەڵەبجە دابینکرد، کە بیســـت ملیۆنیان بۆ کارمەندان وبیست ملیۆنەکەی دیکە بۆ هەژاران، بەڵام هێشتا ئەوەی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت دابەشنەکراوە".

ســـەرخێڵ غەفار بەڕێوەبەری مۆنیومێنتی هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئێمە وەک مۆنیومێنت هەرگیز ئەو ئەرکە ناگرینە ئەستۆ وئیشی ئێمەش نییە ئەو پارەیە دابەش بکەین" ڕوونیشیکردەوە، بەهۆی نەبوونی دامەزراوەیەک کە ئامارێکی تەواو دەربارەی دیاریکردنی چینی نەدارو کەم دەرامەت بخاتە بەردەست، ئاسان نییە دەست نیشـــان بکرێ ئەو پارەیە بەکێ بـــدرێ، بۆیـــە لەهەوڵی ئەوەدایـــن لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتـــی چاودێـــری وگەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتیـــی هەڵەبجەوە بـــەم نزیکانە ئەو پارەیە دابەشبکرێت"، بەڵام سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانـــی هەڵەبجـــە دەڵێ " بەڕەســـمی داوامانکردووە ئەو پارەیە دابەشبکەن بەسەر 400 خێزانی کەسوکاری قوربانیاندا".

بەگوێرەی قسەکانی بەڕێوەبەری مۆنیومێنتی هەڵەبجە، نەبوونی بەرپرسی یەکەمی ئیداری قەزاکـــە وایکردووە دابەشـــکردنی ئەو پارەیە دوابکەوێ و تا ئێستا دابەشنەکرێ، گوتیشی "قایمقامی ئێســـتامان لێ ئاگادارکردووەتەوە بەڵام ئەو وتویەتی بەهۆی ســـەرقاڵی زۆرەوە ناتوانێ ئەو کارە بکات.

شـــاهۆ عوســـمان قایمقامـــی هەڵەبجـــە بەوەکالـــەت ڕوونکردنـــەوە دەدات کـــە ئەو "ئـــاگای لەچۆنێتـــی وەرگرتنی ئـــەو پارەیە نییە" بۆیـــە ناتوانێ بەبێ بڕیارو ڕێنمایی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەســـتۆ کە بیست ملیۆن دینار بەسەر هەڵبژاردەیەک لەدانیشتووانی قەزاکەدا دابەشبکات، شاهۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " تا ئێستا بەڕەسمی ئەوە نەخراوەتە بەردەمم کە چۆن وەرگیراوەو چۆن دابەشـــبکرێ"هەرکات بەڕەسمی پێیان وتم، ئەو کات بەپێی ڕێنمایی پارەکە دابەشدەکەین".

لوقمـــان عەبدولقادر ســـەرۆکی کۆمەڵەی قوربانییانـــی هەڵەبجـــە، ڕایگەیانـــد " ئێمە بەڕەسمی داوامان لە بەرپرسانی مۆنیومێنتەکە کردووە کە ئەو بیست ملیۆن دینارە دابەشبکەن بەسەر 400 خێزانی شایستەی کۆمەڵەکەمان" گوتیشـــی " بەڵام ئەوان تەنسیقمان لەگەڵدا ناکەن".

ڕۆژی 8/2 مالیکـــی ســـەرۆک وەزیرانـــی عێـــراق دوای دیداری لەگەڵ تاڵەبانی وبارزانی بەسەردانێک چووە شاری هەڵەبجەی شەهید و لەگەڵ دانیشتووانی ئەو شارە دیدارو گفتوگۆی کرد.



مالیکی لە کاتی سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجەدا (فۆتۆ: AFP)

### لە سێ مانگی داهاتوودا کوێت کونسوڵخانە لە هەولێر دەکاتەوە

# پەرلەمانتارێکی کوێتی ئامادە نییە لەبارەی ئەنفال وهەڵەبجە هیچ قسەیەک بکات

**مەریوان فەیزوڵڵا ساڵەیی**
**ڕووداو ـ هەولێر**

ئەندام پەرلەمانێکی کوێتی ئامادەنەبوو هیچ قسەو لێدوانێک لەبارەی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابانکردنی هەڵەبجە لە ســـەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا بدات.

د. وەلید تەباتەبائی ئەندامی پەرلەمانی کوێتی، ئیسلامییەکی سەلەفییەو بە لێدوانە توندەکانـــی دژی شـــیعەکان ناســـراوەو بەردەوام لێدوانەکانی هێزە شیعەکانی عێراق تووڕە دەکات . ڕۆژی 10/1 لەگەڵ شاندی وەرزشی کوێتی بۆ یاری نێوان یانەی هەولێرو کوێتی گەیشتە کوردستان . (ڕووداو) لە نێو یاریگەی وەرزشی هەولێر پرسیاری ئەوەی لێکرد کە ڕای چییە بەرامبەر پاڵپشتیکردنی کوێت لە ڕژێمی عێراق لە ســـاڵانی 1980 ولەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفال وکیمیابارانکردنی هەڵەبجـــەدا، بەڵام ئەو ئەنـــدام پەرلەمانە کوێتییە ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک بکات وتەنها گوتی" حەز ناکەم لەسەر ئەو بابەتە هیچ قسەیەک بکەم".

لە وەڵامی ئەوەی بۆچی شاندی کوێتی لانیکەم سەردانی شاری هەڵەبجەیان نەکرد، وەلیـــد تەباتەبائی گوتـــی" ئێمە ئەمجارە کاتمان نەبوو ســـەردانی هەڵەبجە بکەین، بەڵام بڕیارمانداوە لە سەردانی داهاتوومان بۆ ئەم هەرێمە سەردانی ئەو شارە بکەین".

تەباتەبائی ئەوەشی بۆ (ڕووداو) درکاند کە کوێت ئامادەیە کۆنسوڵخانە لە هەولێر بکاتـــەوەو دەبێتە یەکەم دەولەتی عەرەبی ئـــەو کارە بکات" ئێمە لەگـــەڵ وەزارەتی دەرەوەی کوێتـــی قســـەمان کـــردووە و بڕیارمانداوە لە ماوەی دوو تا ســـێ مانگی داهاتوو کونسوڵخانە لە هەولێر بکەینەوە". ئەو پەرلەمانتارە کوێتییە گوتیشی" هۆکاری ســـەرەکی کردنەوەی ئەو کۆنســـوڵخانەیە پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی،سیاســـی، کولتووری، گەشتیاری و وەرزشیە لەنێوان دەوڵەتی کوێت و هەرێمی کوردستان".

عەلـــی ئەلمەئمون باڵیـــۆزی کوێت لە عێـــراق کردنەوەی کونســـوڵخانەی کوێتی پشتڕاســـتکردەوەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بەم زووانە هێڵی ئاســـمانی نێوان کوێت و هەولێر دەست بەکار دەبێ .

شاندێکی کوێتی کە بریتی بوون لە دوو ئەندام پەرلەمان، باڵیۆزی کوێتی لە عێراق، بەرپرسانی وەرزشـــی و نوێنەرانی میدیای کوێتی. لەگـــەڵ یانەی کوێتـــی هاتبوون و ڕۆژی 2009/9/30 ڕووبـــەڕووی یانـــەی هەولێر بوونەوە لـــە چوارچێوەی قۆناخی هەشتەمی جامی یانەکانی ئاسیای 2009. بەشـــێوەیەکی چاوەڕواننەکراویـــش یانەی کوێتی توانی بـــە ئەنجامی یەک گۆڵی بێ بەرامبەر لە یانەی هەولێر بباتەوە .



**حەز ناکەم لەسەر ئەو بابەتە هیچ قسەیەک بکەم**
د. وەلید تەباتەبائی ئەندامی پەرلەمانی کوێت

# ئەمساڵیش قوتابی دەپەڕنەوە

## 2750 قوتابی زانکۆ سوودیان لە بڕیارەکە وەرگرت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو بڕیار بوو کار بە سیســـتمی پەڕینەوە (عبور) نەکرێ، بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت ژمارەیەکی زۆری قوتابیانـــی زانکۆ لە یەک وانـــە و دوو وانە کەوتوون، بڕیار درا کار بەو سیستمە بکرێت.

ڕۆژی 2009/10/3 دوای ئـــەوەی ڕێژەی دەرنەچووانی زانکـــۆکان ڕەوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرا، کە ژمارەیان 2750 قوتابی بـــوو ئەنجوومەنی وەزارەت، بڕیاریدا جارێکی دیکە کار بە سیستمی پەڕینەوە بکرێ بۆ یەک وانەی وەرزی و دوو وانەی کۆرسی.

د.مستەفا زەنگەنە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتـــی خوێندنی باڵا لـــە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان لەگەڵ پەیڕەو کردنی سیســـتمی پەڕینەوەدا نیـــن، بەڵام "کاتێـــک بزانیـــن بڕیارێک لـــە بەرژەوەندی قوتابیاندایە و ئەگەر جێبەجێ نەکرێ گرفت بۆ قوتابیان دروســـت دەبـــێ، ئەوا بڕیارەکە جێبەجێ دەکەین، بۆیە بڕیارماندا ئەمساڵیش سیستمی عبوور پەیڕەو بکەین".

د.مســـتەفا زەنگەنە، ڕەتیکردەوە پەیڕەو کردنی سیســـتمی پەڕینەوە لەژێر فشـــاری دەرەکـــی بووبێـــت، گوتی "ئەوە قســـەی ئەملاو ئەولایـــە، ئەگەر ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرابووایە 2750 قوتابی بێبەش دەبوون لە ساڵێکی خوێندن، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی قوتابی و ئابووری کەسوکاری دەبوو".

لەئۆکتۆبەری ساڵی 2006 کۆنفرانسێکی زانستی بەسترا بۆ پێداچوونەوەبە سیستمی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، هەر لەو کۆنفرانسەدا بەتێکرای دەنگ بەباش زانرا سیستەمی پەرینەوە لەزانکۆ نەمێنێت، هەرچەندە لە دوای ئەم کۆنفرانســـە هەموو ساڵێک وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دەدات، کە سیستەمی پەڕینەوە پەیرەو ناکرێت، بەڵام دواتر پەیڕەوی دەکات.

د.سەعید سلیڤانەیی، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی ســـەلاحەددین بۆ کاروباری زانستی، دەڵێت پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ دەستپێکی خوێندن خۆی یەکلا بکاتەوە کە سیســـتەمی پەڕینەوە پەیڕەو دەکات یان نا "ئەوکات قوتابی لەرووی دەروونیەوە سەقامگیر دەبـــێ و پلان بۆ خوێندنی خـــۆی دادەنێ، هەوڵدەدات لەو بابەتەی کە تێدا لاوازە ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە، بەڵام ئێســـتا قوتابی تا کۆتایی ساڵ لەبارێکی ناسەقامگیری دەروونی دەژی کە ئایا سیستەمی پەڕینەوەی پەیرەو دەکرێت یان نا".

گوتیشـــی"هەموو ســـاڵێک وەزارەت و زانکۆکان لەسەرەتای خوێندن بەگوێی قوتابی دەدەن، کە سیســـتەمی پەڕینـــەوە پەیڕەو ناکرێت، بەڵام زۆرجار بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکـــی لە زانکـــۆ بەفەرمانێـــک بڕیارەکە هەڵدەوەشێتەوە".

ڕێکخـــراوە خوێنـــدکاری و قوتابییەکان یەکێکن لـــەو لایەنانەی کە لە ژێر فشـــاری قوتابیان بـــە تایبەتی ئەوانـــەی دەرناچن، لـــەدوای خولی دووەمـــی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان ئەو بابەتە دەوروژێنن. زۆرجاریش ئەوە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ بە دەستێوەردانی دەرەکی لە قەڵەم دەدرێ.

عومەر بەکر، بەرپرســـی پەیوەندییەکانی ســـکرتایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، نەیشـــاردەوە کـــە ئەوە داواکاری ســـاڵانەی ئـــەوان بووە لـــە وەزارەتـــی خوێندنی باڵاو گوتیشی "یەکێتی قوتابییان لەگەڵ ئەوەدایە پرۆســـەی خوێندن و زانست بەرەو پێشەوە بچـــێ، بـــەڵام پێمانوانییە، پەیـــڕەو کردنی سیستەمی پەڕینەوە لەئاستی زانستی قوتابی کەمبکاتـــەوە، هـــەر بۆیـــەش بەبەردەوامی بەرگریمان لە مانەوەی کردووە، چونکە هیچ مەعقوڵ نییە، قوتابی لەســـەر یەک وانە یان دوو بابەتی وەرزی ساڵێک خوێندنی بەفیڕۆ بروات".

**لە ژێر فشار ئەو بڕیارەمان نەداوە**
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا

# راپۆرت



**هەورامی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێ**

**رووداو - هەولێر**

سەرچاوەیەکی تایبەت بە (رووداو)ی راگەیاند فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێک پرسیاریان لەبارەی گرێبەستە نەوتییەکان و پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی DNO ی نەرویجی ئاراستەی ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، سەرچاوەکە گوتیشی ئەگەر وەڵامی پێویستی پرسیارەکان نەدرێتەوە ئەوە ئاشتی هەورامی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێ.

## کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان:

# لەدوای هەڵبژاردنەوە راگەیاندنی یەکێتی کەوتووەتە تۆمەت دروستکردن و قسەی ناشرین



فریاد محەممەد
Fryad_blbas78@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە کۆمەڵێک شتی تایبەتیان لە سەر بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیرانی راسپێردراوی کوردستان هەیە و لە رۆژی متمانە پێبەخشینیدا ئاشکرای دەکەن.

پەرلەمانی کوردستان لە چوارەم دانیشتنیی خۆیدا لە رۆژی 2009/9/16لەکۆی 101 پەرلەمانتاری ئامادەبوو بە دەنگی 73پەرلەمانتار د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و ئازاد بەرواری بە جێگری سەرۆک وەزیران دەستنیشانکرد، بەڵام ئەندامانی فراکسۆنی گۆڕان و هەندێک لە ئەندامانی خزمەتگوزاری و چاکسازی دەنگیان پێ نەدا .،سەبارەت بە هۆکاری دەنگ نەدان بە بەرهەم ساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان گوتی"لەبەر سێ هۆ دەنگمان پێنەدا : یەکەم ئێمە ئۆپۆزیسیۆنین و ناچینە حکومەت، ئۆپۆزیسیۆنیش هەڵوێستی وایە دەنگ ناداتە حکومەت،دووەم ئێمە تێبینیمان لە سەر شێوازی دانانی سەرۆک وەزیران و جێگرەکەی هەیە،سێیەم کۆمەڵێک شتمان هەیە لەسەر شەخس وکەسی دکتۆر بەرهەم ساڵح هەیە کە لەرۆژی متمانە پێبەخشینی ئاشکرای دەکەین ودەیخەینەڕوو".

رۆژی 2009/10/1 مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بەرهەم ساڵح وئازاد بەرواری راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەر یەک لەدکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەکابینەی شەشدا کەسانی تەکنۆکرات و شارەزا دەکرێنە وەزیرو لەپۆستە باڵاکان دادەنرێن، بەڵام کوێستان محەمەد پێیوایە بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی هەر دوو حزبەکەوە کەسەکان بۆ پۆستە باڵاکان دادەنرێن "رێزم هەیە بۆ ئەو دوو بەرێزە کە باس لە دانانی خەڵکی پرۆفیشناڵ بۆ پۆستەکان دادەنرێنن،من نازانم کێن ئەو کەسانەی دەستنیشان دەکەن،بەڵام دانانی کەسەکان لەدەسەڵاتی دکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری نییە،هەموومان سستمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە دەزانین و مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دادەنێنن و خەڵکیان بەسەر دەسەپێنن،ئەوان رازی بن یاخود نا،بۆیە دکتۆر بەرهەم و ئازاد بەرواری خەڵک دانانێن،من نازانم کێ دادەمەرێنن،بەڵام هیوام وایە دەرس وەربگرن لە بەڕێوەبردنی 18ساڵەیان کە شکستیان هێناوەو و سەرکەوتوو نەبوون و کەسانی شیاو دابنێن، خراپی سستمی بەڕێوەبردنی ئێمە ئەمەیە کە لە جیهاندا پەرلەمان بە تەنیا سەرۆکی حکومەت دەستنیشان دەکات،کەچی لەلای ئێمە هەر دوو بە یەکەوە دەستنیشان دەکرێن،ئەمەش جارێکی

> **دکتۆر بەرهەم ئەگەر لەدانانی وەزیرەکانی یەکێتی بۆچوونی وەربگیرێت، بەڵام لە دانانی وەزیرەکانی پارتی هەر پرس وراشی پێناکرێت**

دیکە دووبارەکردنەوەی سیستەمی پەنجا بە پەنجایە، لە دنیا سەرۆکی حکومەت خۆی دەچێت خەڵکی تەکنۆکرات و شیاو دەدۆزێتەوەو دەیخاتە بەردەم پەرلەمان تا دەنگی پێبدات، بەڵام ئەو دوو بەرێزە کە دەچنەوە، مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کەسەکان دەستنیشان دەکات،من زۆر دڵنیام دکتۆر بەرهەم ئەگەر لەدانانی وەزیرەکانی یەکێتی بەو پێیەی جێگری سکرتێری یەکێتیە راو بۆچوونی هەبێت ووەربگیرێت، بەڵام هیچ دەسەڵاتی نییە لە دانانی وەزیرەکانی پارتی و هەر پرس وراشی پێناکرێت، کەواتە خراپی ئەم سستەمە ئەمەیە کە ئەو دوو کەسە بە یەکەوە

> **ئەگەر عوسمان بانیمارانی حەز بکات بێتەوە پەرلەمان و کار بکات هەموومان پێشوازی لێدەکەین چونکە پیاوێکی بوێرو بە توانایە**

دەستنیشان دەکرێن بۆ سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران، خۆیان لە دانانی کەسەکان ئاگادار نین،بۆیە مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکە دایان دەنێن و ئەمەیە کە ئەو دوو بەرێزە لەئێستاوە دیارە سەرکەوتوو نابن لە کارەکانیان".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان رەتیکردەوە عوسمان بانیمارانی کە یەکێکە لە بەرپرسانی گۆڕان لە هەولێرو کاندیدی گۆڕانیش بوو بۆ پەرلەمان، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان هەبێت .کوێستان محەمەد لەمبارەیەوە گوتی"لە سەرەتای دروستکردنی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دانانی بەرێزان نەوشیروان مستەفا و محەمەد تۆفیق رەحیم و عوسمان بانیمارانی بۆ بەهێزکردنی لیستەکە بوو، چونکە ئەو سێ کەسە کە کەسی دیارو خۆشەویستن، هەر لە سەرەتاشەوە خۆیان بڕیاریاندابوو نەچنە پەرلەمان لەبەر دوو هۆ،یەکەم بۆ خۆ تەرخانکردنیان بوو بۆ بزوتنەوەی گۆڕان، عوسمان بانیمارانیش وەک کادیرێکی دیارو خۆشەویستی هەولێر کار دەکات، هۆکاری دووەمیش بۆ وازهێنانیان رەخساندنی دەرفەتە بۆ گەنج تا لە پەرلەمان کار بکەن".

کوێستان محەمەد رەتیشیکردەوە کێشە لەنێوخۆی فراکسۆنی گۆڕان هەبێت بۆ گەڕانەوەی بانیمارانی "هیچ کێشەیەک لەنێوان فراکسیۆنی گۆڕان و عوسمان بانیمارانی نییە،بانیمارانی هیچ کێشەشی بۆ فراکسیۆنی گۆڕان نەناوەتەوە،ئەگەر کاک عوسمان حەز بکات بێتە پەرلەمان و کار بکات هەموومان پێشوازی لێدەکەین، چونکە پیاوێکی بە جورئەت و توانا و هەڵسوراوە، لەبەر ئەوەی ئەو دوو ساڵەی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بووە لە پەرلەمان هەموو لایەک شایەدی بۆ تواناکانی دەدەین، ئەو جۆرە دەنگۆیانەش پروپاگەندەی هەڵبەستراوی نەیارانمانە بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بگەیەنن فراکسیۆنی گۆڕان کێشە لەنێوانیاندا هەیە و بوون بە دوو بەش،دڵنیام ئەو ئاواتەیان کە ئێمە ببینە بە دوو بەش هیچ کاتێک نایەتە دی".

فراکسیۆنی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە لەنێو دانیشتنەکانی پەرلەماندا بێدەنگن، بەڵام کاتێک هاتنە دەرەوە لە رێگای میدیاکانەوە قسە دەکەن ورەخنە دەگرن، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان گوتی"ئەم تۆمەتانە پتر لەنێو راگەیاندنی یەکێتی دەکرێت، ئێمە پێمان ئاساییە ئەو تۆمەتانە ئاراستەمان بکرێت، ئەوە قسەی نا راست و هەڵبەستراوە، بێگومان لەدانیشتنی یەکەم تا چوارەمیش قسەمان هەبووە،ئەوانەی لەپەرلەمان کار دەکەن زۆربەیان شایەدی بۆ ئەوە دەدەن کە تێبینی و قسەکانی ئێمە مەنتقی بووە، ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان کەسانی بە تواناو لێوەشاوەن، ئەمانە پروپاگەندەن و دەچێتە چوار چێوەی تەشهیرکردن، دوای هەڵبژاردنی 7/25 یەکێتی کەوتووەتە تۆمەت دروستکردن و تەشهیرکردن بە سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان و فراکسیۆنی گۆڕان، بە لای ئێمەوەش ئەمە حالەتێکی ئاساییە،چونکە لە هەڵبژاردنی 25-7 یەکێتی شکستێکی گەورەی بەرکەوتووە و دووچاری حالەتێکی بە داخەوە نا ئاسایی بووەتەوە کە کەوتووەتە تەشهیرو پروپاگەندەو قسەی ناشیرین بۆ ئێمە،دیارە کاتی دەوێ تاکو ئەو برادەرانە وەزعیان ئاسایی دەبێتەوە و مەسەلەی ئۆپۆزیسیۆن بە شتێکی ئاسایی وەردەگرن، دوای ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی واقیعی بوونی خۆی سەلماند و سەرکەوتنێکی گەورەو 25کورسی بەدەست هێنا، لەبەرامبەردا شکستێکی گەورە بەر لایەنەکانی دیکە کەوتووە و ئەمەش دووچاری حالەتێکی نا ئاسایی کردن کە پەلامار بدەن، پەلاماردانێکی نا رەوا رەنگە ئەمەش بەردەوام بێت تا ماوەیەکی دیکە ڕا دێن لە سەر ئەوەی کە بەڵێ لەم هەرێمەدا ئۆپۆزیسیۆن هەیە، ئەوان 18ساڵە دەسەڵاتدارن و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەو هەرێمە لەبەر دەستی خۆیاندا بووە،گوێ و چاو و بیروبۆچوونیان بە ئۆپۆزیسیۆن رانەهاتووە،ئەم حاڵەتە نا ئاساییە دووچاری ئەو حاڵەتیان کردوون کە تۆمەت دروست بکەن و تەشهیر بکەن و راگەیاندنەکانیان تەنیا تەرخان بکەن بۆ قسەکردن لەسەر ئێمە،کاتێکیش گوێ و مێشکیان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان را هات ئەو کات بە شێوەیەکی ئاسایی ئەمە خاودەبێتەوە".



کوێستان محەمەد (فۆتۆ: رووداو)

> **پرۆژەیەکمان بۆ کەمکردنەوەی مووچەی سەرۆک وەزیران و پەرلەمانتاران بەدەستەوەیە**

لە کاتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، زۆر لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان ئاماژەیان بۆ کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران دەکرد،بەڵام ئێستا ماوەی دوو مانگ بە سەر دەستبەکاربوونی پەرلەمان تێپەریوە هیچ فراکسیۆنێک بگرە پەرلەمانتارێکیش باسی لە پرۆژەی کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتاران ناکەن،سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەمبارەیەوە دەڵێت"ئێمە پرۆژەیەکمان بە ژمارەیەک ئابووریناس داوە،بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ کەمکردنەوەی مووچە تایبەتیەکان بە گشتی،نەک تەنیا مووچەی پەرلەمانتاران بەڵکو مووچەی سەرۆک وەزیران و وەزیریش زۆرە،دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت،مووچەی فەرمانبەرانی خوارەوە لەبەرامبەردا زۆر کەمە،ئێمە پرۆژەکەمان ئامادەیە بەڵام پێمانوایە هەندێک کەمو کوڕی تێدایە، بۆیە داومانە بە ئابووریناسێک بەناوی د. محەمەد رەئوف کە ئابووریناسێکی شارەزایە بۆ پێداچوونەوە،بەڵام هەر کاتێک لەرووی یاسایی و زانستی ئابووریەوە تەواو بوو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەین".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان رەتیکردەوە ئەو سەرۆکی حکومەتی سێبەر بێت و گوتی"تا ئێستا ئێمە کارمان لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکردووە ".

## بەرهەم ساڵح بەڵێن دەدات لەگەڵ دەستبەکاربوونی رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە

# دوورونزیک پێیان نەگوتووم سەرۆک وەزیرییەکەم تەنها بۆ 2 ساڵ دەبێت

**رووداو-هەولێر**

بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کە لەگەڵ جێگرەکەی ئازاد بەرواری، رۆژی 9/30 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان راسپێردران بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەت، لەبەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا بەشێک لە کارنامەی کابینەکەی راگەیاندو گوتی کابینەکەی کابینەی شەفافیەت و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و باشکردنی گوزەرانی خەڵک دەبێ، بەڵام ئۆپۆزسیۆن گومانی هەیە کە بەرهەم ساڵح لە کارەکەی سەرکەوتوو بێ.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان لە بەرنامەی "گەرمام و گەرم"دا دیدارێکی لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سازدا، یەکەم پرسیار کە رووبەڕووی بەرهەم ساڵح کرایەوە ئەو دەنگۆیەی نێو خەڵک و میدیاکان بوو کە ئایا بەرهەم ساڵح بۆ ماوەی 2 ساڵ یان 4 ساڵ سەرۆکی حکومەتە، ئەویش ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوەو گوتی "نە لە دوور و نە لە نزیک باسی ئەو بابەتە نەکراوە و پارتی و یەکێتی پابەند بوونی خۆیان بە رابردوو دووپات کردووەتەوەو لەسەر ئەو بنەمایەش وەکو لیستی کوردستانی دەستبەکار دەبین".

لیستی کوردستانی کە خاوەنی 59 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، دەتوانێ بە تەنیا کابینەی شەشەم پێکبهێنێ، بەڵام لەگفتوگۆدایە بۆ ئەوەی لایەنەکانی دیکەش بێنێتە نێو حکومەت. هەروەها بۆ وەرگرتنی راوپێشنیازی لایەنەکانی دیکە د.بەرهەم لەگەڵیان کۆبووەتەوە.



د.بەرهەم ساڵح لە کاتی هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

بەرهەم ساڵح رایگەیاند لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان بە فراکسیۆنی گۆڕانیشەوە قسە دەکەن و راوێژیان پێدەکەن "ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانە قسە دەکەین ئەگەر پێشنیازی باشیان هەبوو لێیان وەردەگرین، ئەگەر کەموکوڕیشمان هەبوو با رەخنەمان لێبیگرن، کە باشیمان کرد با باشمان پێبڵێن". رۆژی 10/3 بەرهەم ساڵح لەگەڵ نەوشیروان مستەفا سەرۆکی کۆمپانیای وشەو سکرتێری هەردوو حیزبی سۆسیالیست وزەحمەتکێشان کۆبووەوە.

کابینەی رابردووی حکومەت لە 42 وەزیر پێکهاتبوو،بەڵام لیستی کوردستانی لەکارنامەکەی خۆی بڕیاریدا کابینەکە بۆ 21 وەزارەت بچووک بکاتەوە، بەرهەم ساڵحیش رایگەیاند کار بەو کارنامەیە دەکەن و بڕیاریانداوە کابینەکەیان لە 19 وەزارەت پتر نەبێ، ئەو گوتی "دوای گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی و سەرۆکی هەرێم، گەیشتینە ئەو سیغەیەی کابینەکە 19 وەزارەت بێ، ئەو 19یە سەرو زیادە، ئەگەر بچکۆڵەتریشمان بکرایەتەوە باشتریش دەبوو".

هەروەها ناوبراو مەرجی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی ئاشکرا کردو گوتی "نابێت هیچ پەیوەندییەکی بە دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس هەبووبێ، شارەزایی و پسپۆریان هەبوبێ لەو وەزارەتەی کە وەریدەگرن، هەروەها چاودێری دارایی ئێرەو بەغداش ئەستۆپاکیان بداتێ".

سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی ئاشکرایکرد، ئەو کابینەیە لە دەستنیشانکردنی وەزیران جیا دەبێت لەوانی رابردوو، وەک وڵاتانی دیکە دەبێ وەزیر و سەرۆک وەزیران سەرمایەی خۆیان ئاشکرا بکەن و چاودێری داراییش ئەستۆپاکیان بداتێ. سۆزان گوتی "ئێمە لیژنەی نەزاهەمان لە پەرلەمان دامەزراندووە و لە داهاتووشدا دەستەی نەزاهە دادەمەزرێنین، ئێستا وەکو لیستی کوردستانی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەمان ئامادە کردووەو چاوەڕێی دەستبەکاربوونی حکومەت دەکەین کە پرۆژە یاسایەکە بدەینە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوای دامەزراندنی دەستەی نەزاهە، هەموو کەسێک کە پۆستێکی گشتی وەردەگرێ دەبێ سەروەت و سامانی خۆی ئاشکرا بکات".

بەڵام عەدنان عوسمان، ئەندامی لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەو باوەڕەدایە ئەو کارە سەرناگرێ و دەڵێت "لەبەر ئەوەی سیستمێکی رێکوپێکی باج نییە، زەحمەتە بتوانرێ ئەو کارە بکرێ، جگە لەوەش زۆربەی بەرپرسان سەروەت و سامانیان بە ناوی خۆیان نییە و بەناوی فڵانە کەس و فڵان خزمیان کردووە، تا سیستمێکی باجی رۆشن نەبێ، ناتوانرێ بزانرێ فڵان بەرپرس و وەزیر چی هەیە و چی نییە، بۆیە چاودێری دارایی لەو کارەی سەرکەوتوو نابێ".

د.بەرهەم راشیگەیاند کە وەزیرەکانی حکومەتەکەی خزمی پلە یەکی هیچ لێپرسراوێکی باڵای تێدا نابێ. گوتیشی "ئەو ناوانەی تا ئێستا لە لیستی کوردستانی و پارتی و یەکێتی قسەیان لەسەر کراوە لەوانەیە کەسانی وای تێدا بێ هیچ پەیوەندی راستەخۆیان بە پارتی و یەکێتییەوە نەبێ".

بەرهەم ساڵح ئەوەشی ئاشکرا کرد سیستمی دوو عەمووودی وەزارەتەکان وەک لەکابینەی رابردوو هەبوو عەمودێک بۆ پارتی و عەموودێک بۆ یەکێتی نامێنێ، بەڵام عەدنان عوسمان، بە گومانە کە بەرهەم ساڵح لەو لایەنەوە سەرکەوتوو بێ و گوتی "هەر خودی دانانی جێگری سەرۆکی وەزیران لەلایەن پەرلەمان نیشانەی دوو عەموودیەکەیە، چونکە لە هیچ وڵاتێکدا نییە دوو کەس راسپێردرێن بۆ پێکهێنانی حکومەت".

عەدنان پێیوایە عەقڵی ئیداری ئەو دوو حیزبە گۆڕانێکی وایان بەسەر نەهاتووەو بە هەمانشێوازی جاران مامەڵە دەکەن و گوتی "کاک بەرهەم و کاک ئازاد تەخویل نەکراون بۆ کابینەکەی خۆیان خەڵک دەستنیشان بکەن، پێموایە موقیعیەتی حیزبی و تەکەتولاتی نێو حیزب و بەرژەوەندی حیزب، کەسەکانیان پێدەسنیشان دەکەن، وەک چۆن کاتی خۆی لیستێکی 42 کەسیان تەسلیمی کاک نێچیرڤان بارزانی کرد، هەمان شتیش بۆ ئەوان دەکرێ، گۆڕانێکی زۆر گەورە روونادات".

هەرچی سۆزان شەهابە دەڵێت "بەهیچ جۆرێک دەستتێوەردان نابێ لەدەستنیشانکردنی وەزیرەکاندا".

هەندێک لە چاودێران بە گومانەوە دەڕواننە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، کە دەسەڵاتی سەرتاسەرییان هەبێ لە کوردستان، بە تایبەتی تا ئێستا وەزارەتی دارایی بە فیعلی یەکی نەگرتووەتەوەو هێزەکانی ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکانیش یەکیان نەگرتووەتەوە.

بەرهەم ساڵح لەو بارەیەوە گوتی "من داوای ئەو پۆستەم نەکردووە و ئەو پۆستەش بۆ ئێمە شەرەفێکی گەورەیە، جا ئەگەر من لە هەولێرو دهۆک دەسەڵاتم نەبێ و کاک ئازاد نەتوانێ لە سلێمانی ئیش بکات، ئیدی دوای 18 ساڵ دەبێ بپرسین ئێمە بەرەو کوێ دەڕۆین".

عەدنان عوسمان بەگومانەوە لە دەسەڵاتی سەرتاسەری سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دەڕوانێ، ئەو گومانەشی لەسەر ئەوە بنیات ناوە کە تاوەکو ئێستا حکومەت بە تەواوی یەکی نەگرتووەتەوە "شێوازی دەستنیشانکردنی کابینەکە لەوەدایە کە پارتی و یەکێتی ناتوانن یەک بگرنەوە، تا ئێستاش دوو ئیدارە هەیە، تەنانەت ئەو وەزارەتانەی یەکیان گرتووەتەوە، یەکگرتنەوەیەکی راستەقینە نەبووە".

سۆزان شەهاب لەو باوەڕەدا نییە کە سەرۆکی حکومەت دەسەڵاتی سەرتاسەری نەبێ و دەڵێت "نە خودی د.بەرهەم و نە ئەو حیزبانەی کە بەشداریش دەکەن لەنێو کابینەدا ئەو شتە قبوڵ ناکەن، ئەوە تەنیا قسەی هەندێک لایەنە کە حەز دەکەن پارتی و یەکێتی کێشەیان لەنێواندا هەبێ".

لە چەند ساڵی رابردوودا یەکێک لە پرسیارەکانی خەڵک ناروونی بودجە بووە، تەنانەت خودی پەرلەمانتارانیش ئەو پرسیارەیان هەبووە. بەرهەم ساڵح، خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە کە بودجە وەکو ساڵانی رابردوو ناچێتە پەرلەمان و گوتی "من بەڵێن دەدەم بە مەرجێک حکومەت زوو تەشکیل بکرێ، زوو کار لەسەر دەستنیشانی بودجە بکەم، بودجە مەرجی یەکەمی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە، بودجەیەکی کراوەیی شەفاف بگاتە پەرلەمان مەرجی ئەساسی بەڕێوەبردنی وڵاتە". گوتیشی "بەرنامەمان هەیە کار لەسەر یاسای دەستەی نەزاهە و یاسای تەمویلی حیزبەکان بکەین".

د.بەرهەم ساڵح راشیگەیاند کە ئەو سەرۆک وەزیرانێکی مەکتەبی نابێت و گوتی"ئەگەر مەکتەبی ئیشم کرد، وەرنە لام و بڵێن خەڵک چاوەڕێی ئەوە بوو لە کۆڵانەکانی کانی کوردەو کانی گۆمە و هەڵەبجە و بیارەو سۆران بتبینێ، بە بیرمان بهێننەوە کە ئێوە بڕیارتاندا حکومەتێکی خاکی بن نەک مەکتەبی".



> **ئەوانەی پۆستێکی گشتی وەردەگرن دەبێ سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن**
>
> سۆزان شەهاب
> سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی کوردستانی



> **زۆربەی بەرپرسان سەروەت و سامانیان بە ناوی خۆیان نییە و بەناوی خزمەکانیان کردووە**
>
> عەدنان عوسمان
> پەرلەمانتار لەسەر لیستی گۆڕان

## ڕیپۆرتاژ

### پارتە بەشدارەکانی حکومەت لە لیستی هاوپەیمانیش بەشدار دەبن



ڕووداو-دەنگەکانی عێراق

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕایگەیاند کەلە سەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی کوردستان و دابەشکردنی وەزارەتەکان بۆچوونی جیا لەنێوان پارتی ویەکێتی هەیە بەڵام ناکۆکی نییە. ئەسەسەرد ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندی هەیە لەنێوان دروستکردنی کابینەی شەشەمی حکومەت وپێکهێنانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق" بەڕای من زۆربەی ئەو پارتانەی لە حکومەت بەشدار دەبن، بەشداری لە پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش دەکەن".

## لە ڕێگەی وەسڵی وەهمی

# 500 ملیۆن دینار لە باجی زەوی و زاری 2ی هەولێر دەدزرێ



سالح قادر
Salihqader@yahoo.com

ڕووداو- هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی باجی زەوی و زاری هەولێر زیاتر لە 500 ملیۆن دینار لە ڕێگەی وەسڵی وەهمی دەدزرێ و لەسەر ئەو کارەش بەڕێوەبەرو دوو فەرمانبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەگوازرێنەوەو بەڕێوەبەرەکەش دەکرێتەوە فەرمانبەری ئاسایی.

فەرمانبەرێکی ئەوبەڕێوەبەرایەتییە کەنەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دزییەکە بەهۆی چاودێری دارایی ئاشکرا کراوە، دوای ئەوەی سەردانی فەرمانگەکەیان کردووە و لێکۆڵینەوەیان لەو پارانە کردووە کە وەرگیراون دەرکەوتووە زیاتر لە 500 ملیۆن دینار بەهۆی وەسڵی وەهمییەوە دزراوە.

بەڕێوەبەرایەتی باجی زەوی و زار تا ساڵی 2004 یەک بەڕێوەبەرایەتی بووە، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی شاری هەولێر، لەو ساڵەدا کراوەتە دوو بەڕێوەبەرایەتی، بەڕێوەبەرایەتی باجی زەوی و زاری یەک و دوو. کە (ئ.ک.ر) کارگێڕی ناوچەی فەرمانبەرانی پارتییە، کراوەتە بەڕێوەبەری باجی زەوی و زاری دوو.

دیوانی چاودێری دارایی کە ئەرکی چاودێرکردنی خەرجی و داهاتی فەرمانگەکانی حکومەتە، بەر لە مانگی ڕەمەزان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی باجی زەوی و زاری دووی کردووە، دوای زیاتر لە 15 ڕۆژ وردبینی کردن بۆی دەرکەوتووە کە پارەیەکی زۆر لە فەرمانگەیە دیار نەماوە.

ئەو سەرچاوەیەی (ڕووداو) کە فەرمانبەری باجی زەوی و زاری یەکە ڕایگەیاند "دوای ئاشکرا بوونی دزییەکە لە باجی زەوی و زاری 2 تەلەفۆنیان بۆ کردین، گوتیان نۆرەی ئێوەش دێ و چاودێری دارایی سەردانی ئێوەش دەکات". سەرچاوەکە گوتی "من بۆ خۆم لە زاری لێژنەکەی چاودێری دارایم بیست، کە پتر لە 500 ملیۆن دینار لە باجی زەوی و زاری دوو دزراوە". سەرچاوەکە گوتی "لێژنەکە گوتیان دزییەکە لە ڕێگەی وەسڵی وەهمییەوە کراوە، کە لە بازاڕ دروستکراون و ئەو وەسڵە وەهمیانە دراونەتە ئەو کەسانەی باجیان داوەو پارەکەش لە سندوقی فەرمانگەکە تۆمار نەکراوە، یان ژمارەی وەسڵەکان لەگەڵ ژمارەی سندوقەکان یەک نەبووە".

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرا بوونی دزییەکەش سەرچاوەکە گوتی "فەرمانبەرێکی فەرمانگەکە بە لێژنەی چاودێری دارایی گوتبوو، ئێوە هیچتان وردبینی نەکردووە، ئەگەر تۆمارەکان بگەڕێن لەنێو ئەو سجلانە ژمارەی ئەو وەسڵەی کە لەسجلەکە داخڵ کراوە لەگەڵ سندوق بەراورد بکەن ئەگەر یەک نەبوون دەنا تەزویر کراوە".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا کە دزییەکە بە جۆرێکی دیکەش کراوە "بۆ نموونە هەبووە 2 ملیۆن قەرزار بووە، یەک ملیۆنیان لێوەرگرتووەو قەرزەکەیان بۆ سڕیوەتەوە و لە سجلەکانیش وەسڵێکی وەهمیان داناوە، کەچاودێری دارایی وەسڵەکەی لەگەڵ سندوق بەراورد کردووە نەبووە".

سەرچاوەکەی (ڕووداو) باسی لەوەشکرد کە دزییەکە لەدوای ئەوەی فەرمانگەکە کراوەتە دوو بەش دەستپێکردووە و ئەو لەو باوەڕەدایە کە دزییەکە زۆر لەوە زیاترە "چاودێری دارایی لە 2004 ەوە سەردانی ئەو فەرمانگەیەی نەکردووە، وەسڵەکان زۆر زۆرن، ساڵانە لەوانەیە 1000 دەفتەر وەسڵ بەکاربهێنن ئەو هەموو وەسڵە بە چاودێری دارایی بەراورد ناکرێ، ئەوان بەشێکیان بەراورد کردبوو، هەر ئەوەی دەستیان بۆ بردبوو وەهمی بوو". سەرچاوەکە گوتیشی

**بابەتەکە هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە**

سەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی

"باوەڕ ناکەم چارەکێکی وەسڵەکانیان بەراورد کردبێ، لەو باوەڕەش دام 20%ی ئەو پارەیەی هاتووەتە ئەو فەرمانگەیە دزرابێ".

ئەو فەرمانبەرە گوتی "بەڕێوەبەری باجی زەوی و زاری دوو کە ناوی (ئ،ک.ر) لەگەڵ دوو فەرمانبەری د یکە بەنێوی (م.چ)و (ز) دەستیان لە کارەکەدا هەبووە و ئیجرائاتیشیان لەگەڵ کراوە، بەڕێوەبەرەکە کراوەتە فەرمانبەرێکی ئاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی باجەکان و دوو فەرمانبەرەکەش بۆ شوێنێکی دیکە گواستراونەتەوە".

(ڕووداو) چەندینجار پەیوەندی بە بەڕێوەبەری لەسەر کار لادراوی باجی خانووبەرەی 2 کرد، بەڵام ناوبراو وەڵامی پەیوەندییەکانی (ڕووداو)ی نەدایەوە.

هەر لەو بارەیەوە سەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی لە لێدوانێکی بۆ (ڕووداو) ڕاستی هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "بابەتەکە هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوە ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان بۆ وەزارەتی دارایی بەرز دەکەینەوە"، سەبارەت بە بڕی پارە دزراوەکەش، سەرچاوەکەی چاودێری دارایی گوتی "تا لێکۆڵینەوە تەواو نەبێ دیار نییە،ڕەنگە 500 ملیۆن دینار دیار نەمابێ، لەوانەشە زیاتر بێ یان کەمتر".

لە شاری هەولێر چەندین خاوەن موڵکی گەورە (مەلاک) هەن، کە دەبێ ساڵانە 9%ی کرێی موڵکانیان وەکو باج بدەنە حکومەت، ئەو فەرمانبەرەی زانیارییەکانی داوەتە (ڕووداو) گوتی مەلاکی زۆر گەورە لە هەولێر هەن، کە هەریەکەیان نزیکەی 800- 1000 دوکانی هەیە، جگە لەو هەموو شوققە و ئوتێلەی هەن، ئەو گوتی ئەگەر خەڵکەکە پارەکە بەتەواوی و لە کاتی خۆی بدات، باجی زەوی و زار داهاتێکی گەلێک زۆری هەیە، چونکە مەلاک هەیە بە تەنیا ساڵانە 20 ملیۆن دینار باج دەدات.

ئەو فەرمانبەرە ئاماژەی بەوەدا کە دزیکردن لەو فەرمانگەیە زۆر ئاسانە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە فەرمانبەرەکان سەرەڕای ئەوەی لە کارەکانیان ماندوو دەبن ئیمتیازیشیان زۆر کەمە. ئەو گوتیشی "من ماوەیەکی زۆرە لەو فەرمانگەیەم تا ئێستا 7 بەڕێوەبەرم بەڕێکردوون، کە زۆربەیان لەسەر دزی لەسەر کار لادراون، بەڕێوەبەر هەبووە بەکراس و پانتۆڵێک هاتووەتە فەرمانگەکە، دوای 2 ساڵ 3- 4 خانووی کڕیوە، باشە ئەگەر ئەو کەسە دزی نەکات چۆن دەبێتە خاوەن خانوو"، ئەو گوتیشی " نزیکەی 40 فەرمانبەری ئەو فەرمانگەیەش هەر لەسەر دزیکردن گواستراونەتەوە، فەرمانبەر هەبووە پارەی سندوقی بە تەواوی دزیوەو رایکردووەتە دەرەوە".

سەرچاوەکەی (ڕووداو) پێیوابوو ئەگەر چاودێری دارایی 6 مانگ جارێک یان ساڵی یەکجار سەردانی فەرمانگەکە بکات، ئەو جۆرە دزییانە روو نادات.



مرێوەبەرایەتی باجی زەوی و زاری هەولێر

(فۆتۆ:ڕووداو)

# کەرکووک یەکێتی و گۆڕان تاقیدەکاتەوە



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

وەک خۆ ئامادەکردن بۆهەریەک لەهەڵبژاردنەکانی کەرکووک و پەرلەمانی عێراقی، یەکێتی سەرکردە دیارەکانی خۆی دەنێرێتە کەرکووک، تا یلەو هەڵبژاردنانەدا ڕووبەڕوی هەمان ئەنجامەکانی سلێمانی نەبێتەوەو مام ڕۆستەم بازیانی، کە یەکێکە لەسەرپەرشتیکارانی تیمی بانگەشەی گۆڕان لەکەرکووک دەڵێ، تازە ئەگەر هەموو یەکێتی بچنە کەرکووک، ئەو شارەیان لەدەست داوەو نایبەنەوە . بەرپرسی مەکتەبی بیر و هوشیاری یەکێتیش پێیوایە کە یەکێتی بووەتە قوربانی هەڵەی ئیداری .

### سەرکردەکان دەڕۆن بۆ کەرکووک

دوابەدوای کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنە پەرلەمانی و سەرۆکایەتیەکەی 25تەمموزی رابردوو، تاڵەبانی لە سەرپەرشتی کردنی یەکەمین کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیدا، جەختی لەبەخۆداچوونەوەی یەکێتی و بەهێزکردنەوەی کردەوەو گوتیشی "لەمەودوا خۆم سەرپەرشتی نوێ بونەوەی یەکێتی دەکەم". ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی لەوبارەیەوە گوتی "دەبێت یەکێتی قورسایی خۆی ببات بۆ کەرکووک و لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هێزێکی زۆر نیشانی بەرامبەرەکەی بدات (کەمەبەستی لیستی گۆڕان)ە".

لە 2009/9/1 بەسەرپەرشتی تاڵەبانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کەرکووک کۆبونەوەو چەند ڕۆژێک دواتریش تاڵەبانی بۆخۆی لەو شارە مایەوە، لەکۆبونەوەی دواتری مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەهەولێر، بڕیاردرا، کەهەریەک لەکۆسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایزو عیماد ئەحمەد، سەرپەرشتی کەرکووک بکەن، کەسەرکردە بەهێزەکانی ئێستای کەرکون و گۆڕانیش لای خۆیەوە، تیمێکی بەهێزی بۆ سەرپەرشتی کردنی بانگەشەی هەڵبژاردن و ئامادەکارییەکان دیاری کردووە، کەلە جەلال جەوهەرو مام ڕۆستەم و کەسێکی تر پێکهاتووە.

سەرکردەکانی یەکێتی لەو بڕوایەدان، یەکێتی بەرنامەیەکی چڕ و پڕ و بەهێزی داناوە بۆ کارکردن لەکەرکووک ڕزگار عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی " یەکێتی بەو بەرنامەیە دەتوانێ خۆی ڕێک بخاتەوەو ئەوانەی دڵیان ڕەنجاوە ئاشتیان بکاتەوە ". مامۆستا جەعفەری بەرپرسی مەکتەبی بیر و هوشیاری یەکێتیش، ڕەخنە لەشێوازی ئیشکردنی پارتی و یەکێتی لە ناوچە جێناکۆکەکان و ئەو ناوچە عەرەبیانەی کە کوردیان تێدایە دەگرێت و دەڵێ، تائێستاش مامەڵەیەکی عەقڵانیان نییە بۆ ئەو ناوچانە، گوتیشی " کار بەوە ناکرێت، کەچەند کەسایەتیەک بانگ بکەیت و دەعوەتیان بکەیت و هاوکاریان بکەیت ".

یەکێک لەسەرپەرشتیکارانی بانگەشەی لیستی گۆڕانیش لەکەرکووک دەڵێ، ئەگەر هەموو سەرکردەکانی یەکێتیش بچنە کەرکووک، تازە یەکێتی کەرکووکی لەدەستداوە، مام ڕۆستەم بازیانی گوتیشی " یەکێتی وەک ئەو نەخۆشەی لێهاتووە، کەدکتۆر ئیزنی دەدات و بێگومان لەکەرکووکیش دۆڕاندویەتی ".

### سلێمانی دەبێت بەژێر کەرکووکەوە

دوای کۆبونەوەکەی تاڵەبانی لەبەرواری 2009/9/12 لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و دانانی لیژنەی سەرپەرشتی کردن بۆ شارەکان، ئەو چوار سەرکردەیە بۆ کەرکووک دیاری کران و سەعدی پیرەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیش بۆ موسڵ و ئەوەی کە لەو کۆبونەوەیەدا زۆر قسەی لەسەرنەکراوە، سلێمانی بووە، سەرچاوەیەک گوتی، خەمی لەدەست نەدانی کەرکووک، خەمی گەورەی ئێستای یەکێتییەو هەر بەوهۆیەشەوە سەرکردە کاریگەرەکانی بۆ ئەوێ دەنێرێت . ئەو سەرچاوەیە گوتیشی " پێدەچێت سلێمانی ببێت بەژێر فایلی کەرکووکەوەو یەکێتی زۆربەی هەرە زۆری وزەی خۆی لەوێ بەکاربهێنێت .



بەرزان ئەحمەد کوردە، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕەتی دەکاتەوە کەیەکێتی سلێمانی فەرامۆش بکات و دەڵێ، یەکێتی هەرگیز سلێمانی فەرامۆش ناکات، کوردە گوتیشی " لەڕۆژانی داهاتوو دەردەکەوێت کەیەکێتی چ هێزێکی هەیە بۆ سلێمانی و بەکاری دەهێنێت لەکاتی هەڵبژاردندا ".

ڕاوێژکاری تاڵەبانی بۆ هەڵبژاردن، بایەخدانی یەکێتی بۆ کەرکووک تەنها بۆ هەڵبژاردن ناگێڕێتەوەو دەڵێ، یەکێتی دەیەوێ سیاسەتێکی عەقڵانی و گرنگ لەبەرامبەر هەموو پێکهاتەکانی ئەو شارە دروست بکات و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان بەهێز بکاتەوە لەکەرکووک . لەتیف شێخ عومەر گوتیشی " کەس ناتوانێ هەرلەئێستاوە داهاتوو بخوێنێتەوە بڕیار بدات کەکێ لەکەرکووک براوەیە، بەڵام بەتەئکید براوە، پێکهاتەکانی ناو کەرکووک خۆیانن، نەک لایەنێکی سیاسی ".

### گۆڕان داشەکانی لەسەر دامەی کەرکووک دەجووڵێنێت

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەچەند سەرچاوەیەکی ناوشاری کەرکووکەوە دەست (ڕووداو)کەوتوون، بزووتنەوەی گۆڕان هەرلەدوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 25تەممزەوە، بانگەشەو ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن لەکەرکووک دەست پێکردووەو شێوازی ئیشکردنیشی لەکەرکووک، شێوازێکی تەواو جیاوازە. وەک ئەو سەرچاوانە باسیان کرد، ئێستا گۆڕان لەکەرکووک لەڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراو و گرووپی ناحکومی هونەری و ڕووناکبیری و وەرزشی و گەنجانەوە کار دەکات و ژمارەیەک ڕێکخستن و جوڵەی نهێنیشی دروست کردووە، تابتوانێ لەو ڕێگەیەوە دەنگدەرێکی بەرفراوان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ڕۆستەم بازیانی ناسراو بە مام ڕۆستەم، گوتی "ئێمە لەکەرکووک براوەین". بازیانی گوتیشی " ئێمە بۆ بانگەشە ئەم جۆرە لێدوانانە نادەین و ئەگەر وەزعی شارەکە نەبینین و خەڵک نەبینین و قسەیان لەگەڵ نەکەین، ئەو جۆرە تێڕوانینەمان نابێت ". بەڕای بازیانی، یەکێتی لەمێژە کەرکووکی لەدەستداوەو تازە ناتوانێ بەدەستی بهێنێتەوە، وەک ئەوئاشکراشیکرد، لیستی گۆڕان بانگەشەیەکی گەرمتر لەوەی سلێمانی لەکەرکووک بەڕێوەدەبات .

لەتیف فاتیح فەرەج نووسەرو ڕۆشنبیری شاری کەرکووک، کەهەر لەئێستاوە بۆخۆی هەستی بەدەست پێکردنی ململانێی توندی یەکێتی و گۆڕان کردووە لەکەرکووک، ململانێی نێوان هێزە کوردییەکان لەکەرکووک بەکارێکی نادروست دەزانێ و دەڵێ،ئەگەر بۆ هەرجێگەیەک ئەو ململانێیە ببێت، پێویستە بۆ کەرکووک، هێزە کوردییەکان بەشێوازێک کاربکەن، کەگفتوگۆو دانیشتنی نێوان خۆیان شێوازەکە دیاری بکات . فەرەج گوتیشی " پێویستە دیالۆگ بکەن ".

"تائێستاش بەشێک لەکادرو ئەندامانی یەکێتی لەو بڕوایەدان، کەیەکێتی بەو ئاستە خۆی فۆڕمات نەکردووەتەوە، کەبەڵێنی داوە ". یوسف گۆران



کوردێک لەگەڵ سەربازێکی ئەمریکی لە کەرکووک گفتوگۆ دەکات

(فۆتۆ:ڕووداو)

**دۆڕاندنی کەرکووک بۆ ورەی یەکێتی زۆر خراپە**

مامۆستایەکی زانکۆ

مامۆستای زانکۆی سلێمانی گوتیشی " بێگومان دۆڕاندنی کەرکووک کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر مەعنەویاتی یەکێتی و پارتیش دەبێت و پێویستە هەوڵی جیدی بدەن تائەو شارە نەدۆڕێنن".

هەرچۆنێک بێ وئەگەر تاڵەبانی دۆڕاندنی سلێمانی ئاسایی وەرگرت، بەڵام دۆڕاندنی کەرکووک قبوڵ ناکات و هەر لەبەر ئەوەشە کەسەرکردە دیارەکانی حیزبەکەی بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو شارە داناوەو بەپێی بڕیاری تاڵەبانی، کە (ڕووداو)لەسەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی دەستی کەوتووە، پێویستە ئەو چوار سەرکردەیە، بەبەردەوامی یەکێکیان لەکەرکووک بن تاکاتی هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەوەی کەئێستا دیارە، تائێستا لەو سەرکردانە لەکەرکووک نەماونەتەوە.

### گۆڕان بە140ەوە دەچێتە کەرکووک

ئەوەی جێگەی گومان نییە، ئەو ئەجێندەو کارنامەیەیە کەلیستی گۆڕان لەگەڵ خۆی دەیباتە کەرکووک بۆ بانگەشە کردن و ماددەی 140 و کێشە چارەسەرنەکراوە دەستورییەکانی نێوان بەغداو هەولێریش کەزیاتر خۆی لەکەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکاندا دەبینێتەوە، لەهەرەمی بانگەشەکانی لیستی گۆڕاندایە .

یوسف گۆران، مامۆستای زانکۆی سلێمانی کەپێیوایە پێویستە یەکێتی لەکەرکووک هەمان ئەنجامی سلێمانی نەبینێتەوە، دەڵێ، بێگومان لیستی گۆڕان جێبەجێ نەبوونی ماددەی 140 دەکاتە کارتێکی کاریگەر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن وبۆراکێشانی سۆزی کەرکووکیەکان کاری لەسەر دەکات . گۆران گوتیشی " خۆی بەشێکی زۆری ئەو کێشانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە، بەڵام هەموو خەلکێکی ئاسایی ئەوانە نازانێت ".

کەچی بەلای یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردنەوە لیستی گۆڕان بەو سیاسەتەی ئێستای ناتوانێ هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک بپارێزێت و سەرکەوتوبێت و گوتی "



بەسیاسەتی سلێمانی چێتییەوە، ئەو لیستە ناتوانێ لەکەرکووک سەرکەوتووبێت، چونکە کەرکووک فرە نەتەوەیەو پێویستی بەسیاسەتێکی لێبوردانەو ژیرانە هەیە ". لەتیف شێخ عومەر ئەوەشی گوت " ئەو هەڵە گەورانەی کەپێشتر لەکەرکووکدا کردومانە، بەشێکی زۆری بۆ ئەو برادەرانەی گۆڕان دەگەڕێتەوە، چونکە هەر ئەوان بوون کەبەناوی داکۆکی کردنەوە، عەرەب و تورکمان لەکەرکووک لەکورد زویر بکەن ".

لەتیف فاتیح فەرەج دەڵێ، کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا و ماددەی 140 تەنها کارت و بانگەشەی دەستی لیستی گۆڕان نیەو هەموو هێزە کوردییەکانی تری دەرەوەی پارتی و یەکێتیش دەتوانن بەکاری بهێنن "بەڵام من هەرپێم باشە هەموو هێزە کوردییەکان لەکەرکووک واقیعە سیاسیەکە ڕەچاو بکەن و گفتوگۆ بکەن و لیستێکیان هەبێت ".

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تائێستا، هەندێک لەکێشە سیاسیەکانی وەک ناوچە جێناکۆکان و مەسەلەی داهات و پێشمەرگە وەک خۆیان ماونەتەوە وچارەسەر نەکراون . ئەم کێشانە، لەهەڵبژاردنی ساڵی 2005 و ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا، لەلایەن هەموو هێزە کوردییەکان و تەنانەت خودی یەکێتی و پارتیشەوە،ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی بۆبەرزکردنەوەی باڵانسی دەنگەکانیان لەکەرکووک .

### بەغداش شەڕی کەرکووک دەکات

کەرکووک تەنها قەڵای ڕمبازێنی نێوان هێزەکوردییەکان نیەو بەغداش بەردەوام خستویەتیە نێو قەرەوڵی سیاسەتی فەرامۆشکردنی کێشەکانی و کات بەڕێکردنەوە . بەپێی دوا بەرەوپێشچونەکانی تایبەت بەپرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن،بەشێک لەئەندامانی ئەنجومەنی عێراق لەگەڵ ئەوەن کەهەڵبژاردنەکە بەپێی یاسا کۆنەکە نەبێت و فرە بازنەیی بێت کەئەوەش لەقازانجی کورد نییە .

بایەزید حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان گوتی "بەشێک لەعەرەبەکان نایانەوێ هەڵبژاردن یەک بازنە بێت و کوردیش زیان لەوە دەبینێت". گوتیشی "بەسیستمی فرەبازنەیی، بەشێک لەدەنگەکانی کورد لەدەست دەچن ".

لای خۆشیەوە خالید شوانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەلیستی هاوپەیمانی بۆ (باب نیون)هوشداری ئەوەیدا کەهەندێک لەپەرلەمانتارانی عێراقی هەوڵی تەگەرە خستنە بەردەم هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان دەدەن، لەڕێگەی وروژاندنی کێشەی کەرکووکەوە و دەیانەوێ بارودۆخێکی تایبەت بۆ کەرکووک دیاری بکرێت .

وەک شوانی گوتی " هاوپەیمانی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی عێراق دابەش بکرێت بەسەر یەک بازنەی هەڵبژاردندا، بۆئەوەی لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی بگونجێت و لەهەمانکاتدا مافی هێزە کەمینەو ئاینیە بچوکەکانیش دەستەبەر بکرێت ".

**ئێمە کەرکووکمان بردووەتەوەو یەکێتی دەمێکە دۆڕاندوویەتی**

مام ڕۆستەم سەرکردەی گۆڕان

**گۆڕان بەهۆی سیاسەتی سلێمانی چێتییەوە لەکەرکووک سەرکەوتوونابێت**

لەتیف شێخ عومەر یاریدەدەری تاڵەبانی بۆ کاروباری هەڵبژاردن

ڕووداو

# کوردستانی

## تۆپی سوپای تورکیا منداڵێکی تری کورد دەکاتە قوربانی



ڕووداو-ئامەد
ڕۆژی 2009/9/28لە ئەنجامی گوللە تۆپێکی هاوەن کە لە سەربازگەیەکی تورکی نزیک گوندی شەنلیکی ناوچەی لیجە هاویشترا منداڵێکی کوردی تەمەن 13 ساڵە بەناوی جەیلان ئۆکناڵ ژیانی خۆی لەدەستدا. تەرمی ئۆکناڵ شەش سەعات لە شوێنی ڕووداوەکە مابووەو دواتر گوندنشینەکان پارچەی تەرمی دۆزیەوە. تا ئێستا چەندین ڕێپێوانی ناڕەزایی لە دژی کوشتنی جەیلان لەلایەن جەندەرمەکانی تورکەوە لە شارەکانی باکووری کوردستان وتورکیا ئەنجام دراون.

### بۆ یەکەمجار کوردێک دەبێتە جێگری سەرکۆماری ئێران

# کوردی ڕۆژهەڵات ڕەحیمی بە تەها موحیەدین مەعروف دەچووێنن



**سابیر قادری**
chuarehra@gmail.com

**ڕووداو- تاران**

دوای ئەوەی ئەسفەندیار ڕەحیم مەشایی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نەژاد بە هۆی ناڕەزایەتیی لایەنە جیاوازەکانی ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمانی ئێران و هەروەها لەسەر داوای فەرمی عەلی خامنەیی، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران، لەسەرکار لابرا، لەجیاتی ناوبراو لەئێران بۆ یەکەمجار کوردێک بە جێگری یەکەمی سەرکۆماری دەستنیشان کرا.

هەرچەندە هەوڵو کۆششی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد بۆ بەدەستهێنانی وەزیرێکی کورد لەکابینەی دەیەم، دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، بەڵام دەستنیشانکردنی، محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، کوردی یەکێک لەگوندەکانی (قوڕوە)ی سەر بە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی خۆشحاڵی نوێنەرانی کوردی پەرلەمانی ئێران و هاوکات ناڕەزایەتیی بەربڵاوی لایەن و کوتلە جۆراوجۆرەکانی نێو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانی ئێرانی لێکەوتەوە.

فەخرەدین حەیدەری، نوێنەری شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپەرلەمانی ئێران، خۆشحاڵی خۆی بەوە دەربڕی کە کەسایەتیەکی کورد لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بووەتە جێگری سەرکۆمار و خوازیاری ئەوە بوو کە جێگری سەرکۆماری تازە بتوانێت کێشەکانی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکات.

حەیدەری لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) سەبارەت بە کاریگەری ئەو هەنگاوە سیاسییەی ئەحمەدی نەژاد گوتی "هیواداریـن هەموومان بەیەکەوە زیاتر لەجاران بۆ چارەسەری پرسەکە هەنگاو بنێن و بتوانین وەڵام دەرەوەی ویست و داخوازییەکان بین".

محەممەد ڕەزا ڕەحیمی، لەساڵی 1949، لە یەکێک لەگوندەکانی شاری (قوڕوە)ی سەر بە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، بەدرێژایی ساڵی هەشتاکان لەشارەکانی قوڕوە و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادوەر بووە و لەسەردەمی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی بووەتە پارێزگاری سنە و دواتریش بوو بە بەرپرسی ئەنجوومەنی ژمێریاری پەرلەمانی ئێران، لەدەوڵەتی نۆیەمیش بوو بە جێگری یاسایی سەرکۆمار لەپەرلەمانی ئێران، ناوبراو کە خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا و دەرچووی بەشی مافی زانکۆی تارانە و بۆ ماوەیەکیش سەرۆکایەتیی بەشی مافی ئەو زانکۆیەی لە ئەستۆ بووە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ڕەخنەگران باس لەوە دەکەن کە هیچ یەک لەزانکۆکانی ئێران بڕوانامەی (ڕەحیمی) یان پشتڕاست نەکردووەتەوە.

ڕەحیمی سەر بە باڵی توندڕەوو یەکێک لەلایەنگرانی ئەحمەدی نەژادە، ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیەش بووەتەوە کە لەهەڵبژاردنەکانی خولی حەوتەمی سەرکۆماری، بەشێوەیەکی نایاسایی و لەڕێگای سامانی گشتی وڵات، پشتیوانی لە (ناتق نوری) یەکێک لەپاڵێوراوانی ئەو کات کردبوو، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕەخنەگران دۆسیەی تایبەت بۆ ئەو پرسانە نوێ بکەنەوە و خوازیاری بەدواداچوونی زیاتری ناوەندەکانی بڕیاردان بن.

حاسڵ داسە، نوێنەری پێشووی شارەکانی سەردەشت و پیرانشار هەرچەندە خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ڕەحیمی بۆ پۆستی جێگری یەکەمی سەرکۆماری ئێران دەربڕی، بەڵام پێیوایە دەستنیشانکردنی ناوبراو لەگرنگی پێدان بە نەتەوەی کورد سەرچاوەی نەگرتووە و دەڵێت کە سەردەمی ئەوە هاتووە کۆماری ئیسلامی نیازپاکی خۆی سەبارەت بە کورد نیشان بدات، گوتیشی "بەڵام کە باس لە گرنگی ئەو مەسەلەیە لەسەر کورد دەکەین، دەبێ یەکەم، ئەو کوردە باوەڕی بە مەسەلەی کورد هەبێ و دواتریش دەبێ ئەوەش بزانین کە ناتوانین داوای ڕەوا و بەرحەقی خەڵک، بە دانی پۆستێکی لەو شێوەیە بە کەسێکی کورد، بەرتەسک بکەینەوە و خەڵک بە لا ڕێدا بەرین".

داسە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ڕەحیمی بۆ جێگری سەرکۆمار پێیوایە تاکە پێوەر بۆ هەڵبژاردنی ڕەحیمی نزیکی و هاوبیری ناوبراوە لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد، نەک لەڕووی باوەڕی ئەحمەدی نەژاد بە کورد بوونی ئەو کەسە، "بەڵام ئێمە هیواداریـن ناوبراو بتوانێ هەنگاوی پێویست بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕەوشی دواکەوتووی کورد بنێت". هاوکات دەستنیشانکردنی ناوبراو ناڕەزایەتیی ئاشکرا و توندی پەرلەمانتارانی غەیرە کوردی، پەرلەمانی ئێرانی لێکەوتووتەوە.

ئەلیاس نادران، عەلی عەباسپوور و مووتەهەری نوێنەرانی تاران لەپەرلەمانی ئێران، باس لەوە دەکەن کە بڕوانامەی دکتۆرای ڕەحیمی ساختەیە و خوازیاری لێپرسینەوەن لەناوبراو، مووتەهەری گوتی "ئەحمەدی نەژاد لەهەموو کەسێک باشتر دەزانێ کە بڕوانامەی دکتۆرای ڕەحیمی ساختەیە، بەڵام ئەو کارەی ئەحمەدی نەژاد بەلای منەوە شتێکی سەیرو سەمەرە نییە، ئەحمەدی نەژاد کردەوەی لەو جۆرەی لێدەوەشێتەوە".

لەلایەکی دیکەوە ئەلیاس نادران، نوێنەری شاری تارانی پێتەختی ئێران، ڕەخنەی لەئەحمەدی نەژاد گرت و گوتی "ساڵێک لەمەوبەر لەسەر ئەوەی کە لە لیستی نهێنی دەوڵەتدا بڕوانامەی ڕەحیمی بە دکتۆرا لە قەڵەمدرابوو، هۆشداریم دایە بەرپرسی کۆبوونەوەکان و ناوبراویش بەڵێنیدا کە بەدواداچوون لەو پرسەدا بکات". حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستنیشانکرانی ڕەحیمی وەک هەڵبژێرانی تەها موحیەدین مەعروف جێگری سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حوسێن کە کوردێکی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، لێکدەدەنەوە، هەروەها ئەو دەستنیشانکردنە بە چارەسەرێک نازانن بۆ پرسی کورد لەڕۆژهەڵاتدا.

قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کوردێک بۆ جێگری سەرکۆماری ئێران، ڕایگەیاند "دەستنیشانکردنی کەسێکی کورد بە جێگری سەرکۆمار بەو واتەیە نییە کە ئیتر کێشەی کورد چارەسەر بووە و ویست و داخوازییەکانی کورد دەستەبەر کراو"، ناوبراو گوتیشی "مادام کەسێک لەخزمەت سیستمێکی سەرکوتکەر دابێت، جا با جێگری سەرکۆمار بێت یا خودی سەرکۆمار، هیچ شتێک لە پرسەکە ناگۆڕێت". وریا لە درێژەدا گوتیشی "لەسەردەمی بەعسدا، ئێمە بینیمان کە تەها موحیەدین مەعروف کە بە ڕەگەز کورد و جێگری سەدام حوسێن بوو، چ چاکەیەکی بۆ کورد هێنا؟، هەمان مەسەلە ئێستا لەئێران ڕوویداوە".

> **مادام کەسێک لەخزمەت سیستمێکی سەرکوتکەر دابێت، سەرکۆماریش بێت هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت**
> قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان

> **دەستنیشانکردنی محەممەد ڕەزا ڕەحیمی مانای گرنگیدان نییە بە نەتەوەی کورد**
> حاسڵ داسە، نوێنەری پێشووی شارەکانی سەردەشت و پیرانشار



محەممەد ڕەزا ڕەحیمی و سەرۆک کۆماری ئێران مەحمود ئەحمەدی نەژاد (فۆتۆ: Mehr)



### محەممەد ڕەزا ڕەحیمی

- لەساڵی 1949 لە یەکێک لەگوندەکانی شاری (قوڕوە)ی سەر بە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە
- لە ساڵانی هەشتاکان لەشارەکانی قوڕوە و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادوەر بووە.
- لەسەردەمی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی پارێزگاری سنە بووەو دواتر بووەتە بەرپرسی ئەنجوومەنی ژمێریاری پەرلەمانی ئێران.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە کۆلێجی مافی زانکۆی تاران وەرگرتووە، بەڵام تۆمەتبار دەکرێ بەوەی دکتۆراکەی ساختەیە.
- لە 2009/9/13 وەک جێگری یەکەمی مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران دەستنیشان کرا.



### تەها موحیەدین مەعروف

- لە ساڵی 1930 لە سلێمانی لە دایکبووە.
- ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.
- لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول بەیەکجاری پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە دەکات.
- باڵیۆزی عێراق بووە لە ئیتاڵیا و ماڵتاو ئەلبانیا ودواتر بووەتە جێگری سەرۆکی پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق سەدام حوسێن بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت.
- لە 2003 لەلایەن ئەمرکییەکانەوە دەستگیرکراو دواتر ئازاد کراو لەشارۆچکەی دوکان ژیاوە و میوانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بووە.
- لە 2009/8/9 لە عەمانی پایتەختی ئوردن بە هۆی نەخۆشییەوە گیانی لە دەست دا ولە ویش نێژرا.



**هێمن خۆشناو**
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**



سەرۆکی DTP ئەحمەد تورک لەگەڵ ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی پارتەکەی (فۆتۆ: DiHA)

# پەرلەمانتارانی DTP ناچنە بەردەم دادگا

دادگای 11ی سزا قورسەکانی تورکیا بڕیاریدا کە چەند پەرلەمانتارێکی DTP ڕابکێشێتە بەردەم دادگا و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر نەچوونیان بۆ بەردەم دادگا. سەرۆک وەزیرانی تورکیاش دەڵێ هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی DTP دادگایی نەکرێن. ئەو دادگەیە داوای لە هەر یەک لە ئەمینە ئاینا هاوسەرۆکی DTP، سەلاحەددین دەمیرتاش، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لەپەرلەمانی تورکیا کردووە تا لەبەردەم دادگا ئامادە بن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێ بە بیانووی ئەوەی پروپاگەندەیان بۆ PKK کردووە، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا.

بەگوێرەی ماددەی 83ی دەستووری تورکیا، دادگا ناتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ پەرلەمانتاران بکات، چونکە پەرلەمانتار حەسانەی خۆی هەیە. بەڵام دەستووری تورکیا لەلایەن کودەتاچییەکانی ساڵی 1980 هەموار کرایەوەو مادە 14 جێگەی مادە 83ی گرتەوە، بە گوێرەی ماددە 14 دادگا دەتوانێت لەکاتی پێویست پەرلەمانتار بەدەر لە ئیرادەی خۆی ڕابکێشێتە بەردەم دادگا، بەڵام بە گوێرەی یاسا ناسان ئەو ماددەیە ناتوانێ کاری پێبکرێ، چونکە جۆری تاوانەکانی دەستنیشان نەکردووە. ڕۆژی 2009/9/28 دادگای 11مینی تورکیا بەبیانووی پروپاگەندە کردن بۆ ڕێکخراوێکی نایاسایی، بڕیاریدا بەدەر لە ئیرادەی ئەوان ئەمینە ئاینای هاوسەرۆکی DTP و سەلاحەدین دەمیرتاش جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ناوبراو لە پەرلەمانی تورکیا بێنێتە بەردەم دادگا. ئەمەش لەناو ڕای گشتی تورکیا گفتوگۆیەکی بەرفراوان و ترسی لەباربردنی پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردی هێنایە ئاراوە. ڕەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەبارەی ئەم پرسەوە گوتی " ئێمە هەموو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی زەوینەیەکی دەستووری بێنینە ئاراوە تا پەرلەمانتارانی DTP تووشی دادگەییکردن نەبن". ئەردۆغان ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ئامادەن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناوپەرلەمان قسە بکەن بۆ ئەوەی هەموارکردنی دەستووری بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە دادگەییکردنی پەرلەمانتارانی DTP. ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی DTP بڕیارەکە بەدەر لەیاسا وەسف دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بەماددەی 14 دەستووریەوە نییە "ئەگەر بەڕاستی پەرلەمان ئەو شوێنەیە کە تێیدا پەرلەمانتاران بۆچوونەکانیان دەخەنە ڕوو، پێویستە پەرلەمان خاوەنداریێتی لەپەرلەمانتارەکانی بکات، بەڵام تا ئێستا پەرلەمان بێ هەڵوێستە".

تورک داوای لە کۆمسیۆنی دادو کۆمسیۆنی دەستووری ناو پەرلەمان کرد کۆبوونەوەیەک بۆ ئەم مەبەستە سازبکەن، چونکە دەڵێت "ئەو بڕیارە ناڕەوایە تا ئەمڕۆ پەرلەمانتارانمان نەچوونەتە دادگا، ئەگەر سووریش بن لەسەر ئەو هەڵوێستەیان ئەوە بە زیانی تورکیا دەشکێتەوە، ئێمە شتێکمان نییە بیدۆڕێنین".

یاساناسان گرفتەکە دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هەموار کردنەی کە لە ساڵی 1982 لە دەستووردا کرا. یاساناس ئەرگون ئۆزبودان، بۆ (ڕووداو) گوتی ئەو ئاڵۆزییە سەرچاوەکەی هەمواركردنی دەستووری تورکیایە "کێشەکە لە دەستووری ساڵی 1982 نا دیموکراتی سەرچاوە دەگرێت. لەماددەی 14 دا دەڵێت لەکاتی پێویستدا دادگا دەتوانێت بۆ لێپرسینەوە پەرلەمانتار بانگهێشتی دادگا بکات. ئەو ماددەیە زۆر نا ڕۆشنە، چونکە دەستنیشانی جۆری تاوانەکەی نەکردووە".

هەرچەندە دادگا لەو بارەیەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانیشی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام محەممەد عەلی شاهین سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، ڕایگەیاند کە ئەو ڕێگا نادات یەک پەرلەمانتاریش بچێتە دادگا و ڕەخنەش لە بڕیارەکە دەگرن. هەروەها هەردوو پەرلەمانتاری داواکار بڕیاری دادگا بە بڕیارێکی

ئەمینە ئاینا، ڕایگەیاند بۆ سەرکۆنەکردنی ئەو بڕیارە، لە دانیشتنی 29ی پەرلەمان ئامادە نابێ، ئاینە بۆ (ڕووداو) گوتی "بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە پێویستە حەسانەی سەر پەرلەمانتاران هەڵبگیرێت. ئەگەر حەسانە هەیە پێویستە بۆ هەموو پەرلەمانتاران هەبێت. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ ئێمە بێت ئەوا شوورەییەکی گەورەیە بۆ دیموکراسی تورکیا".

سەلاحەدین دەمیرتاش، ئاماژەی بەوەدا کە پەرلەمان لەو کارە بەرپرسە، ئەو دەڵێت "سەرەتا دادگا بە لێبووردەیی ڕەفتاری کرد. کاتێکی دیاریکرد بۆ پەرلەمان تا بڕیار بدات. بەڵام پەرلەمان و حکوومەت هیچیان نەکرد. بەرپرسیاریەتی گەورەبوونی ئەو ڕووداوە لە ئەستۆی وەزیری داد و سەرۆکی پەرلەمان دایە" هەروەها گوتیشی " ئەو دادگاییکردنە دادگاییکردنێکی سیاسیانەیە. ئێمە نەچووینە بەردەم دادگا. ئەگەر بە زۆریش پەلکێشی دادگامان بکەن قسەنەکردن هەڵدەبژێرین. چونکە ئەوە بڕیارێکی سیاسیە".

بڕیاری دادگا لەکاتێکدا دەدرێت کە خەریکە گرژی دەوڵەت و کورد لەسایەی پرۆسەی کرانەوە بەرەو خاو بوونەوە دەچێت، بە ڕای چاودێران ئەو بڕیارەی دادگا بەزیانی ئەو پرۆسەیە تەواو دەبێت. ئەیسەل تۆگلوک، پەرلەمانتاری شاری ئامەد لەسەر لیستی DTP لە لێدوانێکی بۆ (ڕووداو) جەخت لەسەر کاریگەری خراپی ئەو بڕیارە لەسەر پرۆسەی کرانەوە دەکاتەوە "ئەو بڕیارە قەیرانی بێ متمانەیی دەهێنێتە کایەوە. ئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی چارەسەرە نەکردنی کێشەی کوردە و دەیسەلمێنێ یاسایەکی سیاسی و ڕەوشێکی جیاخوازی هەیە. ئەگەر فشارەکان بۆ سەر پارتێک کە ڕۆڵ لە چارەسەریدا دەبینێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئاڵۆزی دێنێتە ئاراوە. پێویستە بزانن کە DTP لایەنێکی گرنگی سیاسەتی یاساییە".

> **ئەگەر بەزۆر پەلکێشی دادگامان بکەن، لەوێ بێدەنگی هەڵدەبژێرین**
> سەلاحەددین دەمیرتاش

> **دەستوور هەموار دەکەین تا پەرلەمانتارانی DTP دادگەیی نەکرێن**
> ئەردۆغان

> **دادگەییکردنی ئێمە شوورەییەکی گەورەیە بۆ دیموکراسی تورکیا**
> ئامینە ئاینە

# کاروباری سیاسی



**خانووەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەسەر عەرەبە هاوردەکان تاپۆ دەکرێن**

ئاکۆ محەممەد شوانی - ڕووداو

بە بڕیارێکی وەزارەتی نەوتی عێراق، سەرجەم خانووی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکانی نەوت لە عێراقدا لەسەریان تاپۆ دەکرێت، ئەم بڕیارە کەرکووکیش دەگرێتەوەو 11 هەزار عەرەبی هاوردە ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوەو ئەمەش بە هەوڵێک دادەنرێت بۆ هێشتنەوەی عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوکدا. فوئاد حسێن ئەندامی لیژنەی چاودێری لە کۆمپانیای نەوتی باکوور بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەم بڕیارە گرفت بۆ کەرکووک دروست دەکات، لەبەر ئەوەی لە کۆمپانیای نەوتی باکوور 11 هەزار فەرمانبەری عەرەبی هاوردە هەن و تەنها 2 هەزار لەوانە لە کورد و تورکمان و ئاشوورین، ئەم بڕیارەش هەوڵێکە بۆ هێشتنەوەی عەرەبی هاوردە لە کەرکووک بۆ یەکجاری."

وایــن وایت، پسپۆڕی ئەمەریکی لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست:

# جارێ دیار نییە بەشدارینەکردنی لیستی گۆڕان لە حکومەت کارێکی ڕاستە یان نا



**بەرهەم ساڵح یەکێکە لە زیرەکترین ئەو کەسانەی دەیانناسم**

**ڕووداو- هاوار عەبدولڕەزاق**

وایــن وایت، پسپۆڕی ئەمریکی لە لیژنەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتەدا لەگەڵ ( ڕووداو)، ڕایگەیاند پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان زۆر زیندووتر دەبێت. هەروەها ناوبراو دەڵێ تاکە چارەسەر و باشترینیان بۆ داهاتووی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، سازشکردنی هەروو لایە.

پرۆفیسۆر واین وایت کە لە ساڵانی 2000-2005 جێگری سەرۆکی نووسینگەی توێژینەوە و زانیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەبارەی دەستنیشانکردنی بەرهەم ساڵح بۆ پۆستە نوێیەکەی وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی" من لە سەرەتای ساڵانی 1990کانەوە بەرهەم ساڵح دەناسم و لەماوەکانی نێوان جەنگی کەنداوی یەکەم و شەڕی عێراقی 2003، چەندین جار گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتری کردووە، زۆربەی کاتەکانیش تەنیا من و ئەو بووین، بەرهەم یەکێکە لە زیرەکترین ئەو کەسانەی دەیانناسم و وەک سەرۆک وەزیر دەتوانێ کاری زۆرباش بکات".

واین وایت کە کۆلێژی زانستە سیاسیەکانی لە ساڵی 1973 زانکۆی پەنسلڤینیای تەواو کردووە و لە کۆتایی هەشتاکانیش لە بەشی کۆکردنەوەی زانیاری لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاری کردووە. لە وەڵامی پرسیاری ئایا چوونی لیستی گۆڕان بۆ نێو پەرلەمانی نوێی هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەک لەو پەرلەمانە لە چاو پەرلەمانەکانی ڕابردوودا، دروست دەکات، گوتی" بێگومان پەرلەمانی کوردستان زیندوتر دەبێ، لەبەرئەوەی ئەڵتەرناتیڤ و بیروڕای زیاتر دەبیستن لەچاو ڕابردوو، بەڵام دیار نییە ئەم پەرلەمانە بە بەرهەمتر دەبێ لە چاو پەرلەمانەکانی پێشووتر یان نا، لەبەرئەوەی پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان و هاوپەیمانەکانیان نوێنەرایەتی کەمینە دەکەن و هەتا ئێستاش دیارنییە ئایا بڕیاری لیستی گۆڕان بەوەی پۆستی حکوومی وەرنەگرێت بڕیارێکی ڕاست و لە جێی خۆیدایە لە ڕوانگەی کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەت، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە دروستبوونی ئۆپۆسزیۆن و دەنگی سێیەم نوێنەرایەتی دەستپێکێکی گەشبینانە دەکات".

پرۆفیسۆر واین وایت، کە پسپۆڕە لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتن کە تایبەتە بە شرۆڤەکردنی سیاسەتەکانی واشنتن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پێیوایە باشترین چارەسەر بۆ پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، سازشکردنە لەنێوان هەردوو لایەنی کورد و عەرەب، ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێ" باشترین چارەسەر و تاکە چارەسەری بەرپرسیارانە، سازش کردنە. نابێت چارەسەرێک هەبێت کە ئەو هەستە بداتە زۆرینەی خەڵک کە ئەوان دۆڕاون، چونکە ئەمە ناسەقامگیری دروست دەکات. ئەم سازشکردنەش زۆربەی کات چەند کەسێک لە هەردوو لا بە خەمباری دەهێڵێتەوە، بەڵام خەمباری ژمارەیەکی کەمی خەڵک زۆر باشترە لەوەی زۆرینەی خەڵک هەست بە تووڕەیی و گومانێکی قوڵ بکەن. سەرکردە سیاسییەکانی هەردوو لا پێویستە لەسەریان و بەرپرسیارن لەوەی خەڵکەکەی خۆیان قایل بکەن بەوەی سازش کردن تاکە ڕێگایە بۆ پێشەوەچوونی باکووری عێراق. ئەمەش باشترین هەلە بۆ چەسپاندنی یاسا و سەقامگیری و ڕێزگرتنی هاوبەش. خەڵکی سەر بە هەموو لایەنەکان پێویستە بیر لە داهاتوو بکەنەوە: وەکو لە داهاتوودا تاقیکردنەوەی گەورە دێتە پێش هەموو عێراقییەکان، ئێستا دروستبوونی دوژمنی ناوخۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاقیکردنەوە چاوەڕوانکراوانە، زەحمەتتر بکات".

واین وایت شارەزاییەکی باشی لە کاروباری ناوخۆی عێراق هەیە و لە ساڵی 1983 کارمەندێکی سیاسی بووە لە تیمی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە بەغدا. ناوبراو لە بارەی پێوەندییەکانی ئێستای ئیدارەی ئۆباما و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێیوایە دەبێ حکوومەتی واشنتن، حکوومەتی کوردستان هانبدات بەوەی سازش بکات،لەوبارەیەوە دەڵێ" دەربارەی پێوەندییەکانی حکوومەتی ئەمریکا و کوردی عێراق. خەڵکی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەوە بزانن کە واشنتن دەبێ تەماشای وێنە گەورەکە بکات، بەو واتایەی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو عێراقییەکان هەبێت نەک تەنیا کوردەکان، هەروەها لەگەڵ ئەنقەرەش کە هاوپەیمانێکی ناتۆیە. دەبێ واشنتن بڕیاری سەخت بدات، بەڵام هیوادارم ئەمریکا دروشمی سازشکردن لە باکوور بەرز ڕابگرێت. ئەمەش بەو مانایە نایەت تەنیا هانی کورد بدات بۆ سازش کردن، بەڵکو حکوومەتی عێراقی لە بەغداش ئاگادار بکاتەوە هەمان کار بکات، ناکۆکییەکانی خۆشی لەگەڵ باکووری عێراق نەقۆزێتەوە بۆپاڵپشتیکردنی زۆرینەی عەرەب، هەروەها پێویستە بەغدا بەرپرسیارێتییەکی گەورە نیشان بدات بۆ ئەوەی لە داهاتوو کێشە دروست نەبن".

هەروەها پرۆفیسۆر واین شارەزاییەکی باشیشی لە کاروباری ناوخۆی تورکیا هەیە پێیوایە باشبوونی بارودۆخی ئێستانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنقەرە، لە ئەنجامی ئەوەیە هەردوو لا لەوە گەیشتوون سیاسەتەکانی ڕابردوویان سەرکەوتوو نەبووە، لەمبارەیەوە واین گوتی" لەو باوەڕەدام پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو باشی ڕۆیشتووە، ئەمە لەبەرئەوەی هەردوو لا زیرەکانە ئەوەیان بۆ ڕوون بووەتەوە کە سیاسەتە گرژەکانیان ورووبەڕووبوونەوەیان لە ڕابردوو سەرنەکەوتوو بووە. هەندێ لەو گۆڕانکاریانەی لە لایەن تورکیا ئەنجام دراوە زۆر دڵخۆشکەرن و لەوەتەی دەوڵەتی مۆدێرنی تورکیا دامەزراوە شتی وامان نەبینیووە، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێ بە جیدی بیر لەوە بکاتەوە هەرچی لەدەست بێت ئەنجامی بدات بۆ بەردەوامبوونی ئەم ئاراستەیە".

**پەرلەمانی ئەمجارەی کوردستان زیندووتر دەبێت**

بەشێک لە کوردانی بەغدا و موسڵ دەچنە پاڵ لیستە عەرەبییەکان

# کوردە فەیلییەکان هێشتا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە



**عەلی فەیلی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان: دەنگدانی کوردی فەیلی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەندە بە بەرنامەو ستراتیجی لیستەکە**

**میران حوسێن**
**ڕووداو-بەغدا**

ڕۆژی 2009/10/1 نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لیستەکەی خۆی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق ڕاگەیاند کە لەنێو لیستەکەدا چەند کەسایەتییەکی کوردی فەیلی و ئێزدی و شەبەک هەن.

لیستەکەی مالیکی هەمان ناوی هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقی هەڵگرتووە کە ناوی لیستی دەوڵەتی یاسا بوو و توانی زۆرینەی دەنگەکان بهێنێ. جگە لە لایەنە شیعەکان و کەسایەتی سەربەخۆ چەند لایەنێکی سوونە و کوردیشی لە لیستەکەدا هەن.

ئەو لایەنە کوردانەی لەنێو لیستەکە دان نیشتەجێی بەغداو موسڵن، ئەوەش ڕەنگە کاریگەرییەکی هەبێ لەسەر دەنگی کوردانی ئەو ناوچانە بەتایبەتی فەیلییەکانی بەغدا و شەبەک و ئێزدییەکانی موسڵ.هەر چەندە تا ئێستا پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی دەرنەکردووەو سیستمی هەڵبژاردنی داهاتووی یەکلایی نەکردووەتەوە کە عێراق یەک بازنە بێت یان فرە بازنەیی، بەڵام تا ئێستا چەندین هاوپەیمانی دروستکراون بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنە، کە دیارترینیان هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق و هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکییە. بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی کراون پێدەچێ هەڵبژاردنەکە بە سیستمی داخراو بەڕێوە بچێ.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2010/1/16 ئەنجامدەدرێ و 194 حیزب و لایەن و گرووپ و کەسایەتی عێراق و کوردستان بەشداری تێدا دەکەن، لەوانەش 14 لیستی کوردییان تێدایە. هەر چەندە زۆربەی هاوپەیمانێیە دیارەکان ڕاگەیەنراون، بەڵام کورد تا ئێستا هەر بە لیستی جیا دەردەکەون و هیچ هاوپەیمانێتییەکیان نەکردووە.



ژمارەیەک ژنی فەیلی وێنەی کەسوکارە بێ سەروشوێنکراوەکانیان هەڵگرتووە (فۆتۆ:AFP)

کوردانی فەیلی و شەبەک و ئێزدی کە زۆربەی کوردانی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان وکێشە لەسەرەکانن و شارەکانی دیکەی عێراق پێکدەهێنن، زۆرینەیان بەسەر لایەن و هاوپەیمانێتییە عەرەبییەکان دابەشبوون، هەروەها هەندێکیشیان بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن لەوانەش زێبارییەکان لە موسڵ.لەنێو لیستەکەی مالیکی، چەند ناوێکی کوردبەرچاو دەکەون لەوانە سائیر فەیلی، بەڵام ئێزدییەکان تا ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە.

سەعید بەسو سرۆ، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی پێشکەوتنی ئێزیدی بەسەرۆکایەتی وەعد حەمەد مەتۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا هاوپەیمانێتیان لەگەڵ کەس نەکردووەو هیچ لایەنێکی کوردی و عەرەبیش داوای هاوپەیمانێتیان لێنەکردوون، بەڵام نەشیشاردەوە لەنێوخۆیاندا پێشنیازێک هەیە بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لیستی حەدبا. سەعید گوتی "چاوەڕێی پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردن دەکەین، هەر کاتێک پەسەند کرا ئەوکات خۆمان یەکلایی دەکەینەوە". گوتیشی "هیچ حیزب و بزووتنەوەیەکی ئێزدی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ کەسدا نەکردووە".

حەنین قەدۆ کە بە نوێنەرایەتی شەبەکەکان بەشداری لە لیستەکەی نووری مالیکی کردووە، هۆکاری چوونە پاڵ مالیکی ڕوونکردەوەو گوتی بەهۆی ئەوەی تا ئێستا یاسای هەڵبژاردن پەسەند نەکراوە چووینە پاڵ ئەو لیستە ئەگەر یاساکە پەسەند بکرێ و سیستمی کۆتای بۆ کەمینەکان تێدا بێ ئەوا لە لیستەکەی مالیکی دەکشێینەوە "چونکە ئێمە پێمان باشترە وەکو لیستێکی سەربەخۆ بەشداری بکەین و کێبڕکێ بکەین لەگەڵ لیستەکانی دیکەی شەبەک بۆ بەدەستهێنانی کورسی کۆتای شەبەک".

تا ئێستا هیچ ئامارێکی ڕاست لەسەر ژمارەی کوردە فەیلییەکان نییە، بەڵام بە پێی هەندێ مەزەندە ژمارەیان نزیکەی 200 هەزار دەبێ و، زۆربەیان لە شاری بەغدا نیشتەجێن، بەشێکی زۆریان تا ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، بەڵام یەکێتی ئیسلامی کوردی فەیلی چووەتە پاڵ هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی و د.سائیر فەیلیش وەکو کەسایەتییەکی فەیلی چووەتە پاڵ لیستەکەی مالیکی.

**زۆرینەی کوردی فەیلی چوونە پاڵ لیستی ئیئتلافی نیشتمانی عێراق**

سەلام بەغدادی وتەبێژی ڕێکخراوی سەلامی کوردی فەیلی

سەلام بەغدادی وتەبێژی ڕێکخراوی سەلامی کوردی فەیلی وئەندامی هاوپەیمانێتی نیشتیمانی کوردە فەیلیەکان ڕایگەیاند کوردە فەیلیەکان زۆربەیان چوونەتە پاڵ لیستی ئیئتلافی نیشتمانی عێراق. گوتیشی "هەندێکیان بەسەر لیستەکانی دیکە دابەشبوون، بەڵام زۆرینەیان لە لیستەکەی ئێمەن".

بەڵام عەلی فەیلی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕەتیکردەوە زۆرینەی فەیلییەکان چووبنە پاڵ لیستە شیعییەکان وڕوونیکردەوە ئەوانەی چوونەتە پاڵ ئەوان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوان بوون وئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوە بوون" دەتوانم بڵێم زۆرینەی شیعەکان هێشتا خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە کە دەنگ بە کام لیست بدەن".

عەلی فەیلی ئاماژەی بەوەدا کەلەنێو کوردە فەیلییەکانی نیشتەجێی بەغداوشارەکانی دیکەی عێراق نەوەیەکی نوێ پەیدابوون کە داواکاری خۆیان هەیە لە سەرکردایەتی کوردستان و دەیانەوێ بەشدارییەکی بەرچاوو کاریگەریان لە عێراقدا هەبێت " فەیلییەکان دەپرسن لە نێو ئەو بەرپرسە کوردانەی لە ڕیزی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا بەرپرسن چەندیان فەیلی وکوردی نیشتەجێی بەغدا ودەرەوەی هەرێمی کوردستانن ؟".

لەبارەی ئەوەی ئایا پێشبینی دەکرێ کوردە فەیلییەکان ئەمجارە زیاتر دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستانی بدەن، فەیلی وێڕای ئەوەی گوتی ڕەنگە ئەمجارە ڕێژەی بەشداربوون لە دەنگدان کەمتر بێ لە جاری پێشوو ئاماژەی بەوەشدا کە دەنگدانی کوردی فەیلی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەندە بە بەرنامەو ستراتیجی لیستەکە بەرامبەر کوردانی فەیلی و ڕەچاوکردنی تایبەتەندییەکەیان.

# کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ هیچ لایەنێکی عەرەبی ناکات



**کورد ئەگەر هاوپەیمانێتی بکات، دوای هەڵبژاردن دەیکات**

د.مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق

**ڕووداو-بەغدا**

زۆربەی بەرپرسە عێراقییەکان دەڵێن دەرگای لیستەکانیان واڵایە بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کورد، بەڵام تا ئێستا کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ هیچ لایەنێکی عێراقیدا نەکردووەو تا ئێستاش چەند هاوپەیمانێتییەک ڕاگەیەنراون.

بۆ هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق کورد تەنیا دوو لیستی هەبوو، ئەویش لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی بوو، بەبێ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان توانیان بە هەردوو لیست 58 کورسی بەدەست بهێنن. بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە کە زۆربەی عەرەبەکان ناکۆکییە ئاینی و مەزهەبییەکانیان وەلا ناوەو خەریکی هاوپەیمانێتیکردنن لەگەڵ یەکتری، کورد تا ئێستا نەکەوتووەتە خۆ بۆ هاوپەیمانیکردن، تەنانەت لە نێوخۆی کوردستانیش هیچ هاوپەیمانێتییەک نەکراوە، جگە لەوەش تاوەکو ئێستا 14 قەوارە بەنێوی حیزب و گرووپ و کەسایەتی کوردی لە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمار کراون.

لایەنە عەرەبییەکان باس لە مەرجەکانیان دەکەن بۆ هاوپەیمانێکردن لەگەڵ کورد، کە زۆربەی مەرجەکان ڕێگر نین بۆ هاوپەیمانێتیکردن، بەڵام د.مەحمود عوسمان ڕایگەیاند کە کورد بەر لە هەڵبژاردن هیچ هاوپەیمانێتییەک لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکاندا ناکات. د.مەحمود گوتی "کورد ئەگەر هاوپەیمانێتی بکات، دوای هەڵبژاردن دەیکات".

عەلی ئەلعەلاق، ئەندامی لیستی حیزبی دەعوە لەبارەی هاوپەیمانییەتیکردن لەگەڵ کورد دەڵێت "مەرجمان بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەرلایەنێکدا ئەوەیە دەبێت ئەو لایەنە بەشێک بێت لە پرۆژەی نیشتیمانی عێراقی و پرۆسەی سیاسی لە عێراقداو هەڵگری بیروباوەڕی حزبی بەعس نەبێت" ئەلعەلاق گوتیشی "تا ئێستا هیچ ئەگەرێک نییە بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا بەهۆی ئەوەی لیستە کوردیەکان بارودۆخ و هاوپەیمانێتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بۆیە باسی هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد نەکراوە".

خەڵەف علیان، کە ئەندامی فراکسیۆنی ئەنجوومەنی دیالۆگە کە یەکێکە لە فراکسیۆنەکانی بەرەی تەوافق گوتی "ئێمە هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە نیشتمان پەروەرەکان و هاوبیرانمان دەکەین، جا ئەو لایەنانە کورد بن یان شیعە یان سوونە، ئێمە بایەخ بە بۆچوونەکان دەدەین نەک لایەنی سیاسی".

سەرجەم ئەو لایەنە عەرەبییانەی (ڕووداو) پەیوەندی پێوەکردن ڕایانگەیاند تا ئێستا باسی هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کورد نەکراوە، لە کاتێکدا زۆربەی لایەنەکان ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کورد.عومەر عەبدولسەتار کەربوولی ئەندامی لیستی نوێبونەوە بە سەرۆکایەتی تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند ئەوان هیچ هێڵێکی سووریان نییە بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و گفتوگۆشیان لەگەڵ زۆر لایەندا کردووە.

ئیبراهیم نیعمە زەنون ئەندامی حزبی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا هیچ گفتوگۆیەک نییە لە نێوان کورد وحزبی ئیسلامی بۆ پێکهێنانی لیستێک، هەر شتێکیش لەو بارەیەوە هەبێ پەیوەندی بە سەرکردەکانی هەردوولاوە هەیە، چونکە ئەوان مەرج وچوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتیانە دەستنیشان دەکەن".

تا ئێستا تەنیا دوو هاوپەیمانێتی بەرچاو ڕاگەیەنراون کە ئەویش هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی سەرکردایەتی دەکات و لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی، پێدەچێ لە چەند ڕۆژی داهاتوو هاوپەیمانی نێوان ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە و ساڵح موتلەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگ ڕابگەیەنرێ، بەڵام چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان دوای پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن و دیاریکردنی سیستمی هەڵبژاردن هەندێک لایەن و حیزب بچنە دەرەوەی لە هاوپەیمانێتییەکان بێنە دەرەوە.

یونادم یوسف کەننا، سەرۆکی لیستی ڕافدین لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەتا ئێستا ڕوون نیە شێوازی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبێت، چونکە یاسای هەڵبژاردن پەسەند نەکراوە، بۆیە تا ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردووە تەوە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی. گوتیشی "پێدەچێت زۆربەی هاوپەیمانتیەکان دوای پەسەند کردنی ئەو یاسایە هەڵبوەشێتەوە چونکە شێوازی هەڵبژاردنەکان و بەشداری کەمایەتییەکان تێدا دیاری دەکرێ".

سەبارەت بە مەرجەکانیان بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ کورد کەننا گوتی "ئامادەین بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورد و لایەنەکانی دیکەدا بە مەرجێک ئەو لایەنانە پابەند بن بەبنەماکانی دیموکراسی و فرە حزبی، دان بنێن بە مافە ڕەواکانمان کە لە دەستوور ئاماژەیان پێکراوە".

# بەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی قایمقامی چەمچەماڵ لەسەر کار لادرا



## نەوزاد حەمید قایمقامی لەکارلابراوی چەمچەماڵ: بڕیاری لابردنم نایاساییە و لەهیچ شوێنێکی دنیادا قایمقامێک بەتەلەفۆن لەپۆستەکەی لانەبراوە

**ڕووداو –سلێمانی**

ڕۆژی 9/27 بەگوێرەی نووسراوێکی ئیدارەی گەرمیان (کە ئیدارەیەکە لەشێوەی پارێزگا) نەوزاد حەمید قایمقامی چەمچەماڵ لەپۆستەکەی دوورخرایەوە و گەڕێنرایەوە بۆ بارەگای ئیدارەکە لەشاری کەلار، بۆ جێگرتنەوەشی عەلی ڕەئوف (بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەهەنجیری سەربەپارێزگای کەرکوک) بەوەکالەت خرایە جێگەکەی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەهۆکاری گواستنەوەی نەوزاد حەمید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" دوورخستنەوەی نەوزاد پەیوەندیی بەو هەڵمەتەوە هەیە کە لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ڕابردوو بۆ پاکسازیی لەنێوخۆدا دەستی پێکردووە ". سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو هەڵمەتە ژمارەیەک قایمقام وبەڕێوەبەری ناحیەی دیکە دەگرێتەوەو لەپۆستەکانیان لادەبرێن.

نەوزاد حەمید قایمقامی لەکارلابراوی چەمچەماڵ لەلێدوانێکیدا بە ( ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هەرچەندە بڕیاری لابردنم نایاساییە بەڵام پابەند دەبم پێوەی". ئەو ڕوونیدەکاتەوە لەو نووسراوەی ئیدارەی گەرمیان کە لابردنی لەپۆستەکەی تێدا ڕاگەیەنراوە، دەڵێ " بەئاماژەدان بە پەیوەندیی تەلەفۆنی بەڕێز بریکاری وەزارەتی ناوخۆ"لەکاتێکدا لەهیچ شوێنێکی دنیادا شتی وانییە قایمقامێک بەتەلەفۆن لەپۆستەکەی لاببرێ"

### کۆسرەت ڕەسوڵ پشتیوانی بوو

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" گواستنەوەو لابردنی قایمقامی چەمچەماڵ بڕیارێکی پێشتری یەکێتی بوو لەسنووری گەرمیان کە بەر لەهەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی ڕابردوو هەوڵدرا دووری بخەنەوە، بەڵام بەهۆی پشتگیری ڕاستەوخۆی کۆسرەت ڕەسوڵ-ی جێگری تاڵەبانی ئەو بڕیارە جێهێڵرا بۆ کاتێکی دیکە، ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بەوە دەدا بەهۆی ئەوەی ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ چارەسەری تەندروستی سەفەری دەرەوەی کردووە، بەهەلزانراوە بڕیارەکە جێبەجێبکەن، هەر بۆیە بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بەتەلەفۆن ئیدارەی گەرمیان لەجێبە جێکردنی بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە.

### 15 دەفتەر دۆلار بۆ وازهێنان

سەرچاوەکەی "ڕووداو" ئەوەشی درکاند کە بەهۆی ئەوەی نەوزاد خزمایەتی لەگەڵ خێزانی کۆسرەت ڕەسوڵ هەیە نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ لەپۆستەکەی لای ببەن، بۆیە لەچەند مانگی ڕابردوودا بەهاندانی مەحمود سەنگاوی، عیماد ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، داوا لە نەوزاد حەمید دەکات بۆ پشوودان سەفەری دەرەوەی وڵات بکات بەخۆی وماڵ ومنداڵییەوە خەرجییان بۆ دەکێشرێت و 15 دەفتەر دۆلاریش دەداتە دەستی، ئامانج لەو دوور خستنەوەیە بۆ ئەوەبووە عەلی ڕەئوف ( بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەهەنجیر) بخرێتە شوێنەکەی و نەوزاد بەتەواوی دوور بخرێتەوە، بەڵام نەوزاد ئەو سەفەرە ناکات و دیسان ریسی نەیارەکانی دەبێتەوە خوری.

نەوزاد حەمید لەلێدوانەکەیدا بۆ ڕووداو ئاماژە بەوە دەکات، ئەو کەسەی (کە دەسەڵاتدارێکی سەربازیی یەکێتییە) زۆر سوور بوو لەسەر لەکار لابردنم، هەر لەدوای هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتی لەساڵی 2006وە دەیەویست زووتر لاببرێم، چونکە لەو کاتەدا تەقە لەماڵی باوکم کراو هەر لەسەر وەختی ئەو هەڵبژاردنەدا ژنێک کوژرا ودواتر کادرێکی دێرینی یەکێتیش لە کفری لەڕووداوێکی نادیاردا تیرۆرکرا، بۆیە ئەم ڕووداوانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەو سووربوونەی لابردنی من. ئەو ئامادە نەبوو لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات.

یەکێک لەهاوکارەکانی نەوزاد بە (ڕووداو)ی گوت " لەو ڕۆژەوە کە ڕاگەیاندنی یەکێتی دەستیکردووە بەخوێندن لەقایمقامی چەمچەماڵ، زۆرێک لە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرانی سنووری ئیدارەکەی نایانەوێ خۆیان بدەن لەقەرەی، هۆکارەکەش ترسە لەوەی نەبادا گێچەڵ بەوانیش بکرێ، قایمقامی چەمچەماڵ سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە یەکەمجار لەڕاگەیاندنی حزبەکەی خۆیەوە دەستکراوە بەهێرشکردنە سەری و دەستی تاوانباریان بۆ درێژکردووە.

### کاریگەریی بۆ سەر پرۆژەکان نەبووە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ، بەگشتی ئەو لابردن و بەدادگا گەیاندنەی قایمقام وبەڕێوەبەری ناحیەو خودی پارێزگاری سلێمانیش، کاری نەکردووتە سەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی، چونکە ئەوانە پەیوەندییان نییە بەئەنجومەنەکەوە و ئێمەکارەکانی خۆمان بەباشی بەڕێوەدەبەین، بەڵام بەڕێوەبەری یەکێک لەناحییەکانی سنووری پارێزگا دەڵێ " بێگومان گرفتی دروستکردووە، چونکە ئێستا زۆرێک لەقایمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان چاوەڕێی ئەوەن پێیان بڵێن لەپۆستەکەت لابراوی، بۆیە هەندێکیان لەدڵڕاوکێی بەردەوام دان".

کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی گوتیشی " پرۆژەکانی ساڵی 2009 مان لەتەواوبووندایە و ئەوانەشی کە لەجێبەجێکردندان زۆر بەباشی بەڕێوە دەچن و ئەو کێشەو گرفتانەی بۆ پارێزگار پێشهاتوون پەیوەندیبەئەنجومەنەکەوە نییە وکاری نەکردووەتە سەر بەرەو پێشچوونیان.

پەرلەمانتارانی گۆڕان، لەزۆربەی ناوچەکان نووسینگە دەکەنەوە

# ئاسایشی کەلار ڕێگە بەکردنەوەی نووسینگەی گۆڕان نادات

**نەوزاد مەحمود**
**سلێمانی –ڕووداو**

پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕان، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان نووسینگە لەسەر ئەرکی خۆیان دەکەنەوەو لیستی کوردستانیش ئەوە بەدەرچوون لەیاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەزانن و سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی گۆڕانیش دەڵێ، ئێمە پێش کردنەوەی نووسینگەکان دووجار گەڕاوینەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و مۆڵەتمان وەرگرتووەو ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردووش 10/1، نووسینگەی کەلاری لیستی گۆڕان، لەلایەن ئاسایشەوە داخرا .




نووسینگەیەکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی



(فۆتۆ:AFP)

> **ئەوان لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لایانداوە**
> سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی

لەبارەی کردنەوەی ئەو نووسینگانەوە، کەلیستی گۆڕان دەیەوێت لەناوچەکانی وەک سلێمانی و کەلار و کۆیەو ڕانیەوهەڵەبجەی شەهید بیان کاتەوە، مشتومڕێکی توند کەوتە نێوان هەردوو لیستی کوردستانی و گۆڕان و لیستی گۆڕان، کوردستانی بەسەرلێشێواو و کوردستانیش گۆڕانی بەدەرچوو لەیاسا ناودەبات. سۆزانی خاڵەشەهاب، سەرۆکی لیستی کوردستانی دەڵێ، لەهەموو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، نووسینگە بوونی نییەو ئەوان بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئەو نووسینگانەیان کردووەتەوە. لای خۆشیەوە، کوێستان محەممەد وەڵامی سۆزان دەداتەوەو دەڵێ دووجار گەڕاوینەتەوە بۆ پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمانیش، گوتویەتی "ئاساییە هەر ئەندام پەرلەمانێک نووسینگەی خۆی بکاتەوە".

سۆزان شەهاب گوتی " ئەگەر پەرلەمانتارانی گۆڕان لەسەر حسابی خۆیان وەک نوسینگەی شەخسی بیکەنەوە ئاساییە، نەک لەسەر بودجەی پەرلەمان ". کوێستان محەممەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان تەئکید دەکاتەوە "ئەوانە نوسینگەی شەخسن و هی فراکسیۆن نین ". کەچی عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ " هیچ جیاوازی نییە، نووسینگەی فراکسیۆنی گۆڕانیشە ".

لەکاتی شەڕی نێوخۆدا، پەرلەمانی کوردستان چەند نووسینگەیەکی کردەوە،کەئەو نووسینگانە مانەوەو تارادەیەکیش سوودیان هەبوو، بۆ نزیک بونەوە لەخەڵکی ناوچەکان، سۆزانی خاڵەشەهاب دەڵێ، لەناو پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا باسی نوسینگە نەکراوە بۆیە پێویستە هەر فراکسیۆنێک بیەوێت نووسینگە بکاتەوە، مۆڵەتی ڕەسمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی پێبێت . گوتیشی " بۆیە ئەوە ئێمەنین کەڕێگری دەکەین، بەڵکو یاسایە ".کوێستان محەممەد، دەڵێ " لەهەولێریش نووسینگەمان کردووەتەوە و بەسوپاسەوە ڕێگریمان لێنەکراوە".

> **ئاسایش بۆی نییە نووسینگەی پەرلەمان دابخات**
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

> **بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ ناتوانن نووسینگە بکەنەوە**
> سەرچاوەیەکی ئاسایشی کەلار

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، ئاسایشی کەلار ڕێگەی لەکارکردنی نووسینگەی کەلاری گۆڕان گرت، کەلەلایەن هەریەک لەعەدنان عوسمان و عەبدوڵڵای مەلانوری و پەیمان و نەریمان، پەرلەمانتارانی ئەو فراکسیۆنەوە کراوەتەوەو سەرچاوەیەک لەئاسایشی کەلارەوە بە (ڕووداو)ی گوت " ئەوانە بەبێ ڕێگەپێدانی وەزارەتی ناوخۆ ویستویانە ئەو نووسینگانە بکەنەوە و ئێمەش ڕێگەمان پێنەداون ". گوتیشی " ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتیان هێنا پاسەوانیشیان دەکەین، ئەگەر نا، ناهێڵین ".

عەدنان عوسمان دەڵێ ئاسایش بۆی نییە نووسینگە دابخەن و گوتی " ئەوە ئیشی ئاسایش نییەو ئەوان بۆیان نیە بچنە سەرنووسینگەوئێمە ئەو نووسینگەیە هەر دەکەینەوە ". هەروەها گوتیشی " ئەوان ئاگایان لەیاساکان نییەو ئێمە دەتوانین وەک شەخس و وەک فراکسیۆنیش نووسینگە بکەینەوە ".

بازاڕی چەک فرۆشتن تەنیا 5 کیلۆمەتر لە سەنتەری هەولێر دوورە

# چەکی ماڵان کۆنتڕۆڵ ناکرێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ڕابردوو فوئاد لە نێو ماڵەکەی خۆی، تەنیا لەسەر گریانی منداڵەکەی، دەمانچەی لە خێزانەکەی ڕاکێشاو گوللەیەکی تەقاند لە ئەنجامدا بەر منداڵەکەی کەوت و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا، لەسەر ئەو تاوانەش تەنیا 13 ڕۆژ گیرا، ئەوەش لە کاتێک ڕوویدا کە فوئاد مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی نەبوو.

لەگەڵ بوونی یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی چەک لەکوردستان و هێزێکی تایبەت بۆ کۆنترۆڵکردنی، بەڵام هێشتا نەتوانراوە دیاردەی بوونی چەک لە نێو ماڵان کۆنترۆڵ بکرێت، هاووڵاتیانیش بەباشی دەزانن حکومەت ڕێوشوێنی توند بۆ قەدەخە کردنی بگرێتەبەر، بەرپرسانی حکومیش دەڵێن "کۆنترۆڵکردنی چەک ئاسان نییە".

پاش ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991، بە دەیان جبەخانە و کۆگای چەک کەوتنە ژێر دەستی خەڵک و هێزی پێشمەرگە، ئەوەش وایکرد چەندین تاوان بەهۆی ئەو چەکانەوە ئەنجامبدرێن. تا لە ئەنجام پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە قەدەخەکردنی چەکی پەسند کرد، بەڵام تائێستاش وەک پێویست نەتوانراوە کۆنترۆڵی بوونی چەک لەماڵەکان بکرێت.

ئازاد حوسێن، 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ، دڵگرانە لەبوونی چەک لەماڵەکان و پێیوایە هاووڵاتی پێویستی بەچەک نەماوەو پۆلیس و ئاسایش دەتوانێ پارێزگاری لەسەر و ماڵی هاووڵاتیان بکات.گوتیشی "پێویستە حکومەت ڕێوشوێنی توندتر بگرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک".

هەرچەندە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی چەک لەلایەن هاووڵاتییانەوە قەدەخەیە، بەڵام گۆڕەپانی تایبەت بە چەک فرۆشتن هەیە، کە تەنیا 5 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری هەولێر دوورە و دەکەوێتە سەر ڕێگەی کەسنەزان. گۆڕەپانەکە نزیکە 100 کەپری چەکفرۆشانی تێدایە، بەدەیان چەکی جۆراوجۆر بە کەپرەکان هەڵواسراون. ئازاد، سەرسوڕمانی خۆشی نیشاندا لەبوونی بازاری چەک "سەیرە حکومەتی کوردستان، لەلایەک هەنگاو بۆ دیموکراسی دەنێ، لەلایەک ڕێگە بەبازاڕی چەک فرۆشتن دەدات".

بەرپرسانی حکومەت ئەم گۆڕەپانە بەنایاسایی دەزانن و ئاماژە بەوەدەکەن، بۆ کۆنترۆڵکردنی چەندینجار دەستیان بەسەر چەکی بازارەکەو خەڵکەکەی گرتووە، عەقید خالد عەباس، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر، کە لێپرسراوە لەبەخشینی مۆڵەت چەک لە شاری هەولێر، دەڵێ "نەمانتوانیوە لە100% ئەم بازاڕە کۆنترۆڵ بکەین، چونکە لەشوێنێک کۆنترۆلیان دەکەن لەشوێنێکی دیکە سەر هەڵدەدەنەوە، بۆیە بەنیازین، چەند نووسینگەیەکی چەک فرۆشتن بە فەرمی لەژێر چاودێری وەزارەتی ناوخۆ لەشاری هەولێر ڕێ پێبدەین".



> **بەنیازین بە فەرمی ڕێگە بە کردنەوەی چەند نووسینگەیەکی چەک فرۆشتن لە شاری هەولێر بدەین**
> عەقید خالد عەباس، بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەلێر، پێیوایە شەڕی ناوخۆ و نەبوونی سەقامگیری سیاسی لەکوردستان پێش ساڵی 2003، هۆکاری سەرەکین بۆ بوونی ئەو بازاڕە و مانەوەی چەک لەماڵەکان گوتیشی "ئێمە وەک پۆلیس ناتوانین ڕێوشوێن بگرینە بەر تا سکاڵایەک لەسەر ئەو شوێنە تۆمار نەکرێت یان لەسەرووی خۆمان فەرمانمان پێ نەکەن".

ئاسایشی هەولێر، هاوشێوەی پۆلیس، ئاگادارە لەبوونی گۆڕەپانی چەک فرۆشتن لەشاری هەولێر، عەمید تاریق نوری لەئاسایشی هەولێر، دەڵێ "مادام حکومەت مۆلەتی چەک دەدات و بازارێکی فەرمی نییە بۆ چەک کڕین، خەڵک ناچارە لەو بازاڕە چەک بکرێت".

ئەم کارمەندەی ئاسایشی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا، ئەوان بۆ کۆنترۆلکردنی بازاڕەکەو نەهێشتنی کڕینی چەک لەلایەن کەسانی خراپ کارمەندێکی ئاسایشیان لەبازاڕەکە داناوە، گوتیشی"هەر کەسێک ئەگەر مۆلەتی پارێزگا یان پێناسی تایبەتی پێشمەرگە وئاسایش و هێزەکانی ناوەخۆی پێ نەبێت، نابێ چەکی پێبفرۆشێت".

بەپێی مادده چواری یاسای هەڵگرتنی چەک کە لە 1993 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە نابێت هیچ کەس بەبێ مۆڵەت چەک هەڵبگرێت، یاساکە مەرجیشی بۆ چەک هەڵگرتن داناوە دەبێ چەکهەڵگر دانیشتوی کوردستان بێ و تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر نەبێت، بەهیچ تاوانێک لەدادگا مەحکوم نەکرابێ و باری دەروونی و جەستەیی تەواو بێ.

پارێزگای هەولێر بەرەزامەندی وەزارەتی ناوەخۆ، تا ئێستا 200 مۆڵەتی هەڵگرتنی دەمانچەو 437 مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی کلاشینکۆفی داوە بە هاووڵاتیان. عەقید خالد گوتی "زۆربەی ئەوانەی داوای مۆلەتی چەک دەکەن کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن پیشەن و یان مامەڵە بەپارە دەکەن بۆیە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان دەیانەوێت چەکیان هەبێت" .هەروەها گوتیشی "هەر کەسێک چەکی بێ مۆڵەتی لەدەست بگیرێت، بەپێی مادەی 21ی چەک، جگە لەوەی چەکەکەی دەستی بەسەر دادەگیرێت، بەپێ یاساکە دادوەر بۆی هەیە سزای یەک ساڵ بەندی بۆ ببڕێنێتەوە".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەرێوبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، بوونی چەک لەماڵەکان بە هۆکاری زۆربوونی ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان دەزانێ "بەشێک لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بەئافرەتان دەکرێت، سەرچاوەکەی بوونی چەکە لەماڵەکان".







**مەرجەکانی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک**

- چەکهەڵگر دانیشتوی کورستان بێت.
- تەمەنی 18 ساڵ کەمتر نەبێت.
- مەحکوم نەکرابێت بەهیچ تاوانێک لەدادگان.
- بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی باری دەروونی و جەستەیی تەواو بێ.




## 50 کۆمپانیای ئەڵمانی دێنە هەولێر

**مەریوان ساڵەیی - هەولێر**

کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر ڕایگەیاند ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای ئەڵمانی بەشداری لە پێشەنگای نێودەوڵەتی هەولێری ئەمساڵدا دەکەن. ئۆلیڤەر شناکنبێرگ کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا گوتی" زیاتر لە 50 کۆمپانیای ئەڵمانی تایبەت بە ئوتومبێل، خۆراک، کشتوکاڵ، تەکنەلۆژیا، نەوت و گاز بەشداری لەم پێشەنگایەی ئەمساڵ دەکەن". پێنچەمین پێشەنگای نێودەوڵەتی هەولێر لە ڕۆژانی 12-10/15 لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر بەڕێوەدەچێت. ڕێژەی بەشداربووانی ئەمساڵیش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و نزیکەی 750 کۆمپانیای نێودەوڵەتی لە کۆی 22 وڵاتی جیهانی بەشداری لەو پێشەنگایە دەکەن.

| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118500 | 485 $ |  |
| 100 € | 173300 | 114 $ |  |

# کشتوکاڵ و ئاو بەغدا دێننە بەردەرگای هەولێر

## بەڕێوەبەری پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵ : 8هەزار خانووی پلاستیکی دەدەینە جووتیاران و تاپێنج ساڵی تر پێویستمان بەبەروبومی دەرەوە نامێنێت

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو –سلێمانی**

بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵگری ئەمریکی، پێشبینی هەڵگیرسانی جەنگی ئاو دەکرێت لەنێوان هەریەک لەوڵاتانی عێراق و تورکیا و سوریا و ڕاپۆرتەکە لەکاتێکدا ئەو هۆشدارییە دەدات، کەتائێستا هیچ ئاکامێکی پۆزەتیف لەگفتوگۆ سێ قۆڵییەکانی نێوان ئەو وڵاتانە بۆچارەسەر کردنی کێشەی ئاو بەدی ناکرێت و هەریەک لەوەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵی هەرێمی کوردستانیش، پلانێکی ستراتیژی پێنج ساڵەیان بۆ پێشخستنی بواری کشتوکاڵ وئاو لەهەرێمی کوردستان دەست پێکردووە، کەبڕی 10ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کراوەو، شارەزایانی بواری ئاو و کشتوکاڵیش لەهەرێمی کوردستان ئەوە دووپات دەکەنەوە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ستراتیژی و وردی هەبێت، دەتوانێ لەچەند ساڵی داهاتوودا وەک کارتێکی سیاسی فشار لەبەرامبەر بەغدا بەکاری بهێنێت .

لەکاتێکدا حکومەتی عێراقی بەردەوام داوا لەهەریەک لەتورکیا و سوریا دەکات گەمارۆی ئاو لەسەر وڵاتەکەی دروست نەکەن، پسپۆڕێکی بواری ئاو لەهەرێمی کوردستان دەڵێ، ئەو ئاوەی عێراق شەڕی لەسەر دەکات، 65%ی لەخاکی هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە ناوەراست و باشوورو بەدروستکردنی بەنداوی بێخمەش، کورد دەبێتە خاوەنی چەکێکی سیاسی کاریگەر لەبەرامبەر بەغدا .

د.سەلاحەدین سەعید، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و پسپۆڕی بواری ئاو، پێی وایە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی وردو ستراتیژی هەبێت بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو،دەتوانێ بەغدا ناچار بکات لەبەرامبەر پرسی ئاو بگەڕێتەوە بۆ هەولێر . گوتیشی " ئێمە زۆرشت لەبەغدا وەردەگرین، بەڵام ئەوان ئاو لەئێمە وەردەگرن " .

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، لەبەرنامەیەدایە کە 88بەنداوی جۆراوجۆری ئاو دروست بکات و بەتەواوبوونی ئەو بەنداوانەش، جگەلەوەی کوردستان دەبێتە خاوەن سەرچاوەگەلێکی زۆری ئاو، هاوکات بواری کشتوکاڵیش پێشکەوتنێکی وابەخۆیەوە دەبینێت، کەبتوانێ بەروبومی کشتوکاڵی بفرۆشێت . بەپێی ئەو ئامارانەی کەلەبەردەست د.سەلاحەدین دایە، ساڵانە لەهەرێمی کوردستان 28ملیار مەترسێجا ئاوی سەرزەویمان هەیە کەلەباراناو دروست دەبێت و لە60%ی باراناو دەبێتە ئاوی سەر ڕێژو دەچێتە جۆگەو دەریاچەکانەوەو 12ملیار مەترسێجا ئاوی

> **ئەگەر کوردستان ئاوی دەربەندیخان و دوکان لەبەغدا بگرێتەوە، ناوەراست و باشووری عێراق تووشی قەیران دەبن**
>
> پسپۆڕێکی بواری ئاو

ڕوبار و 4ملیار مەتر سێجا ئاوی ژێرزەویمان هەیە، کەهەمووی دەکاتە 44 ملیار مەتر سێجا ئاو و لەبەرامبەریشدا ساڵانە 36ملیار مەتر سێجا ئاو زیادەیە لەپێویستی " بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرنامەو پلانمان نییە بۆ ئەو ئاوە زیادەیە، بەهەدەر دەڕوات " .

پرۆژەی بەنداوی بێخمە کە17ملیار مەترسێ جا ئاو گل دەداتەوە، تائێستا بڕیاری جێبەجێ کردنی وەک خۆی نەدراوەو عەبدولسەلام عەبدولڕەحمان، سەرۆکی بەشی بەروبومی کێڵگەیی لەزانکۆی سلێمانی، پێیوایە ئەوە تاکە پرۆژەیە لەرووی ئاو و کشتوکاڵەوە هەرێمی کوردستانی لە دەست بەرووبوومی تورکیا و ئێران ڕزگاربکات و دەڵێ، پێویستە گەلی کورد فشار بکات بۆئەوەی ئەو پرۆژەیە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت . لەبارەی هەوڵدان بۆئەوەی کەکشتوکاڵ و ئاو لەبەرامبەر بەغدا بکرێتە چەکێکی گەورە، عەبدولسەلام گوتی " دەتوانن بەغدا ناچار بکەین، بەڵام چەکێکی گەورە بەپێنج ساڵ دروست ناکرێت " .

بەغدا بەشێوەیەک گیرۆدەی دەستی قەیرانی ئاو بووە، کەزۆرینەی زەوییە کشتوکاڵیە پان و بەرینەکانی باشوورو ناوەڕاست بەهۆی کزبوونی ئاوی دیجلەو فوراتەوە بەرەو بیابان بوون دەڕۆن و د.سەلاحەدینیش دەڵێ، ئەگەر کوردستان تەنسیق لەگەڵ بەغدا نەکات بۆ بەردانەوەی ئاوی دەربەندیخان و دوکان، بەغدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە دەبێتەوە . گوتیشی "شتێکی حەتمییە کەدواجار بەغدا ناچارە بگەڕێتەوە بۆ بەردەرگای هەرێمی کوردستان و لەو بارەیەوە ململانێی هەرێمی پێناکرێت " .

هەبوونی ئۆقرەیی و ئاسایشێکی نێوخۆیی جێگیر، وای لەهەرێمی کوردستان کردووە کەلەڕووی ئاڵوگۆڕی بازرگانیشەوە لەگەڵ هەریەک لەئێران و تورکیا، لەپێش بەغداوەیەو لەدیدارێکی پێشتری لەگەڵ (ڕووداو) سەرکونسوڵگەری ئێران لەسلێمانی گوتی "لەماوەی ساڵی 2008دا بایی سێ ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق هەبووە و لەو سێ ملیار دۆلارە، زیاتر لەدووملیار دۆلاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە " . عەلی ڕەزا موسافیری گوتیشی " پەیوەندی بازرگانی ئێران و عێراق پەیوەستە بەکوردستانەوە " .

لەسەرەتای ساڵی 2009ەوە دەست بەجێبەجێ کردنی پلانی پێنج ساڵەی بووژانەوەی کشتوکاڵی کرا، کەهەریەک لەوەزارەتەکانی سەرچاوەکانی ئاو و کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی پلانەکە دەیانگرێتەوە و بڕی 10ملیارو 470ملیۆن دۆلاری بۆتەرخان کراوە . بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەتەواو بوونی ئەو پلانە، هەرێمی کوردستان هیچ بەروبومێکی کشتوکاڵی لەدەرەوە ناکرێت و پشت بەخۆی دەبەستێت . گوتیشی " دوای تەواو بوونی ئەو پلانە، بەرنامەیەکی تر جێبەجێ دەکەین تابەروبووم بنێرینە دەرەوە " . ئەنوەر قادر، لەوبارەیەوە گوتیشی " وەزارەتی کشتوکاڵ لەچوارچێوەی ئەو پلانەدا کار لەسەر 18خاڵی ستراتیژی دەکات و تاپێنج ساڵی داهاتوو 8هەزار خانووی پلاستیکی دابەش دەکەین بەسەر جووتیاراندا " .

لەساڵی ڕابردووش، ڕێکخراوی ئەنفۆرمیستی ئیتاڵی، بۆخزمەتگوزاری و هاوکاری نێودەوڵەتی سەردانی کوردستانیان کردو سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەوەزیری کشتوکاڵی ڕاگەیاند، ڕێکخراوەکەیان نووسینگەیەک لەهەرێمی کوردستان دەکاتەوە بۆ دروستکردنی دۆستایەتی کشتوکاڵی نێوان کوردستان و ئیتالیا، تاتوانای خود بژێوی کشتوکاڵی لەکوردستان دروست ببێت .

لەلایەکی دیکەوە، ڕەفعەت هیدایەت بەڕێوەبەری گشتی ئاژەڵ و ڤێرتەر نەری لەوەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، وەزارەتی کشتوکاڵ لەڕێگەی کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانییەوە دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی پرۆژەی بەخێوکردن و بەرهەم هێنانی سامانی ئاژەڵ و وەک قۆناخی یەکەم، کۆمپانیایەک دەست بەبەخێو کردنی 5000مانگای شیردەرو 1000گامێش لەهەولێر دەکات و لەناوچەکانی دیکەی هەرێمیش پرۆژەی لەو شێوەیە جێبەجێ دەکرێن . وەک ئەو بەڕێوەبەرە گوتیشی " مەرجیش ئەوەیە کۆمپانیاکە ئاژەڵ لەدەرەوەی هەرێمەوە بهێنێت " .

لە هەرێمی کوردستان 8.4 ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام تائێستا لەو ڕێژەیە 2.4ملیۆن هێکتار زەوی بەکاردەهێنرێت بۆ کشتوکاڵ و چاندن و لەو زەوییەش، دوو ملیۆن دۆنمی دارستانە و 3 ملیۆن دۆنمیشی لەوەڕگایە . سەرۆکی بەشی بەروبوومی کێڵگەیی لەزانکۆی سلێمانی ڕەخنە لەحکومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی تاوەکو ئێستا پلانێکی وردو دروستی نەبووە بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ و دەڵێ، لەجیهاندا، لەیەک هێکتار زەویدا 8تەن گەنم بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام لای ئێمە تەنها یەک تەن گەنمی تێدا بەرهەم دەهێنرێت .

مامۆستا عەبدولسەلام عەبدولڕەحمان، باس لەگرنگی دەشتی شارەزوور دەکات و دەڵێ " لەبەپیتیدا دەتوانین بەراووردی بکەین بەئەریزۆنا" .

گوتیشی "بەڵام گرفتی ئێمە نەبوونی پلانێکە بۆ ئاودێری کردنی دەشتی شارەزوورو ئاوەکانمان بەهەدەر دەڕوات " .

خاڵێکی دیکە کەئەو مامۆستا پسپۆڕەی بواری کشتوکاڵ ئاماژەی پێدەدات، ئاوەدان نەکردنەوەو نەبوونی خزمەتگوزاری گوندەکانەو دەڵێ، بەهۆی ئەوەی لەساڵانی حەفتاکان گوندەکان ئاوەدان بوون، بەرهەمی شارەزوور زۆر لەئێستا زۆرتربوو . گوتیشی " ڕاستە پلانی پێنج ساڵی بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ دانراوە، بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەو پلانەدا گوندەکانیش بەدروستی ئاوەدان بکرێنەوە " .





# 4 ساڵە فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت نەکەوتووەتە سەرپێ

## پسپۆڕێک: کشتوکاڵێک لەو پەڕی لاوازیدابێ فڕۆکەخانەی بۆ چییە

**کاوە شێخ عەبدوڵلا**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای چوار ساڵ لەدروستکردنی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت، تا ئێستا هیچ کوردێک مۆڵەتی پێنەدراوە فڕۆکە بەرێتە ئاسمان و بەڕێوەبەری فڕۆکەوانی کشتوکاڵی عەربەت-یش دەڵێ "لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا یەک کەس لەعێراقدا بڕوانامەی فڕینی پێنەدراوە" .

چوارساڵ بەسەر دروستکردنی یەکەم فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی لەعێراق وکوردستاندا تێدەپەڕێ، بەڵام تائێستا نەکەوتووەتە سەرپێی خۆی و کەسانی شارەزای بواری فڕۆکەوانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە "پرۆژەکە شکستی هێناوە" . بەڵام بەڕێوەبەرەکەی ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و سوورە لەسەر ئەوەی پرۆژەکەیان سەرکەوتووەو ئەو کەسانەشی بەشکستخواردووی ناودەبەن "لەبێ ئاگاییەوە ئەو قسانە دەکەن" .



> **سەرەتایەکی زۆر باشمان بنیاتناوە بۆ فڕۆکەخانەیەکی کشتوکاڵی**
>
> بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە

شارەزایەکی بواری فڕۆکەوانی لەشاری سلێمانی کە نەیویست ناوی بهێنرێ، دەڵێت هەر لە سەرەتاوە ئەو فڕۆکەخانەیە بەکۆمەڵێک کەموکورییەوە دەستی پێکرا، هەر لەکڕین و هێنانی فڕۆکەکان و شوێنی فڕۆکەخانەکە کەموکورتی هەبوو تا کردنەوەی خولی پێگەیاندنی فڕۆکەوانی بۆ ئەو بوارە .

### کڕینی فڕۆکە بەنرخی مانگاو بزن

سەرچاوەکەی (ڕووداو) ئاماژە بەوە دەدات "هێنان و کڕینی ئەو فڕۆکانە، کە ژمارەیان 5 فڕۆکەیە .لەمامەڵەی کڕینی مانگاو بزن دەچێ" . نەورۆز عەبدولقادر، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر بەدەستی ئەو بووایە ئەو فڕۆکانەی نەدەکڕی .

ئەو فڕۆکانە لەمانگی ئایاری 2005 لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (بەرزی) ی کوردی و (ترێت سێرف) ی بەریتانییەوە لەوڵاتی ئەڵمانیاوە کڕدراون هێنراون، بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ لیژنەیەکی شارەزاو تایبەتمەند فڕۆکەکانی بینیبێ. بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت و سەرچاوە تایبەتەکەی (ڕووداو) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە گرێبەست و کڕینی فڕۆکە بەکۆمەڵێک ڕێچکەو مەرجی قانوونیدا تێپەڕێ، ئەوجا حکومەت فڕۆکە بکڕێ، بەڵام لەکڕینی ئەو فڕۆکانەی فڕۆکەخانەکەی عەربەت هیچ لەوانە ڕەچاو نەکراوە .

بەگوێرەی قسەی شارەزایانی ئەو بوارە پێویستە بەر لەکڕینی فڕۆکە، لیژنەیەکی شارەزا بچێ جۆری ئەو فڕۆکانە دیاری بکات کە پێویستییەتی، دواتر لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەمێنەری فڕۆکەکە مەرجە تەکنیکی و قانوونییەکان تاوتوێ بکات. دواتر حکومەت لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە بچێ فڕۆکەکان بکڕێ، بەڵام لەکڕینی فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت. هیچ یەک لەو مەرجانە ڕەچاونەکراوەو دوو کۆمپانیای کەرتی تایبەت بەپارەو ڕەزامەندیی حکومەت هێناویانن.

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت، سەرەڕای نکوڵی نەکردن لەزۆرێک لەو کەموکورتییانە . بە (ڕووداو)ی گوت "بەهەوڵ و کۆششی زۆر توانیمان ئەو کەموکورتیانە چاک بکەین، بەو خراپیانەش سەرەتایەکی زۆر باشمان بنیاتنا بۆ فڕۆکەخانەیەکی کشتوکاڵی" .

### فێرکراوی ڕێ پێنەدراو

لەساڵی 2007دا لە ڕێگەی دوو شارەزای عەرەب، فڕۆکەخانەکە خولێکی شەش مانگی بۆ پێگەیاندنی 10 فێرخوازی فڕۆکەوانی کردەوە، بەڵام خولە شەش مانگییەکە زیاد لە سێ ساڵی خایاندووەو تائێستا ئەو 10 ڕاهێنراوە کە سیانیان کچن لەلایەن دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی مەدەنی عێراقییەوە مۆڵەتی فڕینیان پێنەدراوە، نەورۆز عەبدولقادر دەڵێ" زیاد لە شەش ساڵە یەک کەس لەعێراق بڕوانامەی فڕینی پێنەدراوە" گوتیشی "چاوەڕێی هاتنی لیژنەیەکی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق دەکەین تابێن پشکنین بۆ ئەو کەسە پێگەیەنراوانەی ئێمە بکەن، ئەگەر لەو تاقیکردنەوانەدا سەرکەوتوو بوون ئەوا بڕوانامەیان پێدەدرێ و دەتوانن بەتەنیا بفڕن" .

زۆربەی شارەزایانی بواری کشتوکاڵ لەو بڕوایەدان کەرتی کشتوکاڵ لەکوردستان لەو پەڕی خراپیدایەو ئاستی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەخوارەوەیە، بۆیە بۆ گەشەپێدانی ئەوکەرتە بەکارێکی هەرە لەپێشی حکومەتی هەرێمی دەزانن هەرچی زووترە برەو بەو پرۆژەیە بدات کە بەپلانی ستراتیژی کشتوکاڵی ناو دەبرێ. ئەوفڕۆکەخانەیەی عەربەتیش لەو چوارچێوەیەدایە . بەگوێرەی قسەی بەرپرسانی ئەو فڕۆکەخانەیە، تەنیا لەساڵی 2007دا توانراوە سوود لەو فڕۆکانە وەربگیرێ بۆ ڕشاندنی دەرمانی قڕکەری مێرووە زیان بەخشەکان، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە گوتی "بۆمان دەرکەوت فڕۆکەکانمان لاوازن، بەشی هەموو کوردستان ناکەن، بۆیە داوامانکردووە هێلیکۆپتەرمان بۆ دابینبکرێ" .

سەرچاوە تایبەتەکەی (ڕووداو ) بوونی ئەو فڕۆکەخانەیە بۆ کەرتی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان بەپێویست نازانێ و دەڵێ "کشتوکاڵێک لەو پەڕی لاوازیدابێ فڕۆکەخانەی بۆ چییە؟، لەو خراپتر فڕۆکەخانەکە خۆیشی لاوازبێ" ئەو دەپرسێ "لەماوەی نزیکەی پێنج ساڵی کارکردنی ئەو فڕۆکەخانەیە چ دەستکەوتێکی هەبووە" .

### بەغدا لێمان دەپارێتەوە

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەکە دەڵێ" بەپارەی خانوویەکی گرانبەهای گەڕەکی فیرعەونەکانی شاری سلێمانی ئەم فڕۆکەخانەیەمان بنیاتنا، نەورۆز عەبدولقادر گوتیشی "لەبەر ئەوەی تەنیا فڕۆکەخانەی کشتوکاڵین لەعێراق و فڕۆکەی بچووکمان هەیە، لەبەغداوە لێمان دەپاڕێنەوە کە فێرخوازە ڕاهێنراوەکانیان بێن لێرە تاقیکردنەوەی پراکتیکی بکەن، بەڵام لەناوخۆ درک بەو دەستکەوتانە ناکرێ" .

بەڵام حکومەت گرنگی تەواوی پێنادات" . ئەو نکوڵی لەهاوکارییەکانی حکومەت ناکات، بەڵام دەڵێ وەک پێویست نییە، "ئێستا ئێمە بووینەتە جێی حەسودی عێراقییەکان" .




**فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت**

- لەساڵی 2005 بە دووری 28 کم لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی لەسەر ڕووبەری 2500 مەتر چوارگۆشە، دامەزراوە .
- 5 فڕۆکەی بچووکی کشتوکاڵی بۆکڕدراوە .
- یەکێک لە فڕۆکەکەکان لەدەشتی هەولێر خۆی بە ئاسنێک کێشاوەو دوو ساڵە لە ژێر چاککردنەوەدایە
- بڕی تێچوونی کڕینی فڕۆکەکان 900 هەزار دۆلارە .
- بڕی تێچوونی فڕۆکەخانەکە 600 هەزار دۆلارە .
- مانگی هەشتی ڕابردوو حکومەتی عێراق مۆڵەتی پێداوە .

## فازیل کەریم ناسراو بەمامۆستا جەعفەر، لێپرسراوی مەکتەبی بیروهوشیاری یەکێتی :

# یەکێتی و پارتی باشترە پشتگیریی لە لیستەکەم بکەن نەک دژایەتی

**مامۆستا جەعفەر، پێیوایە مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەک دامەزراوەیەک کارناکات و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش هێندەی بەکارەکانی تری خۆیانەوە سەرقاڵن، هێندە بایەخ بەسەرکردایەتیکردن نادەن . ئەو لەو دیدارەی (رووداو)دا گوتیشی " جەماوەر کارتی سووریان لەبەرامبەر یەکێتی دەرهێناو بەیەکێتیان گوت، ئیتر ئەو جۆرە سیاسەتەت لێ قبوڵ ناکەین ".**

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**



**رووداو: لەکاتێکدا کەهەندێک لە سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی بەردەوام باس لەپێویستی یەک لیستی کورد دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، ئەوە بڵاوکرایەوە کەتۆ بەدروستکردنی لیستێکەوە بە ناوی بەرژەوەندی نەتەوەکان سەرقاڵی، ئایا چی وای لێکردیت ئەو لیستە دروست بکەیت ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** پێویستە هاوئاهەنگی لەنێوان یەکێتی وپارتی هەبێت بەو ئاراستەیەی کەدەوڵەتی یاسا بچەسپێت،من ئەو جۆرە هاوپەیمانییە بەهەڵە دەزانم و پێویستە یاسا بچەسپێت، یاسا چۆن رێگە بەمن نەدات، رێگە بەفڵان حیزبیش نەدات کە بەئارەزووی خۆی هەمووشتێک بکات . من بەلامەوە گرنگە هاوئاهەنگی نێوان پارتی و یەکێتی هەبێت و بەپێویستیشی دەزانم، بەڵام دەبێت پاش هەڵبژاردنەکان بێت نەک پێش هەڵبژاردنەکان . لیستی کوردستانی بۆیە دەنگی کەمی هێنا، چونکە لەوانەیە هەندێک لەدۆست و دەنگدەری پارتی بێزاربووبن لەداخی کاروباری ناو یەکێتی دەنگیان بەلیستی کوردستانی نەداوە، بەهەمان شێوە دەنگدەری یەکێتیش هەن کەلەداخی پارتی دەنگیان بەلیستی کوردستانی نەداوە، واتە بەو هاوپەیمانییە، هەریەک لەیەکێتی وپارتی کۆمەڵێک دەنگی لایەنگرانی خۆیان لەدەستدا . تۆ کەهاوپەیمانێتی دەکەیت لەگەڵ هێزێکدا، ئەو بەشێک لەئازادیەکانی

### لیستی ئێمە لیستێکی عێراقییە نەک کوردستانی

تۆ داگیر دەکات و تۆش بەشێک لەئازادییەکانی ئەو داگیر دەکەیت و هەریەکەو بەشێک لەدەنگدەرانی خۆی لەدەست دەدات .بێگومان ئەگەر لەکاتی هەڵبژاردندا یەکێتی و پارتی هەریەکەو لیستی خۆی بووایەو دواتر هاوپەیمانیان بکردایە، لیستی کوردستانی دەنگی زۆرتر دەبوو . خۆمن لەمەبەستی دڵسۆزانەی ئەوسەرکردانە تێدەگەم،کەساڵانی رەشی براکوژی وای لێکردن ئەوەبکەن، بەڵام ئێستا ئێمە لەقۆناخێکی جیاوازداین .من پێم باشە هەندێک هێڵی سووری نەتەوەیی هەبێت بۆهەمووومان،مادام تۆبۆت هەیە بچیت لەگەڵ مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی رێک بکەویت، فڵان حیزبیش بۆی هەیە هەمان کاربکات. تۆ ئەگەر هات و کۆمەڵێک پرەنسیپت داناو پەرلەمان ئەو پرەنسیپانەی چەسپاند، لەهەموو روویەکەوە دەتوانین چارەسەر بدۆزینەوە .

**رووداو: یەکێتی رێگە نەدات لەناو یەکێتی لیستێکی تر هەبێت، وەک چۆن کاتی خۆی ئەوەشی بەنەوشیروان گوتەوە ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** ئەم لیستەی ئێمە دەتوانم بڵێم لیستێکی عێراقی یەو ناتوانم بڵێم لیستێکی کوردستانیە، جیاوازییەکەش ئەوەیە لەگەڵ لیستەکانی تر، کەئەم لیستە بۆخۆی بزووتنەوەیەکە، بزوتنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکانە . یەکێتی یان پارتی یان هێزێکی تر دەوری لەدروستکردنی ئەو لیستە نەبووەوخۆی جووڵانەوەکە پێشترلەکەرکووک و دەوروبەرەکەی کاریان دەکرد و لەرێگەی هەندێک دۆست و ناسراوەوە پەیوەندیان بەمنەوە کردو هاتنە لام و پاشان چاوم بەژمارەیەک لە لێپرسراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کەوتووە و یەکێک لەکێشەکانمان ئەوەیە، خەڵکی ئێمە ئەوەندەی بڕوای بەمواجەهەو رووبەڕوو بونەوەو تەحەددا هەیە، ئەوەندە بڕوای بەپێکەوە ژیان و هاوئاهەنگی نییە، بەداخەوە من پێم سەیرە کەخەڵک بەو گرژییە سەیری دیاردەکان بکات و تۆدەبێت هەوڵ بدەیت دیاردەکان بخوێنیتەوەو ئامێزیان بۆ بکەیتەوە، بەڵام لای ئێمە یەکسەر خەتی چەپ و راست بەسەرتا دەهێنن .

**رووداو: ئایا ئەو لیستەی تۆ دروستت کردووە، دواجار بەهەمان شێوەی گۆڕان دەنگی یەکێتی و کوردستانی ناکوژێت ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** من نازانم دەنگی کێ دەبات، بەڵام دەتوانی وەک هێزێکی دۆستی یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تر بژمێردرێت، ئەگەر بێتوو پارتی و یەکێتی و هێزەکانی تر بتوانن رەفتارێکی باشی لەگەڵ بکەن .بەڵام سیاسەتی پشتگوێ خستن و گوێ پێنەدانیان هەبێت، ئەوکات شتێکی ترە . خۆ ناشکرێت تۆ ئەو سیاسەتەت هەبێت کەبڵێی تۆ دەبێت هەر ئاوام بۆ بکەیت، چونکە ئەو قەوارەیە خەڵکێکی زۆری عەرەب و مەسیحی و تورکمانی تێدا کۆبووەتەوە .

**رووداو: بەڵام دەشگوترێت بەو پێیەی کەتۆ پێشتر کۆمەڵەبوویت دوورنیە دواتر لەگەڵ لیستی گۆڕان پێکبێیت، ئەمە تاچەند پێشبینیەکی دروستە ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** ئەم لیستە لەسەرەتادا هەبووە بەبێ پشتگیریی و هاندان و سیناریۆی فڵان حیزب و فڵان هێز . من ئاواتم ئەوەبووە لەو کارەدا هێزە کوردستانیەکان بەگەرمی پشتگیریی ئەو لیستەبکەن، چونکە ئەو لیستەزیاتر لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەک موسڵ و ناوچەکانی تری دەرەوەی جوگرافیای هەرێم کاردەکات و پێمان خۆشە برا عەرەب و تورکمان و مەسیحیەکان پشتگیریی بکەن . تەنانەت ئێمە نەمان توانیوە باشتر لەبرا کاکەییەکان و شەبەکەکان و ئێزدییەکان تێبگەین، برا فەیلیەکان وەک من و تۆ کوردن، بەڵام ئەوان لەهەڵبژاردنی 2005دەنگیان بەلیستی کوردستانی نەدا، 25 هەزار دەنگ یان 17 هەزار دەنگ، کەهاوپەیمانی کوردستان هێناویەتی، دەنگی راستی کوردەکانی ناو بەغدا نییە، تۆ دەبێت سیاسەتێکت هەبێت بۆ ئەو خەڵکەو کێشەی ئەوان هەر ئەوەنییە تۆ بچیت چەند کەسێکیان بانگ بکەیت و دەعوەتیان بکەیت و یارمەتیان بدەیت . دەبێت ئێمە لەگەڵ عەرەبەکانیش هەوڵ بدەین، چونکە عەرەبێکی زۆر هەیە بێزاربووە لەهێزە عەرەبیەکان . لەناو ئەو لیستەدا کەپزیشک و بازرگان و پارێزەرو خەڵکی زۆرباشی تێدایەو خەڵکی زۆر بەدەسەڵات هەن کەپەیوەندییان بەئێمەوە هەیە . بەڵام هێزە کوردستانیەکان بەداخەوە، بەوردی

### سلێمانی ئاستی رووناکبیری جارانی نەماوە

دیاردەکانیان نەخوێندووەتەوە . یان زۆرێک لەکوردەکانی موسڵ کەلەئەنجامی دڵشکانەوە لەگەڵ لیستی حەدبا یەکیان گرت و زۆرینەیان پێکهێنا، ئێمە هەوڵمانداوە لەناو ئەو کوردانەش کاربکەین . هەربۆیە ناوی لیستەکەشمان ناوە "بەرژەوەندی نەتەوەکان"، بۆئەوەی بەرژەوەندی هەموو لایەک بپارێزین و بیان خوێنینەوە .

**رووداو : تائێستا پەیوەندییەکانتان لەناوچەکانی ناوەراست و باشور گەیشتوونەتە چ قۆناخێک و ئایا ناوی لیستەکەتان لەکۆمسیۆنی باڵا قبوڵ کراوە ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** لیستەکەمان بەفەرمی ناوی (بزووتنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکان)ەو لەکۆمسیۆنیشەوە ژمارە 128ی وەرگرتووە و قبوڵیش کراوە وەک قەوارەیەکی سیاسی و بەردەوامیش لەپەیوەندی کاردا ین .

**رووداو: لەژیانی سیاسیدا، خاڵی لێکچوون لەنێوان تۆو نەوشیروان مستەفادا هەیە، جگەلەوەی تۆش لەناو کۆمەڵەدا بوویت، کاتی خۆشی بەهۆی زویربوونت چوویتە دەرەوەو پاشان هاتیتەوە،لەدوا نووسینیشتدا باسی ئەوە دەکەیت، کەزۆر لەیەکێتی نارازیت، ئایا بۆخۆت ئەو لێکچوونە هەست پێدەکەیت ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** هەرکەسەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەوە شتی شکڵیاتە . من لەسەرەتای1982 چوومە دەرەوە، ئەوکات من وەک زوویربونێکی سادە نەرۆیشتم و هەڵوێستم روون و ئاشکرا بوو، ئەوکات من پێموابوو دەبێت کۆمەڵە سەربەخۆیی خۆی لەناو یەکێتیدا بپارێزێت و بەهێز بێت و دەبێت یەکێتی نیشتمانی بەشێوەی دامەزراوە بێت و پەیڕەوپرۆگرامەکەشی روون و ئاشکرابێت و هەرئەوکات من دەمگوت، هەرکەس هەرپلەیەکی هەبێت لەناو یەکێتی، دەبێت ماف و ئەرکەکانی بە وردی دیار بکرێت و دەسەڵاتیشی سنووردار بکرێت. بەڵام خەڵکی تر هەبوون دژی ئەوەبوون و دەیان وت پێویست ناکات کۆمەڵە بمێنێتەوە. ئەوکات نووسینێکیشم لەبڵاوکراوەی کۆمەڵە لەوبارەیەوە بڵاوکردەوەو ئەو نووسینە دەنگۆی

### بە هۆی هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی لیستی کوردستانی دەنگی کەمی هێنا

نایەوەو دووبەرەکی دروست کرد، بەڵام من بۆخۆم لەو کەسانە نەبووم کەبڕوام بەدووبەرەکی و ململانێ و ئەو شتانە هەبێت . ئەوکات کاک مەلا بەختیار دەیوت من ئامادەم خۆم بەکوشت بدەم، بەڵام ئامادە نیم خوێن لەلووتی پێشمەرگەیەک بێت .بۆیە دەبێت خۆمان دوور بخەینەوە لەو جۆرە ململانێیانە . رەنگە پێشتر رەخنەم گرتبێت، بەڵام رەخنە جیاوازە . من پێم باشە بزووتنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی و پارتیەوە پشتگیری بکرێت نەک دژایەتی بکرێت، چونک من روونم کردووەتەوە کەئەوە قازانجی بۆ کورد هەیە . بەداخەوە ئەو پشتگیرییەی من چاوەڕێم دەکرد بەو شێوەیە نەبوو . ئێستا ئێمە لەبەغدا 15کەسمان هەیە کەخۆیان هەڵدەبژێرن و بیروڕای خۆیان هەیە . من نەهاتووم بڵێم با یەکێتی برووخێت و بەکردەوەش وام نەکردووە، ئێمە داواناکەین لەناو یەکێتی نیشتمانی ریفۆرمێک دروست بکەین و دەکرێ ئەو ریفۆرمە لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بکرێت . من لەسەر جەماوەری لیستی کوردستانی کارناکەم و کار لەسەر ئەو جەماوەرە دەکەم کەناتوانن دەنگ بدەنە لیستی کوردستانی، یان ئەگەر بشتوانن، زۆر کەمیان دەنگ دەدەن . ئێمە ئەوان رادەکێشین ودۆستانە نزیکیان دەکەینەوە لەخۆمان، تۆدەبێت شێوازێکی کارکردنی عاقڵانەت هەبێت بۆ ئەوانە، من چاوەڕێم دەکرد هێزە کوردستانیەکان بەدڵفراوانییەوە لەو پرۆسەیە بڕوانن،بێگومان ئەوەی ئێمە نەدژی لیستی کوردستانییەو نەهیچ لایەنێکی ترە .

**رووداو: تۆ 24ساڵ لەئەڵمانیا ژیاویت، واتە زوویربویت و رۆشتیت و هاتیتەوە، ئایا هۆی چی بوو رۆشتیت و پاشان هۆی چی بوو هاتیتەوە ؟**

**مامۆستا جەعفەر:** یەک جار رۆیشتم و 21ساڵی خایاند، راستە لەوماوەیە زۆرشت گۆڕاوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە بەرەو دواوە گەڕاوینەتەوە . خۆمن مەبەستم ئەوەنییە کەئێستا گرووپی راپ دروست بووەو هانی گۆرانی دەڵێت و عەزیزی وەیسی گۆرانی دەڵێ و ئینتەرنێت و مۆبایل هاتووەتە کایەوە و دەیان بینای بەرز بووەو فرۆکەخانەمان هەیە، ئەمانە گۆڕانی باشن و دەبێت لەبەرچاوی بگرین . بەڵکو من مەبەستم مانەوەی هەندێک دیاردەی خراپە، بۆنموونە جاران بەو شێوەیەش ژن نەدەکوژرا و ئەوە بەلای منەوە گەڕانەوە بۆ دواوەیە و ئێستا سلێمانی ئەو نەریت و بیروراو نەریت و نان خواردن و زەوق و چێژ و جلوبەرگ لەبەرکردن و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی وئاستی رووناکبیری جارانی نەماوەو ئەوسلێمانیەی من لەحەفتاکان بینیومە، نەماوە .بۆیە دەبینی هەرئاوا رووداوە سیاسیەکانیش گۆڕاون و ئێستا ژمارەیەک شوفێری تاکسی بڕیار دەدەن کێ دەبێتە حیزبی دەسەڵاتدارو کێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن . مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بیروڕای گشتی ئاوادروست ببێت مەترسیدارە .

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە
(رووداونێت) دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

**مامۆستا جەعفەر:**

**1952**
لەخانەقین لەدایک بووە

**1971**
بووەتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

**1971**
پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە

**1974**
پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە

**1978**
بووەتە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە . دواتر بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

**1979**
بووەتە لێپرسراوی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی

**1982**
چووەتە ئەڵمانیا

**2003**
گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان

**2004**
بووەتە بەرپرسی مەکتەبی بیروهوشیاری یەکێتی
28 کتێب و لێکۆڵینەوەی نوسیوەو 5کتێبیشی ئامادەی چاپە

---

## بەنی سەدر، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران لە دوای رووخانی رژێمی شا :

# بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەبێ بزانن ئێران بێ بەڵێنە و هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ رژێمی سەددام



**بەنی سەدر**

– ساڵی 1931 لە ئێران لە دایکبووە
– 1963 بۆ خوێندنی باڵا چووەتە فەرەنسا، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران لەگەڵ خومەینی دەگەڕێتەوە ئێران
– 1979 دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی رێبەری و نوێنەری خەڵکی تاران لە (مجلس خبرگان)، پاشان بووەتە یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران.
– 1981 لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ خومەینیدا کودەتای بەسەردا دەکرێ و لەسەر کار لادەدرێ، دواتر ئێران جێدەهێڵێ و لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێت

**ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران، لەو باوەڕەدایە ئەو ئاڵۆزییەی ئێستا لە ئێران هەیە بە پووکانەوەی یەکێک لە دوو باڵەکە کۆتایی دێت، کە بە بڕوای ئەو باڵی خامەنەیی، باڵەکەی رەفسەنجانی دەتوێنێتەوە، لە هەمانکاتیشدا دەڵێ "بە گشتی من نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبینم".**

**هەڤپەیڤین: سابیر قادری**

**رووداو: دەگوترێ ئێوە لە پەیوەندی دۆسیەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکانی لە بەرلین، لە دادگای میکونۆس وەک شاهیدی C ناسراون، ئێوە چۆن زانیاریتان لەبارەی ئەو دۆسییەوە دەستکەوت؟**

**بەنی سەدر:** من شاهیدی C نەبووم، بەڵکو دوو کەسم بەو دادگایە ناساند کە ئاگاداری چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو تیرۆرانە بوون . یەکێکیان بە نێوی ئەبولقاسم مسباحی کە کاربەدەستێکی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو و زانیاریەکی وردی سەبارەت بەو دۆسیەیە لەلا بوو. بەڵام من کە لەو دادگایەدا بەشداریم کرد، باسی ئەوەم کرد چۆن کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر بەشێوەیەکی رێکخراوی ئەنجامدەدات، لە رووی پێکهاتەو چۆنیەتی تێکەڵاوبوونی رێکخراو و داوودەزگا دەوڵەتییەکانی دیکە و بەرپرسانی پلە بەرزی کە بریتی بوون لە هاشمی رەفسەنجانی و عەلی خامنەیی، هەروەها باسی ئەو گرووپانەم کرد کە بە گرووپی سیخوڕی و گرووپی جێبەجێکردنی تیرۆر ناسراون، ئەمەش هیچ گومانێکی بۆ دادگا نەهێشتەوە، کە بەرپرسانی پلە بەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیان لەو تیرۆرانەدا هەبووە، دەرکەوت ئەوتیرۆرانە بە بڕیاری خامنەیی و واژۆی رەفسەنجانی بەڕێوەچوون. هەروەها لە دۆسیەی تیرۆری د.قاسملوو و قادری و فازڵ رەسوولیشدا، دووجار زانیاری تەواومان سەبارەت بەو دۆسیە بڵاوکردەوە. کەسێکمان لە ئێران هێنا بە دروستی باسی لەو گرووپە کرد کە دەستی لەو تیرۆرەدا بوو، گرووپی دووەم کە گرووپی ئەحمەدی نەژادە چەکی پێویستی بۆ جێبەجێکەرانی ئەو تیرۆرەی لە بازرگانێکی ئەڵمانی کڕیوەو ئەو بازرگانەش خۆی دانی بەوە دانا. دانپێدانانەکانی ئەو بازرگانەش گوتەکانی شاهیدەکانی ئێمەی لە دادگا پشت راستکردەوە.

**رووداو: هێزە سیاسییەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە رابردوو دروشمی خودموختاریان بەرز کردبووە، بەڵام بەو ویستە نەگەیشتن، ئێستاش داوای فیدراڵی دەکەن، راتان سەبارەت بەو مەسەلەیە چۆنە؟**

**بەنی سەدر:** لە وڵاتێک کە سەربەخۆیی گرەنتی هەبێت، واتە هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە پەیوەندیان بەوڵاتانی بیانی نەبێ، ئەوە حاڵەتێکی پۆزەتیڤە کە هەر لایەنێک بۆ خۆی کاروباری ئیداری و ناوچەیی خۆی بەدەستەوە بگرێت. کاتی خۆشی لەگەڵ خوالێخۆشبوو قاسملوو باسێکمان سەبارەت بە خودموختاری کوردستان هەبوو، کە من ئەو پرۆژەیەم بەلاوە پەسەند بوو و تەنانەت واژۆشم کرد، بەڵام ئەوە بەندە بەوەی کە دوو لایەن بتوانن متمانە بە یەکتر بکەن، بە جۆرێک رای گشتی خەڵکی ئێران بێنە سەر ئەو قەناعەتە کە سنووری سیاسی و جوگرافیای وڵاتەکەیان لەبەریەک هەڵناوەشێتەوە. ئێمەی لەلای خۆمانەوە بۆ هاتنە ئارای دۆخێکی لەو جۆرە تێدەکۆشین، لایەنی بەرامبەریش دەبێت یارمەتیدەری دروستبوونی کەشوهەوای لەبار بن بۆ ئەو پرسە.

**رووداو: ئێوە کە باسی دۆخێکی لەبار بۆ ئەو پرسە دەکەن، کاتی خۆی کە سەرۆک کۆماری ئێران بوون، هیچ هەنگاوێکتان بۆ ئەو پرسە هاویشت؟**

**بەنی سەدر:** بەڵێ، ئێمە کاتی خۆی لەسەر مەسەلەی خودموختاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتوێژمان هەبوو و خوازیاری چارەسەری ئەو کێشەیە بووین، بەڵام رەوتی رووداوەکان بە چەشنێک چووە پێش ئەم هەوڵو کۆششانە بەئاکام نەگەیشتن. دواتریش قاسملوو رایگەیاند لەگەڵ بەنی سەدر خوازیاری چارەسەری ئەو پرسەن، بەڵام لەلایەنی جۆراوجۆرەوە کۆسپ و تەگەرە دەخرێتە سەر رێگەمان، بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە ئەمجۆرە هەوڵانە بە شەو و رۆژێک بە ئاکام ناگەن.

**رووداو: پێتانوایە کورد لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگات بە دروستکردنی حیزبی سیاسی و کاری سیاسی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا ؟**

**بەنی سەدر:** ئەوەی ئێستا لە ئێراندا بەدیدەکرێ، ئەوەیە چوار کاندیدەکەی سەرۆکایەتی لەلایەن خەڵکەوە پەسەند کران، ئێستاش بەشێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ، بۆیە بەڕای من بچووکترین دەرفەت نەک بۆ کورد بۆ هیچ میللەتێک لە ئێران بەدی ناکرێ، مروڤ دەبێت واقیعبینانە لەگەڵ دەوروبەری هەڵسوکەوت بکات. دەبێ خەڵک خەبات بۆ ئەوە بکات لە دەست ولایەتی فەقیە رزگاریان بێت و سیستەمێکی مروڤ سالاری شوێنی ئەو رژێمە بگرێتەوە.

**رووداو: ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئێران پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، پێتانوایە ئەو هاوکارییە و پەیوەندیانە تاچ ئاستێک دوو لایەنن و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ چۆن لەو پەیوەندیانە بڕوانن؟**

**بەنی سەدر:** بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستیم بە زانیاری وردە، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی دۆستانە و دوو لایەنە نییە، بەڵام پێویستە هاوکاری هەبێت، هەرچەندە لە نزمترین ئاستیش دابێت. دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت، کە سروشتی رژێمی ئێران لە رژێمی سەدام حوسێن دەچێت و سیستەمێکی سەرکوتکارە لە پەیوندییەکانیدا، هیچ بەڵێنێک لەبەر چاو ناگرێت.

**رووداو: لەئەنجامی سەرکوتکردنی خەڵک لە ئێران بەتایبەتی دوای هەڵبژاردن و درێژەکێشانی پرۆژەی ئەتۆمی ئێران، وڵاتانی رۆژئاوا بەگشتی و فەرەنسا و ئەڵمانیا بەتایبەتی گوشارێکی زۆریان خستووەتە سەر ئێران، پێتانوایە لە ئەگەری درێژەکێشانی ئەو رەوتە، ئێران رووبەڕووی فشاری زیاتری ئەو وڵاتانە نەبێتەوە؟**

**بەنی سەدر:** من بەر لە هەڵبژاردنەکان لە وتارێکدا بە خەڵکی ئێرانم راگەیاند ئەگەر ئێوە خۆتان چارەنووسی ئێران بەدەستەوە نەگرن، ئەم ئاڵۆزی و قەیران خوڵقینیەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەرەدەسێنێت و ئەگەرێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە. لەهەلومەرجی ئێستادا، دەرەنجامی ئەو هەڕەشانەی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران بریتییە لە وروژاندنەوەی گوتاری شەڕخوازانە. چەند رۆژ لەمەوبەر جۆ بایدن، جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا رایگەیاند ئەوان رێگری لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ناکەن و هەروەها بەپێی هەواڵێک کە رۆژنامەی SUNDAY

### من هاوکاری دادگایی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی و قاسملووم کرد

TIMES بڵاویکردووەتەوە، کاربەدەستانی سعودیە رایانگەیاندووە مۆڵەتی فڕینی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیلی بە هێڵی ئاسمانی ئەو وڵاتەدا دەدەن بۆ زەبر وەشاندن لە بنکە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمە نیشاندەری ئەو قەیرانانەیە کە لە ئەنجامی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی گرتووە. هەشت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان رایانگەیاندووە دەیانەوێ لە رێگەی دانوستان و دیالۆگ کێشەی ئەتۆمی ئێران چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوە ئەو واتەیە دەگەیێنێت کە ئەم وڵاتانە بۆ جارێکی دیکە، ئەو پرسە دەکەنەوە پرسی رۆژ و ئەوەش یەکێک لە دەرنجامەکانی سەپاندنی ئەحمەدی نەژاد بەسەر خەڵکی ئێراندا . ئەو رژێمە لە قەیراندا لەدایکبووە و لە قەیراندا ژیاوە و دەیەوێ لە قەیرانیشدا درێژە بە تەمەنی خۆی بدات.



دڵنیا ئامادەیە

زانا گەلاڵی
ڕووداو- نۆرویژ

گۆرانیبێژ دڵنیا ڕەزازی ڕایگەیاند لەهەوڵی ئەوەدایە بەیارمەتی باوکی بەرهەمێکی تازە ئامادە بکات و دەڵێ " بەڵام جاریَ کاتی دەستپێکردنی دیارنییە".دڵنیا ڕەزازی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئامادەیی خۆی نیشاندا ئەگەر داوای لێبگریَ بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکات، لەمبارەیەوە دەڵێ "بێگومان ئەگەر داوام لێبکرێت بۆ ڕۆڵگێڕان لەفلیمێک یان کارێکی شانۆیی باش، دەتوانم ئەم کارە بکەم، مەرجەکەیشم ئەوەیە ڕۆڵەکە شایەنی کچێکی کورد بێت ".



نەجمەدین غوڵامی :

# پارەم لە بارزانی وەرنەگرتووە



کاوە ئەمین
kawe35@yhotmail.com

**ڕووداو- سوێد**

هەروەک خۆی دەڵێت هێشتا ڕژێمی شا لە ئێران لەسەر حوکم بوو کە دەستدەکات بە وتنی سروودی کوردی و بیروباوەڕی چەپگەرایی وای لێ دەکات کە لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە پێشمەرگەی پارتێکی چەپ. لە زۆرێک لە گوند و شارەکانی کوردستاندا بەشداری ئاهەنگە کوردییەکان دەکات و چەندین بیرەوەری تاڵ و شیرین دەبنە بەشێک لە ژیانی هونەرمەند نەجمەدین کە لە نێو شۆڕدا بە نەجمەی غوڵامیش ناوبانگ دەردەکات. ئەگەرچی ئەو چەکی پێشمەرگایەتی لەشاندا دەبێت بەڵام حزبەکەی ڕێگای پێ نادات بەشداری

> **ئەمڕۆ گەنجی کوردیان وا لێکردووە ئاشقی لوبنان و موزیکی عەرەبی بێت**

شەڕە پارتیزانییەکان بکات، بەڵکو بە سروود و گۆرانییەکانی هەستی نەتەوەیی کورد دەجووڵێنێت. دوای داگیرکردنەوە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە، نەجمەدینیش وەکو پارتە کوردییەکان، ڕوودەکاتە باشووری کوردستان، چەندین کاسێت بڵاو دەکاتەوە، پاشان ئاوارەی وڵاتی سوێد دەبێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هەمیشە لەگەڵ ئازار و خەمی نەتەوەکەیدا دەژی. لە فێستیڤاڵی چاند و هونەری کوردی لە 9/19 دا، لە ستۆکهۆڵم یەکێک لە تازەترین گۆرانییەکانی بە ناوی "کوردستان"، پێشکەش بە بەشداربووان کرد. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بیروبۆچوونەکانی لەسەر هونەری کوردی ئەوسا و ئێستا، بەم جۆرە هەگبەی خۆی بۆ خوێنەرانی (ڕووداو) هەڵدەڕێژێت.

**ڕووداو: بە بڕوای تۆ ئەمڕۆ هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیی لەچ ئاستێکدایە؟**

**غوڵامی:** ئەمڕۆ زۆربەی هونەرمەندان و هەموو ڕاگەیاندیی کوردی بە بیسترا و بینرا و ڕۆژنامەکانەوە، گلەیی لەو ڕەوشە دەکەن کە موزیکی کوردی تێکەوتووە. بەداخەوە تا ئێستا دەیان کۆبوونەوە لەسەر ئەو کێشەیە کراون بەڵام نازانم بۆچی کەس گوێیان بۆ ناگرێت؟ نازانم دڵسۆزی بۆ ئەو بەشەی هونەر نەماوە یان چی؟ دیارە ئەوە هیچ کە من پێموایە هەستی نەتەوەیی لە کوردستاندا بە گشتی کزبووە، من چوار پێنج سال لەمەوپیش سەردانی کوردستانم کرد ئەوکاتە خەڵکەکە بە جۆرێکی دیکەبوون. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە، ماوەیەک لەمەوپێش لە کۆیە چوون کێڵی گۆڕەکەی دڵداری شاعیریان شکاندووە گوایە ئەو کافرە لەبەرئەوەی وەختی خۆی وتوویەتی دینمان و ئاینمان هەر نیشتمان، جا بزانە نەتەوەی ئێمە تا چ ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە نەتەوەی ئێمە ئەنفال کراوە و کیمیابارانیان کردووە، واتە موزیکی کوردی لە ڕەوشێکی باشدا نییە.

**ڕووداو: هۆکارەکان چین؟**

**غوڵامی:** هۆکارەکەی ئەوەیە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە کاری بۆ ناکرێت، ئەو میدیا کوردیانەی کە لە باشوور هەن دیارە من ناڵێم هیچیان نەکردووە ئەگەر وابڵێم غەدر دەکەم، بەڵام تا ئێستا کەسی شارەزا بۆ بوارە جیاجیاکان دانەنراوە، کەسی شایستە لە شوێنی شایستە کار ناکات، بۆیە ئەم سەرلێشێواوییەی ئێستا سەری هەڵداوە، ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێت ئەوا دەبێت چاوەڕێی شتی زۆر خراپتر بکەین. دوژمنانی ئێمە پارە و خەڵکیان تەرخان کردووە تا موزیک و ئەدەبی نەتەوەکەمان چەواشە بکەن. تۆ سەیری تەلەفزیۆنی تورکی بکە بزانە بە ملیۆنان پارە بۆ موزیکی خۆیان تەرخان ناکەن، مەقامە کوردییەکانی ئێمە وا خەریکە ناویان دەسڕدرێتەوە کەچی تورکەکان بە باشترین شێوە کاری لەسەر دەکەن و دەینووسن و دەیکەن بە موڵکی خۆیان.

**ڕووداو: هەر لەم پەیوەندیەدا، ئەمڕۆ هێرشێکی فەرهەنگی بەربڵاو دەکرێتە سەر باشووری کوردستان لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، بە تایبەتی میوزیکی تورکی و عەرەبی و تاڕادەیەکیش فارسی، کورد چۆن دەتوانێت خۆی لەو هێرشە بپارێزێت، پێتوایە دەبێت فیلتەرێک و سانسۆرێک هەبێت لە باشووری کوردستاندا بۆ ڕێگاگرتن لەو دیاردەیە؟**

**غوڵامی:** تەنها دڵسۆزی و کەسی شیاو و بەرنامەی تایبەت دەتوانێت ڕێگر بێت. مەبەست ئەوەیە بەرنامەیەک دابڕێژرێت کە ئامانجێکی لە پشتەوە بێت، کاتێک بەرنامەیەک دادەڕێژرێت بۆ میدیایەکی کوردی خۆ دەبێت لێپرسینەوەیشی لەگەڵدا بکرێت، بۆ نموونە کاتێک تۆ دە گەنجی کورد دەهێنیت شتیان بۆ تۆمار دەکەیت دەبێت بزانیت ئامانجت لەوە چییە؟ گەرەکتە چی بکەیت؟ ئەمڕۆ دەبینین گەنجەکانی کوردیان وا لێ کردووە کە ئاشقی وڵاتی لوبنان و ئاشقی موزیکی عەرەبی بن، بەبڕوای من ئەوە کارێکی هەڵەیە، ڕاستە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن پێوەی ماندوو دەبن بەڵام هیچ کام لەو کارانە ناکەوێتە خانەی موزیکی کوردییەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئێمە شتێکی بە پێزمان لە باشووری کوردستان نەبینیوە، تەنها کاک عەبدوڵڵا جەمالی لێ دەرچێت کە چەند کارێکی کردووە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت ئەوە هونەری کوردییە، بۆ نموونە ئەوەی کە شمشاڵەکەی قالە مەڕەی تێکەڵاوی سەمفۆنیایی کوردی کردووە، کەس ناوێرێت بڵێت ئەوە کارێکی خراپە بەڵکو دەبێت دەستخۆشی لێ بکرێت. دەبوایە لەم چەند ساڵەی کە باشووری کوردستان ئازاد بووە، سەدان کاری لەو جۆرە پێشکەش بە گوێگری کورد بکرایە. تۆ تەماشاکە، میهرەجانی هونەری دەکرێت خەڵکانێک لە ئێرانەوە بانگ دەکرێن، گورانییەکانیان یان ئاینییە یانیش فارسییە، ئیتر نازانم بۆچی ناوی دەنێن میهرەجانی موزیکی کوردی؟

**ڕووداو: باشە ئێمە دەزانین لە ساڵانی هەشتاکاندا لەسەر دەمی بەعسدا، ئەوکاتە تۆ و ناسری ڕەزازی و خەڵکانی دیکە هەندێک کارتان کردووە تا ئێستایش مۆرکە کوردییەکی خۆی هەر پێوە دیارە، بەڵام ئێستا گۆرانی بڵاو دەکرێتەوە تەنها وشەکان کوردین و دەنا موزیکەکەی عەرەبییە، سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

**غوڵامی:** ئاخر ئەو کەسە دڵسۆزانە ئێستا لە ڕەخنە دەگرین هەندێک کەس زۆر بێویژدانانە بیر دەکەنەوە. بابە کاتێک ئێمە خەومان دەبینی بەوەی بستێک لە خاکی وڵاتەکەمان ئازاد بکرێت، ئێستا ئەو ئاواتەمان هاتووەتە دی نەک بستێک بەڵکو پارچەیەکی وڵاتەکەمان، ئازاد بووە. ئێمە چۆن دەمانەوێت دژایەتی ئەو ئازادییە بکەین، ئەو خەڵکانە زۆر بێویژدانن کە وا دەڵێن. ئاخر هونەر ناسنامەی نەتەوەییە. تۆ تەماشاکە ئەو میهرەجانانەی لە دیاربەکر دەکرێن کە من خۆم لەیەکێکیاندا بەشداریم کردووە و بە ملیۆنان کورد بەشداری تێدا دەکەن، بڕوا بکە هیچ حکوومەتێک ناتوانێت کاری وا شایستە بکات. باشە کاتێک باشووری کوردستان لە ژێر دەستی کورد خۆیدایە و بودجەیەکی باش هەیە،



> **کارەساتە حیزبێک خاوەنی خاوەنی دەیان ساڵ خەبات بێت هێندە ئاستی خۆی بێنێتە خوارەوە پێویستی بە هونەرمەندێکی نزم بێت دەنگی بۆ کۆبکاتەوە**

بۆ ناتوانن چوار کاری وەکو ئەوەی لە دیاربەکر دەکرێت بکەن؟ دەبێت دیسان دووبارەی بکەمەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەسی دڵسۆز لە شوێنی شایستە. ئێمە هونەرمەندی دڵسۆزمان هەیە کە دەتوانێت هونەری کوردی لەو قەیرانە ڕزگار بکات، بەڵام چی بکەین دڵسۆزی و ڕەنگە شعورەکەیش نەبێت. تۆ سەیرکە، کابرا جادەیەک قیرتاو دەکات، دەیان جار لە تەلەفزیۆنەکانەوە باس دەکرێت و دەستخۆشی لێ دەکرێت، بەڵام هونەر کە ناسنامەی نەتەوەکەی تۆیە و دەتوانێت لاوەکانت پێبگەیەنێت و هەستی وڵاتخۆشەویستیان فێر دەکات، ئەو هەستە لە ڕاگەیاندنی کورییدا بکەی ناکرێت.

**ڕووداو: رات چییە لەسەر هێنانی ئەو هونەرمەندە ئێرانیانەی داوەت دەکرێن بۆ باشووری کوردستان و ڕێکلامێکی زۆریشیان بۆ دەکرێت؟**

**غوڵامی:** من پێموایە ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی، خەڵکانێک هەن مەسەلەحەتی گیرفانیان لەوەدایە، هەندێک لەوانەی دەیانهێنن وەک دەڵێن لێشبوونەتەوە. کەواتە ئەوە هیچ دڵسۆزییەک نییە بۆ هونەر بەڵکو بەرژەوەندی کوردستاندا هیچ حسابێکیان بۆ ناکرێت، ئەوکاتە تاریکی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو، هەر ئەو کەسانەی کە لەو ڕۆژانەدا هاوکاری ئێمەیان دەکرد، بۆ نموونە ئەو چەند کاسێتەی کە من لە باشووری کوردستاندا ئەوسا تۆمارم کردن هەموویمان بە نهێنی کرد. لە بیرمە جیهازی دەنگمان نەبوو، دەچووین پارەمان دەدا بە فەراشەکەی ئیتحادی ژنان بەشەو جیهازەکەی بۆ دەهێناین و بەیانی زوو دەبوو بیباتەوە بۆ جێگای خۆی. ژنیارەکان هەموویان سەربازی فیراربوون و لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان و بەدزی کارەکانمان دەکرد. ئاخر بڕوا بکەن هەر ژنیارێکیان بگرتایە کە مۆزیکی بۆ من یان کاک ناسر لێ بدایە، لەسێدارەیان دەدا. ئەو کاتە دڵسۆزی هەبوو، بەبێ ئەوەی کەس داوای فلسێک بکات کارەکانمان دەکرد.

**ڕووداو: دەبینین ئەمڕۆ لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، موزیکی کوردی زیاتر ڕەسەنایەتی خۆی دەپارێزێت، لە کاتێکدا دەبوو لە باشوور زۆر زیاتر بکرایە؟**

**غوڵامی:** ئاخر کە ئێمەی هونەرمەندانی دڵسۆز داراییە و هیچی دیکە.

**ڕووداو: ئێستا تێکەڵاوییەکی هونەری و ئەدەبی باش لە نێوان کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات و باکووردا هەیە، پێتوایە ئەوە دەتوانێت کورد لەیەکتر نزیک بکاتەوە و سنوورەکان کاڵتریکاتەوە؟**

**غوڵامی :** ئەو تێکەڵاو بوونە کارێکی فرە باشە و دەبێت بەردەوامیش بێت، دەبێت میهرەجانی گەورەی ئەدەبی و هونەریی سازبکرێن و کوردی هەموو پارچەکان بەشداری تێدا بکەن، من ناڵێم نەکراوە بەڵام دەبێت زیاتر بکرێن و دیارە بەو جۆرەیش نین کە دڵی من ئاواتی بۆ دەخوازێت.

**ڕووداو: باشە ئێوە کە ڕەخنە دەگرن بۆخۆتان چیتان کردووە تا هونەری کوردی لەو قەیرانە ڕزگاری بێت، بیرتان لە دامەزراندنی یەکێتییەکی هونەرمەندان لە دەرەوەی کوردستان نەکردووەتەوە؟**

**غوڵامی :** هەوڵدراوە بۆ دامەزراندنی یەکێتیی هونەرمەندان لە دەرەوە بەڵام ئەوە کارێکی هەروا ئاسان نییە، کارێکی وا پێویستی بە هاوکاری ماڵی هەیە، بە تاکەکەس ناکرێت دەنا دڵسۆزییەکە هەیە. پاشان تۆ ئەگەر بچیت بۆ کوردستان هیچ هاوکارییەکت ناکرێت، بۆ نموونە من و چەند هونەرمەندێک بچین بۆ کوردستان بمانەوێت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەو چوار پارێزگایەی باشووری کوردستان کۆنسێرت بکەین، کەس یارمەتیت نادات.

**ڕووداو: بەرهەمی داهاتووت چییە؟**

**غوڵامی :** بەرهەمم زۆرە، من خۆم بەدوای شیعری جواندا دەگەڕێم و ئاوازیان لەسەر دادەنێم و تۆماریان دەکەم و دایان دەنێم، ئەو باروودۆخەی ئەم باسەمان لەسەر کرد، زۆر دڵساردی کردووینەتەوە، هەرچەندە من خۆم بە هونەرمەندێکی دڵسۆز دەزانم بۆ گەلەکەم، بۆیە هەوڵدەم بەردەوام شتێکی تازە لە کۆنسێرتەکان و تەلەفزیۆنەکاندا پێشکەش بکەم. واتە بەردەوام شتی تازەم هەیە، بەڵام جاریَ دەستم ڕاگرتووە، ئاخر دوو ساڵ پێش ئێستا لەسەر خەرجی خۆم سیدییەکم بڵاوکردەوە، بڕوابکە تا ئێستایش یەک دینار لە پارەی ئەو سیدییە نەچۆتە گیرفانمەوە.

**ڕووداو: دەربارەی کلیپە کوردییەکان چی دەڵێی؟**

**غوڵامی :** کلیپیش وەکو گۆرانی کوردیی، ئەو پاشاگەردانییە ئەویشی گرتووەتەوە. گەنجێک حەزدەکات لە تەلەفزیۆندا دەرکەوێت، شەو گۆرانییەک تۆمار دەکات و بەیانی دەیکاتە کلیپ و ئێوارە بۆی بڵاو دەکرێتەوە، جا یان کەسێک دەیناسێت، یانیش بەمۆبایل تەلەفۆنێک بۆ کەسێک کە لەو تەلەفزیۆنە کاردەکات دەکرێت یانیش مانگی سەد دۆلاری پێدەدات، ئەویش مانگی چەند جارێک بۆی دادەبەزێنێت، واتە ئەو قەیرانە کلیپیشی گرتووەتەوە، من ناڵێم هەموویان بەڵام زۆر و بۆرن.

**ڕووداو: باشە خۆ خەڵکێکی زۆریش گلەیی ئەوە دەکەن پارەیەکی خەیاڵی دەدرێت بە گۆرانیبێژ و هونەرمەند لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات، یانیش زیاتر ڕێز لەو هونەرمەندانە دەگیرێت کە لە ئەورووپاوە دەڕێنەوە بۆ کوردستان و هونەرمەندانی ناوخۆ پشتگوێ خراون؟**

**غوڵامی :** من پێموایە ئەو هونەرمەندانەی سەر بە حیزبەکانن ئەوەیان بۆ دەکرێت، من خۆم تا ئێستا دوو جار ڕۆیشتوومەتەوە بۆ کوردستان و تەنانەت خەرجی ڕێگاکەیش خۆم داومە، هیچ یارمەتییەک یان پارەیەکی خەیاڵی بەمن نەدراوە، نازانم ئەو هونەرمەندانەی کە حیزبین ئەو یارمەتییەیان درابێت من ئاگادار نیم لێیَ. دیارە دیاردەیەکی ناشیرین هەیە کە هەندێک هونەرمەند بوون بە هونەرمەندی دەربار، هونەرمەندێک کە پێویستیان پێی بێت دەیانهێننە سەر سەحنە، بۆ نموونە بۆ دەنگ کۆکردنەوە، هەرچەند هەندێک لەوانە ئاستی هونەرییان زۆر لە خوارەوەیشە، بەڕاستی من پێم سەیرە حیزبێک خاوەنی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان و سەروەرییە، خاوەنی سەدان شەهیدە، دەچێت هونەرمەندێک دەهێنێت بە کوردستاندا دەیگێرێت بۆ دەنگ کۆکردنەوە، خۆ ئەگەر ئەو هونەرمەندە جێگا پەنجەی لە نێو شۆڕشی کوردستاندا دیار بێت، دیسانیش دەڵێین قەیناکا، بەڕاستی کارەساتە حیزب خاوەنی ئەو

> **لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمێکی بە پێزی هونەریمان لە باشووری کوردستان نەبینیوە**

هەموو سەروەرییە بێت هێندە ئاستی خۆی بێنێتە خوارەوە کە پێویستی بە هونەرمەندێکی ئاوا بێت دەنگی بۆ کۆبکاتەوە، ئەمە ئیتر کارەساتە.

**ڕووداو: باشە دەنگۆی ئەوە هەیە کە نەجمەدینی غوڵامی، چوارسەد هەزار کرۆنی لە کاک مەسعوود بارزانی وەرگرتووە؟**

**غوڵامی :** ئەوە وەختی خۆیشی، شێرەی کلارنێت کاتێک لەگەڵمدا سواری ئەو ماشێنە مارسیدسە بوو بەرەنجی شانی خۆم کڕیبووم، پێیوتم ئەرێ ڕاستە دەڵێن ئەم ماشێنە کاک مەسعوود بۆی کڕیویت؟ من لێرەدا بۆ مێژوو دەڵێم: نە کاک مەسعوود، نە کاک نێچیروان و نە حکومەتی سلێمانی پارەیان نەداوە بەمن، تەنها ئەوە نەبێت دەهەزار دۆلاریان داومەتێ ئەویش هەقی هاتووچۆکەم بووە، چونکە ژن و منداڵەکانیشم لەگەڵ بووە، بۆیە دەست دەکەم بەچاوی ئەوانەی کە ئەو شتانەم بۆ دروست دەکەن، من هەم ماڵەکەم و هەمیش ماشێنەکەم بە ڕەنجی شانی خۆم پەیدام کردوون و ئێستایش هەر قەرزارم لەسەریان، ئەگەر پێویست بکات هەموو دێکۆمێنتەکان بۆ میدیاکان دەخەمە ڕوو.

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (ڕووداونێت) دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

# هونەرمەندانی کورد دەڵێن بڕۆن بۆ دەنگدان



ناسر ڕەزازی

> **هیچکات هونەرەکەی خۆم نەفرۆشتووە**

**وریا بوداغی**
**ڕووداو- هەولێر**

لەدوو ریکلامی کورتدا کە لەسەتەلایتی کوردسات پەخش دەکرێت، هەریەک لەهونەرمەندان ناسری ڕەزازی و عەدنان کەریم وەک بەشێک لەهەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە 2010/1/16 بەڕێوەبچێت، داوا لەخەڵک دەکەن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن و سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن، ئەو کارەشیان بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی وەسفکرد.

لەدوای ساڵی 2003 لەکوردستاندا لە لایەن حیزبە باڵادەستەکانەوە بە دەیان هونەرمەند بە ریکلام و کۆنسێرت و لێدوان پروپاگەندەیان بۆ هەڵبژاردنەکان کردووە، شڤان پەروەر، ناسر ڕەزازی، عەدنان کەریم، زەکەریا لەدیارترین ئەو هونەرمەندانەن کە بە شێوازی جیاجیا و لەهەڵبژاردنە جیاوازەکانی ئەم چەند ساڵەدا بەشداریان کردووە لە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان، جگە لەمانەش لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە 2009/7/25 چەند گۆرانیبێژو بەندبێژێک وەک هانی، عەزیز وەیسی،گۆران ئینزیبات و فاخیر هەریری لە هەڵمەتی لیستی جیاواز پشکداریان کردووە.

لەهەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی ساڵی 2005 لەهۆڵی پێشانگای نێودەوڵەتی لەپارکی شەهید سامی عەبدولرەحمان هەزاران قوتابی زانکۆی سەلاحەدین بەشداری کۆنسێرتی زەکەریا و گرووپەکەیان کرد، لەو ماوە کورتەدا بە دەیان جار لەلایەن زەکەریاوە داوا لەخەڵک کرا کە دەنگ بدەن بە لیستی ژمارە 730 کە هاوپەیمانی کوردستانی بوو لەبەغدا.

هەروەها شڤان پەروەر و عەزیز وەیسی بەشداری هەڵمەتی پروپاگەندەی لیستی کوردستانیان کرد و بە دەیان کۆنسێرتی هونەری بە تایبەت بۆ عەزیز وەیسی سازکران، لیستەکانی دیکەش میوانداریان لەهونەرمەندی دیکە دەکرد و بە تەلەفۆن و نامە و لێدوان هونەرمەندەکان دیسان چوونەوە ناو پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکان.

هونەرمەند ناسر ڕەزازی یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە هەمیشە سیاسەت بەلایەوە گرنگ بووە، پێیوایە کە هونەر و سیاسەت لێک جیا نین، لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوەکرد کە سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نیە، بەڵام دەربارەی دەرکەوتنی لەریکلامێکدا بۆ بەشداریکردنی کوردانی خانەقین وگەرمیان،بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆ ئەوە بەشداریم کردووە کە ئەم هەڵبژاردنە هی یەک حیزب یان یەک ڕەنگ نیە، ئەوە هی کوردە بەرامبەر بە بەغدا".

ناسر لەگەڵ ئەوەدا کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە هەمیشە خەمخۆری نەتەوەکەی بووە و خۆی بە موڵکی هیچ حیزبێک نابینێت، ئاماژەی بەوەدا هەموو جۆرە بەشداریەکیش وەک یەک نیە و ئەو جۆرە بەشداریەی ماوەیەک لەمەوبەر هەندێ گۆرانیبێژ بۆ حیزبەکانیان کرد بە جیاواز لەوەی خۆی دەبینێ و دەڵێت "هی ئێمە کاریگەری نێگەتیڤ ناخاتە سەر خۆمان و هونەرەکەمان، بەڵام ئەوانەی لە هەڵبژاردنی پێشوو (پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) ئەو کارەیان کرد 100% لەئاستی هونەر کەم دەکاتەوە، من بۆ خۆم لەهەڵبژاردنی کوردستان بەشداریم نەکرد لەبەر ئەوەی من لە باشووری کوردستان میوانم".

هەروەها ڕەزازی سەبارەت بە وەی ئایا لەپێناوی پارە لەشاشەی کوردسات دەرکەوتووە دەڵێ "من کوردسات داوای لێکردم و دواتر لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە تەلەفۆن دەستخۆشیمان لێکرا و، ئێمە هیچکات هونەرەکەی خۆمان نەفرۆشتووە بە هیچ لایەنێک و ئێمە لەرێگەی هونەریشەوە نانمان نەخواردووە، ئەوەی کردوومە ئەرکی نەتەوەییە و بۆ حیزبێک هیچکات ئەم کارە ناکەم".

جیا لە ڕەزازی، هونەرمەند عەدنان کەریم کە خۆی لەکەرکووک لەدایکبووە و ئێستا دانیشتووی وڵاتی سوێدە، ئەو بەشدارییەی خۆی بە ئەرکێکی نەتەوەییی دەبینێ، سەبارەت بەوەی کە بۆ بەشداری کردووە لەریکلامکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "من وەک هونەرمەندێک تەنها وڵاتەکەی خۆمم خۆش دەوێ و هیچ پەیوەندییەکم بە هیچ هێزولایەنێکی سیاسییەوە نییە، بەشداریکردنم تەنها لەپێناو کەرکووکە کە شارێکی تا سەر ئێسقان کوردستانییە وهەر لایەنێکیش بیەوێت ئەو شارە لە کورد زەوت بکاتەوە من بە هەرچی پێم بکرێ دژی دەوەستم، لەبەر ئەوەی دۆخێکی وا هاتووەتە پێش کە خەڵکی کوردستانیان ئاگادار نەکردووەتەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکان و ماوەیەکی کەمیان داناوە بۆ دڵنیابوون لە بوونی ناوەکانیان کە خەڵک دەبوایە بە لانی کەمەوە مانگێک یان دوومانگێکی بەدەستەوە بووایە بۆ ئەم شتە، بۆیە ئەمە جۆرە فێڵێکە لە نەتەوەی کورد دەکریَ".

عەدنان کەریم ئاشکرایکرد کە زۆری پێخۆشبوو لە کەرکووک کۆنسێرتێک بکات بۆ هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان بەمەرجێک پاراستنی ئاسایش دابین بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی بەبێ پشتیوانی لایەنێکی حیزبی ئەو شتە ناکرێت ولەبەر باری ئاسایشی کەرکووک وئەگەری ڕوودانی تەقینەوە نەیتوانیوە ئەوەبکات" ئەگەر کۆنسێرتێکم کرد وخوا نەکردا تەقینەوەیەک ڕوویدا وکەسێک کوژرا دەبمە جێی تووڕەیی خەڵک ودەبێ ئەوکاتە واز لە گۆرانی بێنم".

عەدنان ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو زۆر پەرێشانە بۆ ڕەوشی کەرکووک بۆیە لە پێناو نەدۆڕانی کەرکووک داوای لە خەڵک کردووە بچن دەنگ بدەن " خەڵک لەحیزبەکان تووڕەن و هەر بۆیە لەوانەیە قسەی من یا هونەرمەند ناسری ڕەزازی کاریگەری زیاتر بێت لە قسەی کەسێکی سیاسی" .

عەدنان کەریم ڕوونیکردەوە کە تائێستا بەشداری لە هیچ بۆنەیەکی حیزبی لە ناوخۆو نە لە دەرەوەی کوردستان نەکردووە "هەموو کورد دەزانێت من نەبوومەتە بڵندگۆی هیچ حیزبێک، بەڵام پرسی کەرکووک پرسێکی چارەنووسسازە، من دەزانم گەلی کورد زۆربەی زۆری تووڕەیە لەحیزبەکان و ئەو حیزبانەی کە دەیانەوێ هەموو شتەکان بە ئارەزوو و بە ویستی خۆیان بێت و هونەر و ئەدەب بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، من لە پێناو کورد و کەرکووک داوا دەکەم بچن دەنگ بدەن".



عەدنان کەریم

> **خەڵک لە حیزبەکان تووڕەن بۆیە قسەی هونەرمەندێک کاریگەرترە لە قسەی سیاسەتکارێک**



## ژیانێکی نوێ لە ئەمەریکا

**ڕووداو-ئەمریکا**

وەرگێڕێکی کورد بەناوی ئیدریس ئەحمەد کە لەگەڵ ئەمرکییەکان لە عێراق کاری دەکرد گەیشتە ئەمریکا . ئیدریس دەڵێ ئەو زۆر مێژبوو خەونی بەوەوە دەدی بێتە ئەمریکا تا ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. وەرگرتنی ئیدریس لە ئەمریکا بەشێکە لە پرۆگرامی وەرگرتنی ئەو وەرگێرانەی لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە عێراق وئەفغانستان کار دەکەن.

به گومانی یارمەتیدانی تیرۆریستان لەو وڵاتە

# سویسرا لێکۆڵینەوە لەگەڵ مەلا کرێکار دەکات



مەلا کرێکار و خێزانەکەی لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویج (فۆتۆ: AFP)



**ڕووداو-نۆرویج**

مەلا کرێکار گومانی لەسەرە کە چالاکی تیرۆریستی لە وڵاتی سویسرا ئەنجام دابێت. مەلا کرێکار و هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانی لە کۆتایی مانگی رابردوو لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویج لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر هەبوونی پەیوەندی و یارمەتیدانی دارایی تیرۆریستان لە سویسرا.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی "ئافتۆن پۆستن"ی نۆرویجی، نوێنەرانی نووسینگەی داواکاری گشتیی سویسری، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ مەلا کرێکار کردووە لە دادگای ئۆسلۆ کە سێ رۆژی خایاندووە.

دوو سەرچاوە کەناوی خۆیان ئاشکرا نەکرد ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە کە مەلا کرێکار تۆمەتبار و گومانلێکراوە لە کەیسێکی تیرۆرستیدا لەسویسرادا. دەسەڵاتدارانی سویسری ماوەیەکە دوو گومانلێکراویان دەستگیر کردووە کە یارمەتی دارایی تیرۆریستانیان داوەو لە سویسراوە پارەیان گواستووەتەوە بۆ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی لە رێگای سیستەمی بانکی حەواڵەی ئیسلامییەوە.

لێکۆڵینەوەکەش گەیشتە نۆرویج و مەلا کرێکار کە واپێدەچێت پێوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئەو دوو تیرۆرستەدا هەبووبێت کە لە سویسرا دەستگیر کراون.

هەروەها پۆلیسی نۆرویجی یارمەتی لێکۆڵەرەوەکانیان دابوو لە ئۆسلۆ و لەو بارەیەوە ترۆند هوگوباکن وتەبێژی

> **پێناچێت دەسەڵاتدارانی سویسری داوای رادەستکردنی مەلا کرێکار بکەن**
>
> ئارڤید سۆدین پارێزەری مەلا کرێکار

پۆلیسی نۆرویجی گوتی" ئێمە یارمەتیمان دان لە رووی جێکردنەوە و جێبەجێکردنی دانیشتنەکان، بەڵام لەوە زیاتر ناتوانم هیچ زانیارییەکی تر بڵێم" .بەپێی سەرچاوەکە جگە لە مەلا کرێکار، حەوت موسوڵمانی نۆرویجی دیکەش لێکۆڵینەوەیان لەو کەیسەدا لێکراوە .

داواکاری گشتی سویسری نەیویست لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکات و وەزارەتی دادی نۆرویجیش دەڵێ ئاگایان لەو کەیسە نییە . وەزارەتی داد ئەوەی ئاشکرا نەکرد ئایا تۆمەتبارکردنی بە هاوکاری تیرۆریستان لە سویسرا، هیچ دەرئەنجامێکی خراپی بۆرەوشی مەلا کرێکار لە نۆرویج دەبێ یان نا .

ئەگەری ئەوە هەیە داواکاری گشتی لە سویسرا داوا لە نۆرویج بکات مەلا کرێکار رەوانەی سویسرا بکرێت، بەڵام پارێزەری کرێکار لە نۆرویج دەتوانێ ئەو داوایە رەت بکاتەوە. ئەگەر دەسەڵاتدارانی سویسرا داوایەکی فەرمی بەرز بکەنەوە بۆ رادەستکردنی مەلا کرێکار، دوابڕیار لە دەست دادگای نۆرویجی دەبێ کە بڕیار بدات مەلا کرێکار بچێتە سویسرا یان نا .ئارڤید سۆدین پارێزەری مەلا کرێکار دەڵێ پێناچێت دەسەڵاتدارانی سویسری داوای رەوانەکردنی مەلا کرێکار بکەن.

لە ساڵی 2005ەوە، نۆرویج خەریکی بەستنی رێککەوتنێکی دیپلۆماتییە لەگەڵ عێراق کە ئەگەر مەلا کرێکار رەوانەی عێراق کرایەوە، دووچاری هیچ توندوتیژی و ئەشکەنجەدانێک نەبێتەوە .

بەشداریی کردووە لە پەرەپێدانی چەکی ناوەکی

# کوردێکی ئەڵمانیا بە هۆی هاوکاریکردنی ئێرانەوە دادگەیی دەکرێ

**ڕووداو- فرانکفۆرت**

رۆژنامەکانی شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا چیرۆکی بازرگانێکی ئەڵمانییان بڵاوکردەوە کە گومان دەکرێ کورد بێ. ئەو بازرگانە لە ساڵی 2007 جۆرە کامێرایەکی بە سووپای ئێران فرۆشتووە کە بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوەکی بەکاردێت. رۆژنامەنووس ستێڤان بێهر، لە رۆژنامەی (Frankfurter Rundschau) چیرۆکێکی نووسیوە . ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە چیرۆکی ئەو رۆژنامەنووسەیە کە (ڕووداو) لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی.

ئەوە مافێکی بە یاسا چەسپاوە کە موحسین. ف لە بەردەم دادگای هەرێمی فرانکفۆرتدا بەرگری لە خۆی بکات.

داواکاری گشتی موحسین بەوە تۆمەتبار دەکات کە بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوەکی هاوکاریی پێشکەش کردووە و بەمەش (یاسای کۆنترۆڵکردنی چەکی جەنگی) و (یاسای بازرگانیی دەرەکی) ی پێشێل کردووە .

تۆمەتبار تەمەنی 50 ساڵە و بازرگانێکی ئەڵمانی ـ ئێرانییە . ئەو بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە لە ئەپریلی 2007 دا، دوو (کامێرای ئەوپەڕی خێرا)، کە نرخی هەر یەکێکیان بە 100000 یۆرۆ مەزەندە دەکرێت، و هەروەها (بینەرەوەی نیوترۆن) ی بە ئێران فرۆشتبێت. دەتوانرێ ئەو کامێرایانە بۆ کۆنترۆڵکردنی رێکخستنی کڵاوە جەنگییە ئاساییەکان، کە لە توانایاندایە ببنە هۆی تەقینەوەی ناوەکیی راستەقینە، بەکاربێت.

### شەڕەقسەی دادگا

دادگای باڵای هەرێمەکە، پێشتر سکاڵای داواکاری گشتیی رەت کردبووەوە. دادگا رایگەیاند لەبەرئەوەی تۆمەتەکە نەچەسپاوە کە هێشتا بابەتی جێناکۆک، کە ئێرانە، ئایا چەکی ناوەکیی بەرهەمهێناوە یان دەهێنێ، لەبەر ئەوە نابێت تەنیا بە هۆی یارمەتیدان یان هاوکاریکردنەوە یەکێک تاوانبار بکرێت. دادگای فیدراڵیش ئەم بڕیارەی قەبوڵ کردووە . ئەوەی ماوەتەوە بێنەوبەرە و گفتوگۆی نهۆمی ژێرەوەی "دادگای هەرێمی- بەشی بازرگانی" یە .

موحسین ف. بازرگانە و دەبوو لەم گرێبەستەیدا لەگەڵ سوپا 30000 یۆرۆ هەقدەست وەرگرێت. وەک موحسین خۆی دەڵێت "هیچ شتێک بۆ کاری سەربازی" لە هەگبەکەیدا نەبووە. ئەوە کارێکی ئاسان نییە بەدوای ئەم پیاوەوە بیت و بزانیت چییە. بەپێی چەند زانیارییەک کە بەدەست کەوتوون ئەو کوردە، بە بەهرەیەکی رەنگاوڕەنگی فارسییەوە.

### مەلێکی کۆمیدی

موحسین وەک مەلێکی کۆمێدی وایە. کاتێک رۆژنامەنووسان دەیانەوێ وێنەی بگرن، سەری خۆی لە ژێر گورزەی دۆسییەکەیدا دەشارێتەوە، ئینجا پێدەکەنێ و بە گاڵتەجارییەوە دەیەوێ وێنە بگرێت و دەڵێت: "کامێرای تایبەتم نییە." پاشان بەپێکەنینەوە، بەجۆرێک دەدوێت کە مرۆڤ تێیناگات و ناتوانێ بینووسێتەوە، وەکو:"کە لە ماڵی دایکم بووم ئینیمۆگ (جۆرە ئۆتۆمبێلێکی بچووکە — ڕووداو) م لێدەخوڕی، لە گەرماوەکەی ماڵەوە، گوێم لە بتهۆڤن دەگرت، تا ئەمڕۆ پایسکلم نییە".

### لە فیزیاوە بۆ فرۆکەوانی و بازرگانی

دادگا لە بەردەم ئەرکێکی قورسدایە. رۆژانێکی زۆری دانوستاندنی لەپێشە. ژیانی رابردووی موحسین سەرسامت دەکات: لە خوێندکاری فیزیاوە بۆ خوێندکاری ئەندازیاریی فڕۆکەوانی، پەروەردەکەری ئاژەڵ، میکانیکی، جلفرۆش، دارێژەری پلانی ئابووریی کەرتی بچووک. ئەم کارانەشی لە ئێران و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و کەنەدا کردوون.

موحسین بچووکترین کوڕە لە خێزانەکەی خۆیاندا، وریا و خاوەن خەیاڵێکی زیندووە، پاشبنەمای ئیسلامی لە کەسایەتی ئەم تۆمەتبارەدا زۆر بە چاکی دەردەکەوێت، واش خۆی نیشان دەدا کە زیاتر بە کاروباری دنیاییەوە سەرقاڵ بێت. لە رۆژانی داهاتوودا، ئەو پسپۆڕانەی لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانییەوە بانگهێشت دەکرێن، هەروەها پسپۆڕێکی ئینستیتۆی فراونهۆڤەر، قسەی خۆیان دەبێت.



# 2 کورد گومانیان لەسەرە رووسیەکیان بۆ پارە لە ئەمریکا کوشتبێت

**ڕووداو-ئەمریکا**

کاتێک ئەلێکزاندەر ئەلفیرۆڤ نۆ ساڵ لەمەوپێش کوژرا،27 هەزار دۆلارەکەی نێو حیسابی بانکەکەشی لەگەڵیدا رۆیشت.

دوو ساڵ دوای ئەوەی ئێسقان وکەللەسەری لە لایەن سێ چاڵ هەڵکەنەرەوە دۆزرایەوە پۆلیس هەتا ئێستاش سەرقاڵی ئەوەیە هۆی کوشتنی ئەلفیرۆڤ بدۆزێتەوە کەتازە زاوا بوو سەری لاشەی ئەوکەسە لە پارچە پەڕۆیەکی سەوزدا 30 کم لە نزیکی شەقامی قەرەباڵخی وارانەوە دۆزرایەوە .

بەڵام بەپێی دادگای هامڵتن کە فایلی ئەو کەیسە لە لایەن پارێزەرێکەوە پڕکرابوویەوەو ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرابوو کە لێکۆڵینەوە لە ونبوونی ئەو پەنابەرە رووسیە بکات، ئەویش چەند زانیارییەکی دەربارەی ژیانی ئەو کاتەی ئەلفیرۆڤ کۆ کردبووەوە .

ئەوان دوو کەسی خەڵکی کوردستانیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە بە هەزاران دۆلاری حیسابی ئەلفیرۆڤیان پێش مردنی بردووە و ئەو دزینەش لەدوای کوشتنەکەشی بەردەوام بووە .

جێف برالی سەر بە پۆلیسی شارۆچکەی هامڵتن رایگەیاند ئەو گومانلێکراوانە بەپێی بەڵگەکان چەکیان بە ناوی ئەلفیرۆڤـەوە لەسەر حسابی ئەوەوە بۆ خۆیان نووسیووە.

بەڵام ناوبراو ئەوەشی درکاند کە ئەو کەسانە گومانلێکراوی سەرەکی نین لە کوشتنی ئەلفیرۆڤ.

لێکۆڵەرەوان پێیانوایە ئەلفیرۆڤـ ی تەمەن 32 ساڵ کە کۆمپانیایەکی پاککەرەوەی هەبوو، لەگەڵ چەند کەسێکی خراپدا هەڵسوکەوتی دەکرد، کە پەیوەندییان لەگەڵ مافیای رووسیدا هەبوو.برالی لە درێژەدا دەڵێ" بە لایەنی کەمەوە دوو هەتا سێ کەس لە پرۆسەی کوشتنەکەدا بەشدار بوون و ئەگەری ئەوەش هەیە کە زۆربەیان هەر لە ئەمریکا بن و نەچووبنە دەرەوە ".ناوبراو ئەوەش دەڵێ یەکێک لە گومانلێکراوەکان لە نزیک ئەو شوێنە دەژی کە لاشەی ئەلفیرۆڤی تێدا دۆزراوەتەوە .

دەسەڵاتدارانیش دەڵێن زۆربەی بکوژەکان پەیوەندییان لەگەڵ مافیاکانی رووسیاوە هەیە، بەڵام ئەلفیرۆڤ پەیوەندی نەبوو، برالی گوتیشی " ئەو تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسوکەوتی دەکرد کە پەیوەندیان بەوانەوە هەبوو " .

برالی دەڵێ لێکۆڵینەوە لە دزینی پارەی ئەلفیرۆڤ، لە لایەن هاوڕێیەکییەوە ئاشکرا بوو. ئەو پیاوە داوای لە پارێزەر جۆزێف سوهری کرد بۆ ئەوەی بزانێت چی بەسەر هاوڕێکەی هاتووە، پارێزەرەکەش داوای دژی ئەو دوو پیاوە کوردە بەرزکردەوە



ئەلێکزاندەرئەلفیرۆڤ

کە گومانیان لەسەرە بڕی 27 هەزاریان لە حسابی بانکی ئەلفیرۆڤ دزیبێ و دادوەرییش داواکەی قبوڵ کردووە .هیچ ئاماژەیەک نییە بیسەلمێنێت ئەو دوو پیاوەکوردە پێشتر هیچ تاوانێکیان کردبێت.

ئەم هەفتەیە پۆلیس توانی لە رێگای تاقیکردنەوەی DNOوە ناسنامەی ئەلفیرۆڤ بدۆزینەوە کەیەک دەگرێتەوە لەگەڵ خوشکەکەی لە مۆسکۆ، ئەمەش رێگای بۆ لێکۆڵەرەوان خۆشکرد کە زیاتر جەخت بخەنە سەر ئەو کەیسە، لەجیاتی ئەوەی تەنیا پشت بە سەرەداوی هەڵە ببەستن.

ئەلفیرۆڤ پێدەچێت لە 28ی ئابی 2000دا دیارنەمابێت، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی پۆلیسی شاری سینسیناتی، پێدەچێت ئەلفیرۆڤ لەدوای ساڵێکیش لەوکاتە هەر لە ژیاندا مابێت.

برالی دەڵێ هاوڕێکانی ئەلفیرۆڤ و ئەو هاوڕێیەشی کە پارێزەرەکەی ئاگادارکردووەتەوە، هەموویان لە ماڵەکەی ئەلفیرۆڤ هەتا بەرەبەیان ماونەتەوە و هەمووشیان پلانیان دانابوو کە بچنە دەرەوە، بەڵام لەو کاتەدا تەلەفۆنەکەی ئەلفیرۆڤ زەنگی لێداوە و ناوبراو پلانەکەی گۆڕی و هەرزوو هاوڕێکانی بەرێکردووە و رایگەیاندووە کە خەڵکی دیکە دێن سەردانی دەکەن، برالی لەو بارەیەوە دەڵێ" هاوڕێکانی رۆیشتن و بەپێی بڕوای ئێمە، ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوە کردووە، هەر ئەوکەسانەن کە کوشتوویانە" .

لە ماڵپەڕی cincinnati.com-ی ئەمریکییەوە

# حەمکۆ دەڵێ ساختەچی نیم





حەمکۆ

**ڕێکەوت سەلام**

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمیدیانی کورد حەمکۆ رەتیکردەوە لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان قەرزاری کوردستانی جێهشتبێت و گوتی " کاری حەمکۆ ساختەچیاتی نەبوو، بەڵکو نیشتمان پەروەر بووە، رابردوو و ئەخلاقیەتی حەمکۆ زۆر لەوە گەورەترە کە ئەو خەڵکانە بەم شێوەیە باسی دەکەن". گوتیشی "وڵات وڵاتی خۆمە رۆژێک دادێ بگەڕێمەوە، بەڵام لە کات و ساتی خۆیدا".

حەمکۆ یەکێک بوو لە ئەکتەرە کۆمیدیەکانی نەوەتەکانی شاری هەولێر، بەڵام رۆیشتە دەرەوەو هیچ هەواڵێکی نەما دواتر لەگەڵ دامەزراندنی سەتەلایتی نەورۆز بە بەرنامەیەکی کۆمێدی بەنێوی (hi5) جارێکی دیکە لە شاشە دەرکەوتەوە، بەڵام تەمەنی بەرنامەی زۆر درێژ نەبوو و نەما .

حەمکۆ بەهیچ شێوەیەک پەشیمان نییە لەو کورتە تەمسیلییە کۆمیدیانەی کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ بە قازانجی پارتی لە تەلەفزیۆنەکانی پارتی پێشکەشی کردوون و دەڵێت "ئەگەر لە دەرگای ئازادی و رای سەربەست و مافی مرۆڤ و هونەری کۆمێدیاوە سەیری بکرێت ئەوا کارێکی ئاساییم کردووە" .

حەمکۆ هۆکاری راگرتنی بەرنامەکەی لە تەلەڤزیۆنی نەورۆز ئاشکرا دەکات و دەڵێت بەرنامەکەیان پێڕاگرتووە "لە کەناڵی نەورۆز کارمەند و ئیدارەیەکی بەتوانا نەبوو بۆ ئەوەی بەرنامەکەم هەڵبسەنگێنن، راگرتنی بەرنامەیەکی خاوەن جەماوەر کارێکی ناپەسەندە، هەوڵمدا بەرنامەکەم بگوازمەوە کەناڵی زاگرۆس، بەڵام بێسوود بوو، ئەوەی من بزانم دەستێکی رەش لەدواوەی ئەوە بوو بۆ ئەوەی حەمکۆ بەند بکات لەخزمەت کردن، بەڵام خەیاڵیان زۆر خاوە"

بنەماڵەی حەمکۆ کە مەسیحین بوونەتە ئیسلام، سەبارەت بەو کارە حەمکۆ دەڵێت " باوکم کە لە مەسیحییەوە بووە موسڵمان سوودێکی زۆری پێگەیاندووم و ئایینی ئیسلامی پیرۆز رێگای راست بە مرۆڤ نیشاندەدات". سەبارەت بە دەنگۆی جیابوونەوەشی لە خێزانەکەی حەمکۆ گوتی "هەندێک ناکۆکی لەنێوانماندا هەبوو، بەڵام خەریکی ئەوەم دووبارە ماڵەکەم رێکبخەمەوە و بگەڕێمەوە سەر ژیانی تایبەتی خۆم".



## سنەوبەر سووتا

ڕووداو-دارەتوو
ڕۆژی 2009/9/24لە ناحیەی دارەتووی سەر بە هەولێر کچێک بەناوی سنەوبەر ڕۆستەم (19ساڵ) لەناو ماڵەکەی خۆی سووتا، سنەوبەر 60 %ی سووتاوەو لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێرە، لە ئیفادەی پۆلیسدا سنەوبەر دەڵێت "لە کاتی خۆشووشــتن، پەرەمێز تەقیەوەتەوەو ئاگرم تێبەر بوو"، نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ســنەوبەر سـکاڵای لەسەر کەس تۆمار نەکردووەو دەڵێت پەرەمێز تەقیوەتەوە "لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

# سێ بەسێی پیاوان ژنانی شێت کردووە

- ژنێک: بەکارهێنانی تەڵاق وەک دەرهێنانی دەمانچە وایە لەبەرامبەر ژنان
- پیاوێک: هەندێک لەژنان وەک ئەژدیها وان، ئیتر پیاو چۆن سێ بەسێ ناخوات
- مەلایەک: لەسەردەمی پێغەمبەر تەڵاقەکان یەک یەک خوراون، ئەگەر بووبێ بەسێ، ژن و مێردەکە وەک خوشک و برایان لێهاتووە

لەنیا مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

ئەگەرچی ماوەی زیاتر لە10ساڵە لەگەڵ پیاوەکەی ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، کەچی قەدەم ئێســتاش بەگومانە لــەوەی کەئەو هاوســەری حەڵاڵ و ڕاستەقینەی پیاوەکەی بێت "هەمیشە سێ بەسێ لەسەر زمانیەتی". قەدەم حەمە سەعید گوتیشی " ناوێرم قاچم تۆزێک خوار دابنێم، خێرا ســێ بەسێی پێدا دەکێشــێت ". ئەو ژنە لەو بڕوایەدایە پیاوی کورد ژنی کۆیلە کردووە بەو سێ بەسێیە .

کاتێک پیــاوی کــورد تــووڕە دەبێت، بەخێرایی پەنا بۆ ڕستەیەک دەبات، کەژنان پێی تووڕەدەبــن و ئاواتەخوازن گوێیان لەو ڕســتەیە نەبێت، کەئەویش تەڵاق خواردنی ســێ بەســێ یە .ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانــی ئەو دەســەڵاتە شــەرعییەی کەئاینی ئیسلام بەپیاوی بەخشیوە لەڕێگەی گرێبەســتی هاوســەری بەپێی شەریعەتی ئیســلام . "حەزدەکەم بمکوژێ بەس ســێ بەسێ نەخوات ". فاتیمە ئەحمەدی 35ساڵ واهەست دەکات پیاوان هیچیان بەدەستەوە نییە شەڕی دەروونی ژنی پێ بکەن ئەو تەڵاق خواردنە نەبێت . فاتیمە گوتیشــی " ئێمەی ژن زۆر بــەوە بێزار دەبین و پیاویش خۆیان ئەوە باش دەزانن ". بەڵام نەجیبە عوسمانی 29ســاڵ ئەوە بە ئاسایی وەردەگرێت و هیچ گوێی لێ نییە ئەگەر هاوســەرەکەی ڕۆژانە ئەوە دووپات بکاتەوە " چونکە دەزانم تەنها بۆ ترساندنی منەو بەدڵ نایڵێت ".

زۆربەی پیاوان دان بەوەدا دەنێن، کەلەگەڵ تەڵاق خواردن ڕاهاتــوون و ناتوانن خۆیانی لێ بەدوور بگرن . مەریوان حوسێن 28ساڵ دەڵێ "من ڕاهاتوم لەسەری و ناتوانم تەرکی بکەم . مەریوان گوتیشــی "ژنان بۆخۆیان وا لەپیاو دەکەن کەسێ بەسێ بخۆن ". مەریوان هۆکارێکی تر بۆ ئــەوە باس دەکات و دەڵێ "ژنان لەماڵەوە منداڵەکان بەباشی پەروەردە ناکەن، یان زۆر لەگەڵ پیاو دەڵێن ". بەبڕوای دلێر عەبدوڵڵا، پیاو لەخــۆڕا خوی بەتەڵاق خواردنەوە نەگرتــووە "هەندێک لەژنان وەک ئەژدیها وان، ئیتر پیاو چۆن ســێ بەســێ ناخوات ". دلێر نایشارێتەوە، کاتێک کەلەگەڵ هاوســەرەکەی دەکەوێتــە کێشــەوە تەڵاق دەخوات ڕزگاری دەبێت " ئیسراحەت دەکەم و ئەویش وازم لێدەهێنێت" .

تــەڵاق خواردنی پیاوان تەنهــا لەماڵەوە نییەو بۆ بێدەنگ کردنی کێشــەکانیان نییە لەگەڵ هاوسەرەکانیان،بەڵکو زۆربەی پیاوانی کورد لەدەرەوەش تەڵاق بەباشتریش ڕێگەی بڕواهێنــان و دڵنیایی نێــو مامەڵەو کڕین و فرۆشــتن دەبیننەوە لەدەرەوەو پێیان وایە کەخودی پیاوانیش وەک ســوێندێکی گەورە تەڵاق لەدەمی پیــاوان وەردەگرن . مەریوان حوســێن دەڵێ، نەک هەر لەگەڵ ژنان، بگرە کاتێک پیاوان لەنێو خۆیان مامەڵەیان هەیە یان کێشەیەکیان هەیە، پەنا بۆ تەڵاق خواردن دەبەن وەک چەکێکی کاریگەر .



فەتاح ئەحمەدی 41ســاڵ لەو بڕوایەدایە تەقاندنی فیشەکی تەڵاق لەلایەن پیاوانەوە، زیاتر بۆ بێ متمانەیی دەگەڕێتەوە "تاسێبەسێ نەخۆیت بڕوات پێناکەن ". ئەو پیاوە گوتیشی " هەرچی ســوێند دەخۆیت بڕواناکەن، بەڵام هەرکــە تەڵاقت خوارد بەخێرایی بڕوا دەکەن ". فەتاح گوتیشی " لای هەندێک لەپیاوانیش بووەتە لاسایی کردنەوە ".

لای زانایان و شارەزایانی ئاینی، تێڕوانینی جۆراوجــۆر بۆ تەڵاق هەیــەو مەزهەبەکانی ئیســلامیش لەبەرامبەر تەڵاق خواردن یەک دید نین .

د. مســتەفا ئیبراهیم زەڵمی، مامۆستای زانکۆو شــارەزای بواری ئاین و شــەریعەت، بەپشت بەستن بەچەند ئایەت و فەرموودەیەکی پێغەمبــەر ڕەتــی دەکاتەوە تەڵاقی ســێ بەســێ بەیەک وتە بکەوێت و دەشڵێت ئەو فەرموودانەی لەو بارەیەوە هاتوون هەموویان لاوازن .

زەڵمــی زیاتر دەڵێ، بەهیچ شــێوەیەک سوێند خواردن بەتەڵاق یان هەڵواسینی تەڵاق نــە لەقورئان و نەلەفەرمــوودەدا نەهاتووەو تەنانەت لەهیچ دادپرســییەکی ســەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکانیشدا نەهاتووە.هەروەها گوتیشــی " بــەڕای زۆر لەزانایان، ســوێند خواردن بەتــەڵاق دەچێتە خانــەی هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا ".

مەلا عەبدوڵڵا چوارتایی دەڵێ، لەسەردەمی پێغەمبەردا تەڵاقەکان یــەک یەک خوراوەو ئەگەر بووبێ بەســێ تــەڵاق، ئەوا ئەو ژن و مێردە وەک خوشــک وبرایان لێهاتووەو بۆی نییە بۆجارێکی تــر بگەڕێتەوە بۆ لای تەنها لەســێ حاڵەتدا نەبێت" مەگەر ژنەکە سکی پڕبێت، یان ســوری مانگانەی هەبێت، یان تەمەنێکــی گەورەی هەبێت ". گوتیشــی " چاککردنەوەی تەڵاق بەکەفارەت دەبێت ".

بەڕای بەهار ڕەفیقــی توێژەری دەروونی، بەکارهێنانی وشەی تەڵاق لەلایەن پیاوانەوە کاریگەری دەروونی لەسەر ژنان هەیە و دەڵێ " بەکارهێنانی تەڵاق وەک دەرهێنانی دەمانچە وایە لەبەرامبەر ژنان " چونکە دەیترسێنێت ". ئەو توێژەرە دەروونیە گوتیشی " ئەو پیاوانەی کەتەڵاق زۆر بەکار دەهێنن، کەســایەتیەکی لاوازیــان هەیە و بۆ شــیرازەی ماڵیش باش نییە ".

ئەو توێــژەرە دەروونییە، ئەوە بەجۆرێک لەتوندوتیژی دەروونی نــاو دەبات کەپیاوان لەبەرامبەر هاوسەرەکانیان بەکاریدەهێنن"پا ڵەپەســتۆیەکی دەروونی قورسە لەسەر دڵی ژنان ". هاوکات ئامۆژگاری پیاوانیش دەکات لەو جۆرە وشــانە دوور بکەونــەوە "بازنان تووشی نەخۆشی دەروونی نەبن ".

# پیاوان بۆچی پارەکانیان ڕادەستی کچە گەورەکانیان دەکەن؟

ڕووداو — سلێمانی

هەســتی خۆ بەگەورە زانینی شاگوڵ زیاتر بۆ ئــەو متمانە زۆرە دەگەڕێتەوە کەباوکی پێی بەخشیوەو بێ هیچ مەرجێک، کلیلی سەروەت و سامانەکەی ماڵی خستووەتە نێو مشتی "کارێکی وام کردووە کەباش بگوزەرێین وجوان پۆش بین و پارەش پاشــەکەوت دەکەم ".شاگوڵ خەلیل لەبەڕێوەبردنــی ئەرکە ئیدارییەکــەی ماڵەوەدا هێندە ســەرکەوتووە، هەمــوو جارێک باوکی لەپەســندانیدا دەڵێت "حەقە بکرێت بەوەزیری ئابووری ماڵەکەمان ". ئەو کچە تەمەن 25ساڵە، کەکچی گەورەی ماڵیشــە، متمانە زۆر بەگرنگ دەزانــێ، تاوەکو بتوانی ببیتە دەســەڵاتداری یەکەمی ماڵ .

لەکۆمەڵگا باوک سالارەکەی کورد دا، زۆربەی هــەرە زۆری باوکان ئیدارەکردنــی ماڵ دەدەنە دەست کچە گەورەکانیان و پێشیانوایە کەکچان بۆ ئەو ئەرکە شیاوترین ئەندامی خێزانەکەن، بتوانن ماڵ ســەرکەوتووانە بەڕێوەببەن . "براکەم زۆر هەوڵدەدات پارەی ماڵ لەژێر دەستی ئەودابێت، بــەڵام باوک و دایکم ڕێگەی پێنــادەن ".نازناز شەریف کەئێستا دەسەڵاتداری یەکەمی ئیداری ماڵی خۆیانە گوتیشی "هەست بەگەورەیەکی زۆر دەکەم کاتێک هەموو خێزانەکەم چاویان لەدەستی منەو هەرچی پەیدا دەکەن، دەیخەنە بەردەستی من ". نازناز کەلەتەمەنی 20ســاڵیەوە کاروبارە ئیداریەکانــی ماڵ هەڵدەســوورێنێت، پێیوایە ئەگــەر براکەی کلیلی پارەی مــاڵ وەربگرێت، نەپاشــەکەوتیان بۆدەکرێت و نەماڵێکی خۆش گوزەرانیش دەبن " کــوڕان زیاتر بیر لەخۆیان دەکەنــەوە ". ئەو نەشیشــاردەوە، کەدەتوانێ ئەزموون بۆ کاتی شــووکردنی پەیدابکات و گوتی"کاتێکیش چوومە ماڵی خۆم دەزانم چۆن پارە خەرج بکەم ".



هەندێک لەژنانیش بەو بڕیارەی پیاوەکانیــان تــووڕە دەبن و پێیانوایــە کەکودەتایەکــی ناڕاســتەوخۆ بەســەر دەســەڵاتیاندا کــراوە . ســەبریە شەریفی 40ساڵ دەڵێ"ئەمــە مانای چی کچ تەسەروف بەپارەی ماڵەوە بکات ؟".سەبریە کەیەکەمین جار بە تۆران کاردانەوەی لەبەرامبــەر ئــەو بڕیارەی پیاوەکەی نیشانداوە گوتیشی "کە پیاوەکەم پارەی ماڵی خســتە بەردەستی کچەگەورەکــەم، هەفتەیــەک تۆرام".

بەبــڕوای بەدیعــە نەجیبــی 39ساڵیش ئەمە بووەتە چاولێکەری و هەرچەند سەرەتا زۆر بەلایەوە ناخۆش بووە، بەڵام ئێستا ناچارە ئاسایی وەری بگرێت . بەدیعە نەی شــاردەوە، کاتێک پیاوەکەی ئەو بڕیارەی دەرکردووە، کەئەو لەپارەی ماڵ هاوکاری ماڵی باوکی و برایەکی خۆی کردووە . بەدیعە دەڵێ، دوایی بۆئەوەی دڵی منیش ڕابگرێت، گوتی"لەبەر ئەوەی کچەکەم تاقانەیە، لەخۆشەویستیدا ئەوە دەکەم".

ئەوەی کەزیاتر پیــاوان بۆ ئەو جۆرە بڕیارە دەجووڵێنێت، بێمتمانەییە بەژنەکانیان .عوسمان شــوکر چیرۆکێکی تاڵی لەبارەی بەهەدەردانی پارەی ماڵەکەیەوە هەیە لەلایــەن ژنەکەیەوەو دەڵێ،کاتێــک زانیــم هیچــم نەبــووە بەهیچ کەداوای هەندێک پارەم لێکرد بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلەکەم " هەرچی پارەم دەدایە، ئەویش بەبێ ئاگادارکردنەوەی من بەشــی ماڵی باوکی لێدەدا ". عوســمان گوتیشــی " هەرکە گوتم هەندێک پارەم بدەرێ، یەکسەر خۆی تووڕەکردو ڕۆشتەوە بۆماڵی باوکی ".

دوابــەدوای تۆرانــی ژنەکــەی، عوســمان کچەگەورەکەی ڕادەســپێرێ بۆئــەوەی ببێتە ئەمینداری پارەی ماڵەوەو لەوکاتەشەوە هەست بەوەدەکات کەرەنجی فەرهــادی بەفیڕۆناچێت "ئێســتا ماڵ و حاڵێکی ترم هەیەو جگەلەوەی کەهەموومان پۆشتەوپەرداخین،پاشەکەوتیشمان هەیە" .لەلایەکی ترەوە عوسمان بەوەدڵخۆشیشە، کەئێستا کچەکەی هەست بەبوونی خۆی دەکات "ئێســتا بەنــازو خۆشەویســتی باوکایەتیش دەزانێ".

مامۆســتایەکی زانکــۆی ســلێمانی کەپسپۆڕی بــواری ئابوورییــە کاریگەرییەکانی پارە پاشــەکەوت کردن بەگرنگ دەزانێ و هاوکات دەڵێ، کاتێک پارە زۆر خەرج کراو خرایە بازاڕەوە، هەڵئاوسان دروست دەبێ و پارە نرخی نامێنێت . مامۆستا محەممەد ڕەئــوف گوتیشــی " هەندێک جار کچەگەورەکە پارەپاشەکەوت دەکات و پارە زۆر خەرج ناکرێت و چالاکیە ئابوورییەکانیش کەم دەبێتەوەو قازانجیش کــەم دەبێتەوە لەبازاڕدا ". ئەو مامۆســتایە هەروەها گوتیشــی "کچان پێویستە هەوڵ بدەن هێندە خەرجی کەم بکەن، تاهەڵئاوســان دروســت نەبێت وخواست کەم ببێتەوە ".

گۆڕانکاری و کرانەوەکۆمەڵایەتیەکان بەردەوام بەقازانجی کچان و ژنان دەشــکێنەوە، ئێســتا جگەلەوەی لەڕووی سیاسیەوە ژنان بەشدارییەکی زیاتریــان هەیە لەنێــو کایە سیاســیەکاندا، هاوکات لەروی ئیداریشەوە، زۆربەی هەرەزۆری فەرمانگــەکان لەلایەن ئافرەتانــەوە کۆنترۆڵ کراون و لــە 60%ی موچەخۆرانــی فەرمانگە حکومیەکانیش بوونەتە ئافرەت .

"منیــش دەڵێم عاقڵی کچــە نازدارەکەمە". ئاورنگ حوســامی تەمەن 55ساڵ، دان بەتواناو شــارەزایی ئیداری کچەگەورەکەیــدا دەنێت و دەڵێ، ئەوەچەند ساڵە ئێمە ژن و مێردین، نەمان توانیوە وەک ئەو ئاوا بەرێک و پێکی ماڵ ئیدارە بکەین . ئاورنگ ئەوەشی گوت " بڕوابکە هەرچی دێتە ماڵمان، سەرســامە بەکەلوپەلی جوان و خاوێنــی و ڕێک و پێکی ماڵەکەمــان ".ئەگەر ئەو ژنە دەســەڵاتی هەبووایە، بڕیاری ئەوەشی دەردەکرد کەژنێک ببێتە وەزیری دارایی ئەو حکومەتە .



هۆکارەکانــی هاتنەســەرکاری کچــان لەئیــدارەی ماڵــدا بەلای کۆمەڵناســانەوە جۆراوجــۆرەو زیاتریــش بــۆ متمانــە لەدەســتدانی نێرینەو گومانــی پیــاوان لە ژ نە کا نیــا ن دەگەڕێتــەوە . جەزا حەمەساڵح، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان دەڵێ، باوک لەدەرەوە زۆر سەرقاڵەو ناتوانێ ماڵیــش بەدروســتی بەڕێــوە ببــات .هەروەها گوتیشــی "کــوڕ بەهــۆی کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و باوکســالارییەوە ئــازاری زۆرترەو ئەمەش وای لێدەکات بەشــێوەیەکی خــراپ پارە بەکاربهێنێت ". هۆکارێکی تر کەئەو کۆمەڵناســە نایەوێت فەرامۆشی بکات، دڵدانەوەی باوکانــە بــۆ کچەکانیــان "هەندێک بــاوک لەڕوانگەی نازەوە ئەوە دەکات ".

# ژنانی هەڕەشە لێکراوی ڕانیەو پشدەر لە ماڵان داڵدە دەدرێن

فەرمان چۆمانی
ڕووداو-ڕانیە

بەهۆی نەبوونی سەنتەری داڵدەدانی ژنان لە ســنووری هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر، ژنانی هەڕەشــە لێکراو لە ماڵان داڵدەدەرێن و بەرپرسانی ناوچەکەش داوای دروستکردنی سەنتەرێکی داڵدەدان بە ژنان دەکەن.

دەڤەری ڕانیەو پشدەر یەکێکن لەو ناوچانەی تــا ئێســتاش بە دەســت دەیان دیــاردەی کۆمەڵایەتــی دەناڵێنن و توندوتیژییەکی زۆر بەرامبەر ئافرەتان تا ئێســتاش بوونی هەیە. هەر چەندە نووسینگەی توندوتیژی دژ بە ژنان هەیە، بەڵام ســەنتەری داڵدانیان نییە بۆ ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە.

ڕائیــد حەســەن خۆشــناو بەڕێوەبەری نوســینگەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕانیە دەڵێــت "یەکێــک لــە گرفتــە گەورەکانی نووســینگەکەمان نەبوونــی ســەنتەرێکی داڵدەدانی ژنانە"، گوتیشــی تا ئێستا پتر لە 10 کەیسیان ڕەوانەی سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان لە شوێنەکانی دیکە کردووەو لە کوشتن ڕزگایان کردوون".

ئــەو ڕائیدە ئاماژەی بەوەدا کە زۆرجار لە نیوە شەودا کەیسیان بۆ دێت، بەهۆی نەبوونی سەنتەر لە ماڵەکانی خۆیان داڵدەدەیان دەدەن "بەپێی یاسا ئەوانە تاوانبار نین و ناتوانین لە بەندیخانە دایان بنێین، بۆیە لە ماڵەکانی خۆمان داڵدەیان دەدەین، ئەوەش لە ڕووی یاسایی و کۆمەڵایەتیشەوە قورسە تا دەگەێنرێتە شوێنی خۆی".

ڕائید حسن پێیوایــە کۆمەڵێک حاڵەت پێویستی بەوە نییە لە سنوورەکە دووربخرێتــەوە، چونکە کاتێک ژنێــک دوور دەکەوێتــەوە لە ســنوورەکەمان وەرگرتنەوەی کارێکــی قورســە، هەروەهــا کۆمەڵێک کێشــە هەیە دوای قسەکردن لەسەری دەردەکەوێت لــە مــاوەی کەمتر لــە 48 کاتژمێر دەتوانرێ چارەسەر بکرێ، بەڵام ئەگەر بنێردرێ بۆ ســەنتەرێک لە سلێمانی تــا دەیهێنیەوە لەوانەیە 10 ڕۆژی پێ بچێت، ڕەنگە دووبارە خێزانەکەی وەرینەگرێتەوە.



> **سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنان لە سنوورەکەمان بە پێویست دەزانم**
> بەڕێوەبەری نووسینگەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ڕانیە

بــە پێچەوانەی ڕائید حەســەن کە داوای کردنەوەی سەنتەرێکی داڵدەدانی ژنان دەکات، عەلــی حەمەد بەگ، قایمقامی قــەزای ڕانیە لەگەڵ کردنەوەی ســەنتەرێکی لەو شێوەیە نییــە و دەڵێت "لەگەڵ پەناگــەی ژنان نیم، دەبێ دەزگاکانی حکومــەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ هەوڵبدەن ژیانێکــی هاوچەرخانە لەنێوان ژن و پیاو دروست بکەن". گوتیشی "دەمانەوێت سەنتەری ڕۆشــنبیری و گەشەپێدانی ژنان و هاوسەرێتی و گەنجان زیاد بکەین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و تەندروست دروست ببێ".

قایمقامــی قــەزای ڕانیــە ڕاشــیگەیاند کــە گرتووخانەیەکــی ســەردەمانەیان بــۆ دروستدەکرێ و بەشی ژنانیشی تێدایە و ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە دەکرێ لەو گرتووخانەیە پەنا بدرێن. گوتیشی "ناکرێ کچێــک هەر لە ماڵەوە تووڕە بوو ڕابکاتە ئەو سەنتەرانە، پێویستە کێشەکان لە ڕێگەی یاسا چارەسەر بکرێت".

لایەنەکانــی دیکــەش لەوانــە توێژەرانی کۆمەڵایەتــی بوونی ســەنتەری داڵدەدان بە چارەســەر نازانن.ڕێزان ئەحمەد، چالاکڤان لە بــواری ژنان و توێــژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت "زۆر بــە پێویســتی نازانم کە ســەنتەرێک هەبێت لەو ناوچەیە بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی تووشی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەشــێوەیەک ببێتە خانە و لانەی هەمیشەیی ئەو ژنانە و نەگەڕێتــەوە بۆ ناو خێزانەکەی، بەڵام دەگونجێت سەنتەرێک هەبێت داڵدەی ئەو کەسانە بدات کە هیچ پەناگەیەکیان نییە".

ئەوتوێژەرە گوتیشی "پێویستە سەنتەرەکان و لایەنەکانی پەیوەندیدار بەکێشــەکانەوە کار بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی ئەو ئافرەتانە بکەن کە ڕووبــەڕووی توندووتیژی دەبنەوە، ببنــە نێوەندێک بۆ گەڕاندنەوەیــان بۆ ناو خێزانەکانیان، نەک لە سەنتەرێک داڵدەدەی بدەن و کێشــەکەی بە هەڵپەسێدراوی بمێنێتەوە".

> **پەناگەی ژنان بە پێویست نازانم**
> قایمقامی ڕانیە



سەنتەری نەوا لە هەولێر

(فۆتۆ:ڕووداو)

ڕووداو

# کۆمەڵایەتی



## ئارەزوو لەبەر خەسووی خۆی سووتاند

ڕووداو-چۆمان

دوای 4ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر، ڕۆژی 2009/9/29 ئارەزوو محەممەد، 27ساڵ، بە هۆی خۆسووتانەوە گیانی لە دەستدا، ئارەزوو خەڵکی گوندێکی شارۆچکەی چۆمانی سەر بە پارێزگەی هەولێرە، بەر لە مردنی لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "چەندین جار لەگەڵ مێردەکەم و خەسووم بووەتە دەماقاڵێم و لێیانداوم، دواجار بووە کێشەیان و زیاتر لەبەر خەسوو و خەزوورم خۆم سووتاند، نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر ئاماژەی بەوەدا دۆسیەی تایبەت بە ڕووداوەکەیان کردووەتەوەو "لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

# ژیارێ پولیس ژبەر چ خو کوشت؟

عەبدوڵلا نهێلی
ڕووداو-دهوک



ژیارێ تەمەن 36 سالی ل ئێڤاریەکێ، دونیا روهن ژبەر تاری دبیت، نەگەهشت مێز و قەنەفا پیرۆزبکەت، مێڤانێ شیڤێ بوو ل دەف مالا بابێ خو، بەلێ بڕیارا دوماهیا ژیانا خودا و ب گوللەکا دەبانجا بێدەنگ دوماهیک ب ژیانا خو ئینا. ژیار جەمیل 14 سال بوو وەکو پولیس ل ڕێڤەبەریا پولیسێن دهوکێ کاردکر، دروژا ئێک شەمبی ژی 2009/9/27 وەکو هەموو ڕۆژێن دی ئێن دەواما فەرمی قەستا هێزا ئامادە کر، پشتی دەواما وێ ب داوی هاتی ڤەگەڕیا مال و بێهنا خۆ ڤەدا.

بژار برایێ ژیاری هوسا چیروکا خۆ کوشتنا ژیاری تایبەت بو (ڕووداو) ڤەگێرا و دبێژی" ژیار چار سالە خێزان بێک ئینایی، خودێ چ زارۆک نەدابوونێ، هەتا بەری سێ مەهان دگەل مەدابوو، بەلێ ئەڤە سێ هەیڤ بوو، ژمە جودابوو، چووبو تابقێ دوویێ یێ خانیێ مە، ل وێ روژا خو کوشتی ژی مالا مە هندەک مێز و قەنەفە کڕیبون و هاتە خارێ گوتە دیکامن: شرینیا مێز و قەنەفا مەغرەب ئەز مێهڤانێ هەوەمە، پاشان پشتی ئیڤاری شەرە دەفەکەک دناڤبەرا وی و خێزانا ویدا دروست بوو، بەلێ گەلەک نەڤەکێشا، ژیار قەستا حەمامێ کر، پشتی هندەک توفک د حەمامێ ڤە خاری

**مە دەست ب دیفچوونێ کریە، بەلێ هەتا نووکە چ دیار نەبوویە**

عەقید فەرهاد ئەتروشی ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پولیسێن دهوکێ ب وەکالەت

ل دەمژێر حەفتێ ئیڤاری ب دەبانجا بێدەنگ گولەک ل سینگێ خۆدا.

ددەمێ ڤەگێرانا چیرۆکا خۆکوشتنا ژیار برایێ وی ئاخینکەک راهێلا و زێدەتر بەحسێ دروستبونا ڕوودانێ کر و دبێژی"دەمێ خێزانا وی لسەر هەلبووی، ژترسادا گوهێن خو گرتن و هاتە خارێ و کرە هەوارو گوت: وەرن ژیار خو کوشت، برایێ من یێ مەزن ژی چو، نەشیا سەحکەتێ، هەتا جیرانێن مە هاتی برە نەخوشخانێ، بەلێ نوژداران گوت: ژیار ل مال تمام بویە .هەروەکو برایێ ژیاری دیارکری کو بەری نوکە و ئەڤە چار سال بوو گەلەک جاران ژیار دگوت دێ خو گوژم، بەلێ مە دگوت سوحبەتا دکەت، هەتا هندەک جاران هەولدایە چەقو بریە دەف خو یان گوتیە دێ خو هاڤێژم، بەلێ مە نەدزانی دێ ئەو جرئەت هەبیت و دێ خو گوژیت.

ژیار چار براێن دی هەنە و بتنێ ئێک ژ وان برایا ژ ژیار مەزنترە، بەلێ ژبەر کەیف خوشی و سوحبەتێن ژیاری دمالێ دا، هەروەکو برایێ ژیاری بەحس کری و دبێژی" مە هەمیا گەلەک حەژێ دکر و هەتا مالا مە دگوت: ئەگەر هەمی براین دی بان بەس ژیار نەبا، چونکە ئەوی غەمەکا مەزن بومە دروست کریە، و چ جاران ئاریشە بو کەسێ دروست نەدکر، بتنێ وەکو هەمی خێزانێن دی هندەک جاران ئاریشە دناڤبەرا وی و خێزانا وی دا دروست دبون، وەکو بارێ وی یێ ئابوری ژی ژیانا وی یێ باش بوو، چونکە خودان مووچەبوو، و موچەیێ خو ژی نەپیچ دکر و هەمی دخزمەتا مالا خودا خەرج دکر.

برایێ وی ئەو ژی دیارکر کو ئەوان شک و گومان لسەر کەسێ نینە و دبێژی"قەدەرا خودیە مە چ دگەل کەسێ نینە بو خوکوشتنا وی.

عەقید فەهاد ئەتروشی ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پولیسێن دهوکێ ب وەکالەت بو (ڕووداو) دیارکر" ژیار هەتا نوکە چ ئاریشە نەکرینە و ددەمێ مە ب خو کوشتنا وی زانی، هەروەکو خێزانا وان دیارکر کو نەخوشیەکا دەروونی بو دروست بوو، ئەوی بخو خو کوشتیە.

هەوەها ئەتروشی ئەو چەندە ژی دیارکر کو پشتی دروستبوونا ڕوودانێ وان دەست ب دیفچوونێ کریە، بەلێ هەتا نوکە چ دیار نەبویە.

**چار سالە هەولێن خو کوشتنێ ددەت**

برایێ وی

ژلایەکێ دیڤە ژێدەرەکێ ژ ڕێڤەبەریا بزیشکیا دادا دهوکێ بو (ڕووداو) دیارکر کو گولە ب سینگێ وی کەفتیە، وەکو دیار گوللە نێزیک فێکەفتیە.

هەڤالەکێ وی یێ پولیس ل بنگەهێ پولیسێن هەوارهاتنا دهوکێ بەحسێ ژیاری کرو دبێژی"ژیار کەسەکێ سوحبەت خوش بوو، لڤێ داویێ ببو چاچیێ ڕێڤەبەرێ مە، مە هەمیا گەلەک حەژێ دکر، هەتا نوکە چ ئاریشە بو چ هەڤالێن مە دروست نەکرینە".

پرسەی ژنان کۆڵانەکانی هەولێر دادەخات

# 314 هۆڵ بۆ پرسەی ژنان دروست دەکرێن



ڕەوا عەبدوڵلا
rawaebdalla@yahoo.com

ڕووداو - هەولێر

هەفتەی ڕابردوو مێردی زولێخا ڕەحمان بە کارەساتێک کۆچی دواییکرد،دوای ناشتنی تەرمەکەی پرسەی پیاوان لە یەکێک لە مزگەوتەکانی هەولێر دانرا، بۆ پرسەی ژنانیش خێوەتێکی دوورو درێژ لەبەردەم ماڵی زولەیخا هەڵدرا، بەمەش بۆ ماوەی 3 ڕۆژ هیچ ئۆتۆمبێلێک نەیتوانی هاتووچۆ بەو گەڕەکەدا بکات.

ماوەی چەند ساڵێکە هەڵدانی خێوەت بۆ پرسەی ژنان لەنێو کۆڵانەکانی شاری هەولێر بووەتە دیاردەو، ئەمەش ناڕەزایی لەلایەن بەشێک لە هاووڵاتیان دروستکردووەو دەڵێن ئەو خێوەتانە گرفتی هاتوچۆ لەو گەڕەکانە دروست دەکەن. زولەیخا دەڵێت ئەگەر هۆڵی تایبەت بە پرسەی ژنان هەبێ ئەوان خێوەت لە کۆڵان هەڵنادەن، زولەیخا کە لەنێو ئاپۆڕای ژنانی ڕەشپۆش وەستابوو و بەخێرهاتنی دەکردن، گوتی "پرسەی ژنان وەکو جاران نەماوە، ئێستا زۆر قەرەباڵغە لە ماڵان جێی نابێتەوە بۆیە ناچارین خێوەت هەڵبدەین". ناو بەناو دەستی بەگریان دەکرد، بەڵام کاتێک قورئان خوێنەکە فاتیحایەکی دادەدا بێدەنگ دەبوو.

ئەنوەر محەممەد، 66 ساڵ، داواکارییەکەی زولێخا کە دروستکردنی هۆڵی ژنانە، بە چارەسەر نازانێ "چونکە ئەگەر حکومەت لە هەر گەڕەکێک چوار هۆڵیش دروستبکات، ناتوانێ ژنان ڕازی بکات"، ئەنوەر بە باشی دەزانێ حکومەت بڕیارێکی بوێرانە بدات و بە یەکجاری دانانی پرسەی ژنان قەدەخە بکات، بەڵام زولەیخا دژی ئەو بۆچوونەیە و دەڵێت "دەبێ یەکەمجار پرسەی پیاوان قەدەخە بکرێ".

مامۆستایانی ئاینی لەگەڵ هەڵدانی خێوەتی پرسەدا نین و پشتگیریی هەر بڕیارێک دەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە دەربچێ بۆ

**بەهاوکاری پارێزگای هەولێر 6 هۆڵ بۆ پرسەی ژنان و بۆنەکان دروست دەکەین، ئەوکات هەر کەسێک پرسە لەسەر شەقام دابنێ سزای دەدەین**

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

قەدەخەکردنی دیاردەکە. مەلا عەلی خەتێ، ئەندامی لێژنەی فتوای کوردستان، دانانی پرسەی ژنان بە پێویست نازانێت دەڵێ "ئێمە وەک لێژنەی فتوا پشتگیری لەهەر لایەنێک دەکەین کە هەڵدانی خێوەتی پرسە لەسەر شەقامەکان و پرسەی ژنان قەدەخە بکات، چونکە دانانی پرسەی ژنان لەسەر شەقامەکان جگە لەوەی شتێکی ناشارستانییە، لەجیاتی خێریش گوناه بۆ مردوو زیاد دەکات".

سەرەڕای دەربڕینی بێزاری خەڵک لە هەڵدانی ئەو خێوەتانە، بەڵام عەبدوڵخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیس هەولێر، دەڵێت تا ئێستا کەس سکاڵای لەدژی هەڵدانی ئەو خێوەتانە تۆمار نەکردوە گوتیشی"تا سەرووی خۆمان فەرمانمان پێنەکەن، یا خەڵک سکاڵا لەدژی هەڵدانی ئەو خێوەتانە تۆمار نەکات، ناتوانین کەس سزا بدەین".

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف 4089 مزگەوت لەکوردستان هەن، بەڵام تەنیا 1047 مزگەوت هۆڵی پرسەو بۆنە ئاینیەکانیان هەیە، زۆربەی ئەو هۆڵانەش لەشارەکان بۆ پرسەی پیاوان بەکار دێن، هیچ هۆڵێکی پرسەی ژنان نییە .مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند وەزارەتی ئەوقاف بۆ چارسەرکردنی کێشەی دانانی پرسە لەسەر شەقامەکان بە نیازی دروستکردنی 314 هۆڵە بۆ پرسەی ژنان "زەویمان لەسەرجەم گەڕەکەکان بۆ هۆڵەکان دابین کردووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجە تائێستا نەمانتوانیوە ئەو هۆڵانە دروست بکەین".

ئەوبەرپرسەی وەزارەتی ئەوقاف پێشیوابوو دروستکردنی ئەو هۆڵانە سەرەڕای ئەوەی کێشەی هەڵدانی خێوەتی سەرشەقامەکان چارەسەر دەکات، لەهەمانکاتیشدا پرسەی ژنانیش دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ئەوقاف گوتیشی "ئەوکات بەیەکجاری دانانی پرسەی بەیانیانی ژنانیش کۆتایی دێت".

سدقی زراری سەرۆکی شارەوانی هەولێر، گوتی لەبەر نەبوونی هۆڵ بۆ پرسەی ژنان لە گەڕەکەکان تائێستا نەیانتوانیوە ڕێگە لە هەڵدانی خێوەت لەگەڕەکەکان بگرن، گوتی "هیچ جێگرەوەکمان نییە، بۆیە ناتوانین قەدەخەی بکەین". گوتیشی "لە بەرنامەماندایە بەهاوکاری پارێزگای هەولێر 6 هۆڵ لەسنووری شارەوانییەکان بۆ پرسەی ژنان و بۆنەکان دروست بکەین، ئەوکات هەر کەسێک پرسە لەسەر شەقام دابنێ سزای دەدەین".

تاهیر عەبدوڵلا، جێگری پارێزگاری هەولێر، هەڵدانی خێوەتی پرسەی ژنان لەگەڕەکەکان بەدیاردەیەکی ناشارستانی وەسف کردو گوتی "ماوەی چەند ساڵێکە هەڵدانی خێوەت لە گەڕەکەکان خەریکە دەبێتە دیاردە، بۆیە بە نیازین بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی، وەک هەنگاوی سەرەتا لەسنووری هەر شارەوانییەک هۆڵێکی پرسەی ژنان دروست بکەین". تاهیر داواشی لە خەڵکی خێرخواز کرد لەجیاتی دروستکردنی مزگەوت هۆڵی پرسەی ژنان دروست بکەن.



هەڵدانی خێوەت بۆ پرسەی ژنان لە هەولێر بووەتە دیاردە

(فۆتۆ:ڕووداو)

# پیاوانی کوردستان بە ژنەکانیان ناڵێن "خۆشم دەوێی"

جوان جەمیل
ڕووداو-هەولێر

ئەحمەد ماوەی شەش ساڵە بە وشەی "خۆشم دەوێی" و بەخشینی دیاری، دڵی نازەی ڕاگرت. بەڵام دوای هاوسەرگیریان ئەو وشەیە بەرەو کاڵبوونەوە چوو و دیاری بەخشینەکانیش کەمبوونەوە. تا وای لێهات وشەی "خۆشمدەوێی" بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردن.

نازە محەممەد، تەمەن 25 ساڵ، 4 ساڵە شووی کردووە، دایکی منداڵێکە. هەرچەندە لەگەڵ ئەحمەد زۆر یەکتریان خۆشدەوێت، بەڵام حەزدەکات مێردەکەی پێی بڵێت خۆشمدەوێی "ئەگەر مێردەکەم یەکجار بڵێت خۆشمدەوێی، وا هەستدەکەم هەموو دونیا موڵکی منە".



ژنان حەز دەکەن مێردەکانیان نازیان هەڵبگرن و بە وشەی "خۆشمدەوێی" و بەخشینی دیاری هەستی خۆیانیان بۆ دەربببڕن. بەڵام ژنانی کوردستان گلەیی لە مێردەکانیان دەکەن کە کەم نازیان هەڵدەگرن.

سەمیرە، 18ساڵ، خوێندکاری پۆلی 12ی ئامادەییە، دوو ساڵە شووی کردووە. ئەو ژنە حەز دەکات بەردەوام بێت لە خوێندن، بەڵام مێردەکەی تەگەرە دەخاتە بەردەمی و حەزناکات بخوێنێت، بۆیە تائێستا چەندین جار لەسەر ئەوە بە کێشە هاتوون. سەمیرە دەڵێت "خۆشەویستیم بۆ

**ئەگەر مێردەکەم یەکجار بڵێت خۆشمدەوێی، وا هەستدەکەم هەموو دونیا موڵکی منە**

ژنێک

پیاوەکەم بەندە بەو داواکارییانەم کە بۆم جێبەجێدەکات".

لەو کاتەی (ڕووداو) سەمیرەی دەدواند، مێردەکەی تەلەفۆنی بۆ کرد، ئەوان تەنانەت لەتەلەفۆنیش بیانوویان بەیەکتر دەگرت.

د.سیروان عەبدوڵلا، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە ژنان بیرکردنەوەیان جیاوازە لەو شتانەی کە لە مێردەکانیان دەوێت، تا خۆشەویست بن، ئەو دەڵێت "ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیەی ژنەکەی لێ پەروەردە دەبێت و ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکەی، هۆکارێکن بۆ ئاستی خۆشەویستی ژن و مێرد". گوتیشی "ئەگەر خۆشەویستی لەسەر بنەمای لەیەکگەیشتن و پێکەوەژیانی هاوبەش بێت، بێگومان هاوسەرگیرییەکە زیاتر بەردەوام دەبێت".

گوڵاڵە عەلی، تەمەن 34 ساڵ، 16ساڵە لەگەڵ بازرگانێک ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. دایکی شەش منداڵە، مێردەکەی بەهۆی کارەکەیەوە زوو زوو سەفەری وڵاتان دەکات، ئەو ژنە خۆی بە خێزانێکی زۆر بەختەوەر دادەنێت و لە کاتی سەفەری مێردەکەیشی زۆر گرنگی پێدەدات "ئەگەر زوو زوو تەلەفۆنم بۆ بکات، ئەوا زیاتر مێردەکەم لا شیرین دەبێت، ئەگەر گرنگی بە جلوبەرگیشی بدات و لەکاتی کڕینی جلوبەرگدا پێکەوە بین و بەڕای من بێت خۆشەویستتر دەبێت لەلام".

زۆر جار پیاوان بە هۆی سەرقاڵیان کەمتر گرنگی بە هاوسەر و منداڵەکانیان دەدەن، کە ئەمەش ژنان تووڕە دەکات، چونکە حەز دەکەن مێردەکانیان گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن و حەزەکانیان بهێننە دی.

ژیانی 33 ساڵ، کە دایکی 5 منداڵە، حەز دەکات مێردەکەی بەردەوام ئاگای لە منداڵەکانی بێت و بە ئەرکی باوک دەزانێت گرنگیان پێ بدات، چونکە "ئەوە مافی منداڵە، زۆر تووڕەش دەبم ئەگەر لە منداڵەکان بدات".

گەلا حەسەن، 30 ساڵ، کە 8 ساڵە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک پێکهێناوە. لەبەر ئەوەی مێردەکەی زۆربەی کات خەریکی کاری ڕۆژنامەڤانییە، زۆرجار گرفت لە نێوانیان دروست دەبێت، بۆیە ئەو کاتەی مێردەکەی زوو لە کارەکەی دەگەڕێتەوە، لای گەلا زۆر خۆشەویست دەبێت "ئەگەر ئێوارەیەک زوو بێتەوە ماڵەوە زۆرم خۆشدەوێ، ئەو شەوەمان پڕ دەبێت لە خۆشەویستی".

ژنان حەز دەکەن پیاوەکانیان کە گەڕانەوە ماڵەوە بە دەستی خاڵی نەگەڕێنەوەو دیارییەکیان بۆ ژنەکانیان پێ بێت. نارین 20 ساڵ، کە یەک ساڵە شووی کردووە، دەڵێت "کە هاوسەرەکەم لەکارەکەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە دیاریەکم بۆ بێنێت ئەگەر زۆر بچووکیش بێت، هەستدەکەم بەردەوام لە بیری ئەو دام". بەڵام ئەو ژنە ئەو کاتانە زۆر تووڕە دەبێت، ئەگەر مێردەکەی لە دەرەوە بەهۆی هەر کێشەیەک تووڕە بێ و لە ماڵەوە تووڕەییەکی بە ئەو هەڵبڕێژێ.

**بەهۆی بەهێزی لایەنی سۆزداری لەلای ژنان، پیاوان دەتوانن بە ئاسانی دڵی ژنەکانیان ڕابگرن**

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی

د.سیروان، گرنگی نەدانی پیاوان بە حەزوو ئارەزووی ژنەکانیان دەگەڕێنێتەوە بۆ داو ونەریتی کۆمەڵگەی کوردی و خۆ بەگەورە زانینی پیاوان. ئەو پێیوایە بەهۆی بەهێزی لایەنی سۆزداری لەلای ژنان، پیاوان دەتوانن بە ئاسانی دڵی ژنەکانیان ڕابگرن.

# قەرەجەکانی عێراق ئاخ بۆ سەددام هەڵدەکێشن

## شێخ نازم ناهی فەرحان: نە ئاومان هەیە نە کارەبا، دەستدرێژیش دەکرێتە سەر ژنەکانمان



**رووداو- Daralhayat**

گوندی قەرەج نزیکەی 50 کیلۆمەتر لە شاری دیوانیەی باشووری عیراقەوە دوورە. ئەو گوندە کەوتووەتە نێو بیابانەوە کە بە گردۆلکەی گڵ دەورە دراوە و خەڵکی گوند بە مەبەستی رێ گرتن لە هێرشی میلیشاکان کە پەلاماری ئەو خێزانە بێ دەرەتانانە دەدەن دروستیان کردووە. ئەوان دەڵێن هەرچەندە کاتی خۆی بە فەرمانی سەدام ناسنامە و رەگەزنامەی عیراقییان پێ دراوە، بەڵام ئەو شتەش ئەوانی لە جیاکاری و چەوسانەوە نەپاراستووە.

کوێخای گوندی قەرەج نازم ناهی فەرحان دەڵێ: "ئەگەر هەژاریی لە رادەبەدەرمان نەبووایە سەری خۆمان هەڵدەگرت و شوێنەکەمان چۆل دەکرد، چونکە ژیانمان لە مەترسیدایە، ئەمە سەرباری هەژاری و نەخۆشی و پەتا کە لە نێو خەڵکەکەدا بڵاو بووەتەوە."

گوندی قەرەجی دیوانیە وەک شوێنەوارێکی چۆل وایە و هەر تەنیا ژمارەیەکی کەم خەڵکی تێدایە، خێزانێک لێرە و خێزانێکی دی لەولان. دیواری خانووەکانیان بە قوڕ دروست کراوە و میچەکەشی بە قامیش گیراوە و منداڵانیان رەش و رووت و بێ قوتابخانە و بێ بنکەی تەندروستی و بێ ئاوی پاکی خواردنەوە. بواریش بە رۆژنامەنووسان نادرێت بە بێ رەزامەندیی پۆلیسی دیوانیە بچنە نێو گوندەکەوە.

رینا عوبێد یەکێکە لە دانیشتووانی گوندەکە دەڵێ: "من گەورەی خێزانێکم کە لە 7 ئەندام پێک هاتووە، بە دەست چەندین گرفتەوە دەناڵێنین و دیارترینیان پچڕانی کارەبایە لە 2003وە، بۆیە ناچارین شەوان بۆ رووناکی فانۆس بەکار بهێنین بە تایبەتی کە موەلیدەی بچووک هەر تەنیا لەلای ئەو خێزانانە دەست دەکەوێت کە دەوڵەمەندن، چونکە لە شوێنێکی وەها چۆلدا بە زەحمەت بەنزین دەست دەکەوێت." هەروەها دەشڵێ "نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە وای کردووە بە ناچاری ئاوی ئەو گۆماوە بخۆینەوە کە لەو گوندەکەدایە، هەرچەندە پیس و پۆخڵیشە. هەندێ جاریش کە برە پارەیەکمان دەبێت پەنا دەبەینە بەر ئاو کڕین لە تەنکەری ئەهلی، بەهای هەر بەرمیلێکی دەگاتە 10 هەزار دینار (8 دۆلار)، ئیدی بزانە باری تەندروستی و دەروونیی ژیانی ئێمە چەند ناخۆشە" ئەو درێژەی دایێ و گوتی "پڕ بە گەروومان هاوار دەکەین بە بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکمان دەست بکەوێت، ئایا دەکرێ ئەو هەموو ساڵە بە بێ ئاو و کارەبا بژین؟ سەرباری ئەوەی لە خزمەتگوزاریی دیکەش هەر بێ بەشین، ئەمەش باری سەر شانمانی قورس کرد و وای لە گەلێک خێزانی قەرەج کرد، کە کۆچ کردن بۆ دەرەوەی عیراقیان پێ باشتر بێت بۆ پەیدا کردنی کار و ژیان بەسەر بردن لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی وەک ئیمارات و ئوردن و سووریا، ئەگەر تواناشمان هەبووایە وڵاتەکەی خۆمان کە چەندین سەدەیە تێیدا دەژین، جێ دەهێشت."

ئەو دەشڵێ: "ئەو نەخۆشیانەی کە بە هۆی بێ ئاوی و بێ کارەباییەوە تووشمان بووە و بە تایبەتی تووشی منداڵانمان بووە زۆرن. سەیریش لەوەدایە ناوچەکە تا ئێستا بنکەیەکی تەندروستیی تێدا دروست نەکراوە، زۆر جار ئازار و ئەشکەنجەشمان کێشاوە، کاتێک لە شەواندا حاڵەتێکی کتوپڕ روو دەدات بۆمان ناکرێت لە کاتی گونجاودا بگەیەنە نەخۆشخانەی دیوانیە."

سەبارەت بە رەوشی ژیان و چۆنیەتی پەیدا کردنی بژێوی لە سایەی ئەو گۆشەگیرییەیاندا، کوێخاکەیان شێخ نازم ناهی فەرحان دەڵێ: "سەیرترین شتێک کە بە درێژایی تەمەنی 72 ساڵیم بینیبێتم ئەوەیە رێی پیشەکەی خۆمان لێ دەگرن کە لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، بە بێ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ نەوەکانمان فەراهەم بکەن سەرباری ئەو سووکایەتی و بێ رێزییەی بەرامبەرمان دەکرێت." دەشڵێ: "سەیرترین شتیش تەنیا یەک خێزانە قەرەج کە لەم شوێنە داخراوەدا دەژین مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی نەیگرتووەتەوە، سەرەنجام ناچار بووین پیر و بەساڵاچووانمان و مناڵانمان بۆ سواڵ کردن بنێرینە بازاڕ و گەڕەکەکانی دیوانیە وەک هەوڵێک بۆ پاراستنی ژیانمان."

دەشڵێ: "ئەوە سەرشۆڕییە . .زۆربەی ژنمان دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، خراوەینەتە دۆخێکەوە کە دەستەپاچە کەوتووین لەوەی رێگایەک بۆ دەربازبوون لەو تەنگانەیە بدۆزینەوە، بەڵام هیچ رێگایەک نییە کە بوارمان بدات تەنانەت خەون بە نەجاتەوە ببینین، جگە لە ددان بە خۆدا گرتن و پشوو درێژی سەرباری تاڵییەکەیان."

کوێخای عێلی قەرەج روونی دەکاتەوە: "لەو شتانەی کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاری لەو خێزانانە کرد کە لە 1973ەوە لێرەدا نیشتەجێن، ئەوەیە فەرامۆش کراون و گوێ بە هیچ خواست و داوایەکیان نادرێت کە لەوە تێپەڕ ناکات سادەترین خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکرێت و بچووکترین دەرفەتی کاریان پێ بدرێت." ئەوەشی خستە سەر: "لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا کارێکمان نەکردووە ئاسایش تێک بدات و هیچ گرفتێکیشمان نەناوەتەوە."

جیهان کە تەمەنی (18ساڵانە) دەڵێ: "گۆشەگیری وای لێکردووم خەون بەوە ببینم منیش وەک خەڵکی دیکەم و سەر بە بەرەی مرۆڤایەتیم، وەحشەتی ئەم شوێنە و وشک و برینگییەکەی وات لێ دەکات کە هەستێکی پڕ لە ئازار و خەم داتبگرێت کە رۆحی مرۆڤ دەکوژێت. لەم ماوەیەی دواییدا ئێواران روو لە بیابانەکەی دەوروبەری شوێنەکە دەکەم و بیر لەوە دەکەمەوە کە ئاخۆ ئایندە چیی بۆمان حەشار داوە."

وێڕای ئەو ئەشک و نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکاری و نەداری و ئەو رەوشە سەختەی بەسەر قەرەجدا تێپەڕین، ئەوان بە لای تیرۆردا نەچوون و هیچ کارێکیان نەکرد کە کار لە ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بکات.

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیی دیوانیە حەمید مەتروود دەڵێ: "لە تاریکترین رەوش و کاتدا هیچ گرفتێکمان نەنایەوە، چەندین شەهیدیشمان بە هۆی توندوتیژی و تیرۆرەوە داوە، بەڵام هیچ رۆژێک بیرمان لە پەنا بردن بۆ تیرۆر نەکردووەتەوە." ئاماژەش دەکات کە "قەرەج ئاخ و داخ بۆ رۆژگاری سەدام هەڵدەکێشن، راستە ئەو کاتیش هەژار بووین بەڵام وەک عیراقیانی دی مافی خۆشمان هەبوو."

لەمیس عەلی کچێکی لاوە دەڵێ: "زۆربەی ژنانی ناوچەکەمان ئامادەن بە سەربەرزی و شەرەفمەندانە کار بکەن، کە بژێویی خۆیان دوور لە سووکایەتی پێکردن پەیدا بکەن، ئێمەش بە هیواین وەک خەڵکی دی سەربەرزانە کار بکەین و بژین و هەست بە رێز و مرۆڤایەتیی خۆمان بکەین." دەشڵێ: "گەلێ لە ژنانمان چنین و بەرگدروویی دەکەن، ئێمە تا ئەو پەڕەکەی ئامادەین لە پیشەیەکی سەربەرزانەدا کار بکەین، هەروەها تۆمەتی لەشفرۆشی کە بە بێ هۆ پێمانەوە لکاوە، لە خۆمان دوور بخەینەوە."

لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی دیوانیە سەردانی گوندی قەرەجی کرد و لە نزیکەوە رەوشی ئەوێی بەسەر کردەوە، بە ناوچەیەکی لێقەوماوی دانا کە بەرەو رووی جینۆساید دەبێتەوە. ویداد حاتەم سەرۆکی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکەدا دەڵێ: "دوای گەشتێک بۆ ناوچەکە و دیتنی رەوشی خەڵکەکەی، گەلێ گرفتمان دیتەوە کە هەمان ئەو گرفتانەن کە خەڵکانی دیکەی ناوچەکە بە دەستییەوە دەناڵێنن، وەک نەبوونی کارەبا و تۆڕی ئاوی خواردنەوە و نەبوونی دەرفەتی کار یان دامەزراندن، ئەوان قەرەجن و کۆمەڵگاش بە چاوێکی سەخت و دژوار لێیان دەڕوانێت."

هەروەها دەڵێ: "ئێمە وەک بەرپرسان لامان وایە هەر دەبێ کۆمەکی ناوچەکە بکرێت و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین بکرێت وەک کارەبا، ئاوی خواردنەوە، لیژنەی پزیشکی و نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنیش رەوانە بکرێت، بۆ بایەخدان بەو توێژە کە تاڵاوێکی سەخت بە هۆی دیدی کۆمەڵ و دژواریی زەمانە دەکێشن."

خاتوو ویداد دەڵێ "سێ تانکیی ئاوی خواردنەوە بۆ شوێنەکە دابین کراوە، لە شوێنی جیاجیای گوندەکەشدا دانراون، شارەوانییش چەندین ئامێری رەوانە کردووە بۆ هەڵگرتنەوەی زبڵ و خاشاک و چاک کردنی رێگاوبان، هەوڵیش دەدەین کە بە یارمەتیی رێکخراوگەلی کۆمەڵگای مەدەنی کارخانەی بەرگدروویی و چنین یان کارگە و وەرشەی تێدا بکرێتەوە یان وەبەرهێنانی پرۆژەی (رسایکل بن)ی تایبەت بە جیاکردنەوەی پاشماوە لەو شوێنەدا دابمەزرێت، بە هیوای ئەوەی شتێکیان پێشکەش بکەین کە خزمەتیان بکات و رێنماییان بکات بەرەو راستەڕێ، بە تایبەتی کە بەڵێنیان داوە سەما و لەشفرۆشی نەکەن، لەو بوارەشدا بەدواداچوون کراوە و ساغ بووەتەوە کە وازیان لە سەما و لەشفرۆشی هێناوە، ئەمەش دەست پێشخەرییەکی باشە."




# گەیتس دەوڵەمەندترین مرۆڤی ئەمریکا و جیهانە

## دەوڵەمەندانی ئەمریکا 300 ملیار دۆلاریان لە ساڵی رابردوودا لە دەستدا

**رووداو- رۆیتەرز**

پۆلێنی ساڵانەی گۆڤاری فۆربس-ی ئەمەریکی بۆ دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندانی ئەمریکا ئاشکرای کرد، بەشی زۆری دەوڵەمەندان سامانی خۆیان لەدەست داوە، پاش ئەوەی 400 کەس لە نێو لیستی هەرە دەوڵەمەندانی ئەمریکا 300 ملیار دۆلاریان لە سەرمایەی خۆیان لە ساڵی رابردوودا لەدەستدا، ئەویش لە ئاکامی پاشەکشەکردنی بازاڕی دراو و خانووبەرە. لیستی فۆربس کە هەفتەی رابردوو بڵاوکرایەوە، تایبەتیش بوو بە 400 کەس لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا، دەریخست وارن بافت گەورەترین زەرەرمەند بووە لە ساڵی رابردوودا کاتێک ئەو وەبەرهێنەرە ناودارە لە ئاکامی دابەزینی پشکەکانی کۆمپانیای بیرکتسایر هاتاوای 10 ملیار دۆلاری لەدەست دا.

لیستی 10 کەسە هەرە دەوڵەمەندەکەی ئەمریکاش، بە بەراورد لەگەڵ لیستی 2008یان، هەر وەک خۆی ماوەتەوە، کە بێڵ گەیتس دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بە سەرمایەی 50 ملیار و کەمبوونەوەی 7 ملیار دۆلار لە چاو پار، لە سەرووی لیستەکەدایە. بافیتیش بە سەرمایەیەک کە دەگاتە 40 ملیار دۆلار بە پلەی دووەم هات، پاش ئەویش لۆرەنس ئیلسون دامەزرێنەری کۆمپانیای ئۆراکل هات کە سامانەکەی 27 ملیار دۆلارە و بە بێ گۆڕان وەک خۆی مایەوە. ئیلسون تەنیا کەسێکی نێو لیستی 10 هەرە دەوڵەمەندەکەی ئەمریکایە کە تووشی زەرەری گەورە نەهات.

خەملاندنی سامان لێرەدا پشتی بە بەهای بنەچە لە 10ی ئەیلوولدا بەست. گەلێک لە هەرە دەوڵەمەندان لە ئاداری رابردووەوە سامانیان بەرز بوونەوەیەکی بە خۆوە دیوە، کاتێک فۆربس لیستی هەرە دەوڵەمەندانی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ دابەزینی بازاڕ تا ئەو پەڕەکەی، بڵاو کردەوە.

ماتیۆ میللەر ئامادەکەری لیستەکەی فۆربس گوتی: دە یەکەمەکە پێکەوە 40 ملیار دۆلاریان لەدەست داوە، هەروەها ئەو شتەی بە "گەرماوی خوێن" بۆ لەناوبردنی سامانی هەرە دەوڵەمەندانی ئەمریکا و لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندانیش دانا. بەهای زیانی 400 کەس لە هەرە دەوڵەمەندانی ئەمریکا بە رێژەی لە سەدا 19 دابەزی، هەروەها لە 1،56 ترلیۆنەوە بۆ 1،27 ترلیۆن دابەزی.

# 10 سەرکردە جیهانیان گۆڕی


جەمال عەبدولناسر


لولا دی سیلڤا


کیم داو جۆنگ


ئەلفارۆ ئۆریبی فیلیز


مارگریت تاتچەر


لیخ ڤالیسیا


دینگ زیاو بینگ


هیلموت کۆل


نیلسون ماندێلا


شێخ زاید بن نەهیان

**رووداو- Newsweek**

گۆڤاری نیوزویکی ئەمەریکی لیستێکی بڵاوکردەوە کە ناوی دە سەرکردەی تێدایە کە بە شێوەیەکی ریشەیی وڵاتانی خۆیان گۆڕیوەو لە گۆڕینی نەخشەی هاوچەرخی جیهانیشدا بەشدار بوون. لەو لیستەدا ناوی سەرکردەی پێشووتری میسر جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی بەرازیل لولا دی سیلڤا، کیم داو جۆنگ سەرۆکی پێشووی کۆریای باشوور، ئەلفارۆ ئۆریبی فیلیز سەرۆکی کۆلۆمبیا، مارگریت تاتچەر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لیش ڤالیسیا سەرۆکی پێشووی پۆڵەندا، راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا هیلموت کۆل، دینگ زیاو بینگ سەرکردەی پێشووی چین و، نیلسون ماندێلا سەرۆکی پێشووی باشووری ئەفریقا وشێخ زاید بن نەهیان سەرۆکی پێشووی ئیماراتی تێدایە.

گۆڤارەکە ئاماژەی داوە کە شێخ زاید بە کردەنی دامەزرێنەری ئیماراتی عەرەبییە و بناخە دارێژەری پێشکەوتنەکەشیەتی. هەروەها خاوەن دیدێکی روون و رەوان بوو سەبارەت بەوەی وڵاتەکەی بکاتە هێزێکی شایستەی ئابووری. لە ساڵی 1971دا رۆڵێکی بنچینەیی هەبوو لە دامەزراندنی میرنشینی یەکگرتووی عەرەب (ئیمارات). گۆڤارەکە شێخ زایدی بە پێشەنگی پەرەسەندنی ئابووری داناوە، هەروەها بە خاوەنی پەرەسەندن لە هەموو بوارەکانی ئابووریی ئیماراتیشی داناوە، کە بەشێک لە بیابانەکەی کردووەتە بەهەشتی سەوز، وڵاتەکەشی کردە ناوەندێکی بازرگانیی جیهان.

لیستەکە ناوی سەرۆکی پیشووتری میسر، جەمال عەبدولناسری تێدایە، کە دیارترین سەرکردەی عەرەبە لە سەدەی بیستەمدا و بە بنیاتنەری میسری نوێی داناوە. ئاماژەشی بە ئەرکی تایبەتی ئەویش کردووە سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکای بەریتانیا و خۆماڵی کردنی کەناڵی سویس. هەروەها رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی وڵاتانی بێ لایەندا.

گۆڤارەکە ستایشی رۆڵ و ئەرکی لولا دی سلیڤاشی کردووە سەبارەت بە گۆڕینی کۆمەڵگای بەرازیل، ئەویش بە بەخشینی سیمای ئابووری و کۆمەڵایەتیی یەکجار باش بەو وڵاتە، هەروەها پەرەپێدانی کولتووری نیشتیمانیی وڵاتەکەش.

ناوی لە کیم داو جۆنگیش ناوە "نیلسون ماندیلای ئاسیا"، خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئاشتیدا بەدەست هێناوە، ئەویش لە ئاکامی بەرەنگار بوونەوەی حکومەتی دیکتاتۆری کۆریای باشوور و سەرکردایەتی کردنی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها دوور خستنەوەی وڵاتەکەی لە کارەساتێکی ئابووری لە ساڵی 1997دا.

گۆڤارەکە ناوی ئەو سەرکەوتنە یەک بە دوای یەکانەی سەرۆکی کۆلۆمبیا ئەلفارۆ ئۆریبی فیلیزیشی تۆمار کردووە، لە بواری ململانێی لەگەڵ یاخیبووانی نێو هێزەکانی سوپای کۆلۆمبیادا.

سەبارەت بە مارگریت تاتچەر ژنە ئاسنینەکەش، هێزی بەزەبری تێدا بەدی کردووە، کە توانیویەتی دەسەڵات لە دەست پارتی کرێکارانی بەریتانیا دەربهێنێت، گۆڕانی ریشەییشی لە ژیانی خێزانەکانی بریتانیا بەدی هێناوە، کە لە پاش دووەمین جەنگی جیهانەوە لە هەمووان گرنگتر بووە.

گۆڤارەکە بەو جۆرە پەسنی هیلموت کۆلی کردووە، کە دروستکەری گەورەترین هێزی ئابوورییە لە ئەورووپادا واتە ئابووریی ئەڵمانیا، هەروەها خاوەن پرۆژەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاشە لە پاش رووخانی دیواری بەرلین.

سەبارەت بە دینگ زیاو بینگش گۆڤارەکە بە رووی گەشی پارتی کۆمۆنیستی چینی داناوە، کە چینی کردە هێزێکی زەبەلاحی ئابووری، دوای ئەوەی لە تەون و داوی سیاسەتی نەزۆکی ماو رزگاری کرد.

گۆڤارەکە ستایشی خەباتی ڤالیسیا سەرکردەی کرێکاریی پۆڵەنداشی کردووە، کە سەرکردایەتیی چاکسازیی کردووە دژ بە زاڵبوونی کۆمۆنیزم، تا توانیی بگاتە پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی و خەڵاتی نۆبڵیی ئاشتیشی بەدەست هێنا.

رزگارکەری باشووری ئەفریقا و بەناوبانگترین زیندانی نیلسون ماندیلا، دوای بەربوونی توانیی پارتی کۆنگرەی نیشتیمانی دابمەزرێنێت و لە یەکەمین هەڵبژاردنیشدا توانی ببێتە سەرۆکی کۆماری باشووری ئەفریقا، ئەویش دوای ساڵێک لە ئازاد کردنی. هەروەها خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیشی بەدەست هێناوە.

# مۆبایل منداڵانیش رادەکێشێتە نێو سێکس و خۆشەویستی

## منداڵێکی 13ساڵان بە مۆبایل 14 کەپڵی گرتووە

**لەنیا مەحمود**
**رووداو — سلێمانی**

لە نێو یەکێک لە باخچەکانی سلێمانی، ئاریانی تەمەن 13 ساڵ، چەند هاوڕێیەکی منداڵی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوەو گرتەی سێکسی نێو مۆبایلەکەی پێشاندەدان. ئاریان لەترسی لەدەستنەدانی مۆبایلەکەی ناوێرێت ناوی باوکی ببات دەڵێ "تائێستا دووجار لەماڵەوە مۆبایلەکەیان لێ سەندوومەتەوە، بەڵام دوایی قەناعەتم پێکردن بمدەنەوە". ئەو منداڵە ئەوەی نەشاردەوە کەبەئاسانی ئەو گرتە سێکسیانەی لەرێگەی بلوتوسەوە دەست دەکەوێت و لەشوێنێکی مۆبایلەکەیدا بەنهێنی هەڵیان دەگرێت. گوتیشی "هەر بەو مۆبایلە تا ئێستا پێنج خۆشەویستم پەیدا کردووە".

گەیشتنی مۆبایل بەدەستی منداڵانی خوار تەمەن 18ساڵ، تەنها مەترسی بەلارێدابردن و تێکدانی رەوشتی دروست نەکردووە، بەڵکو هەندێک لە کچانیش سکاڵای ئەوە دەکەن منداڵان بە تەلەفۆن و مەسج بێزاریان کردوون. ژیار فاتیح، 25 ساڵ، خوێندکار، یەکێکە لەو کچانەی کە گیرۆدەی دەستی منداڵانەو دەڵێ "دوام دەکەون و تەنانەت قسەی نەشیاو ناشیرینیش بەگوێمدا دەدەن". گوتیشی "هەندێکجار ئەو قسانە دەدەن بەگوێمدا، کە لەگرتەی سێکسیدا هەیە".

سۆزیار فەتاح، 32ساڵیش کە مۆبایلی منداڵێکی تەمەن 15 ساڵ ناچاری کردووە سیمکارتەکەی بگۆڕێت، نزیک بووە لەوەی ببێتە جێگەی گومانی ماڵەوەیان و ئەو جۆرە منداڵانە بە"بێ خاوەن"ناو دەبات. سۆزیار گوتی "ئەوەندە تەلەفۆنی بۆکردم، کە بەتەواوی بێزاری کردم و ماڵەوە پێیانزانیم". گوتیشی "بەردەوام دەیگوت زۆر دڵخۆشم قسەت لەگەڵ بکەم و بەردەوام قسەی ناشایستەی دەکرد".

منداڵان کاتێک دەبنە خاوەنی مۆبایل، جۆرە رێککەوتنێک لەنێوانیاندا هەیە کە گرتەسێکسی و وێنە نەشیاوەکان بگۆڕنەوە. "من فیلمی خراپ ناخەمە مۆبایلەکەمەوە"، رامیار حوسێن، 14 ساڵ، باس لەو هاوڕێیانەی خۆی دەکات کە مۆبایلیان هەیەو دەڵێ "کەقسە لەگەڵ کچان دەکەن، تەمەنی خۆیان گەورە دەکەن بۆ ئەوەی رازییان بکەن". رامیار ئەوەشی باسکرد کە هاوڕێکانی خۆزگە دەخوازن ژمارەی کچانیان دەست بکەوێت. گوتیشی "هەر فلیمێکیشیان دەست بکەوێت خێرا بەبلوتوس بۆ یەکتری دەنێرن".

زۆری نەمابوو هاوڕێکانی محەممەدی تەمەن 16ساڵ، بەهۆی دزینی ژمارەی خوشکەکەی لەناو مۆبایلەکەیدا، کێشەیەکی خێزانی بۆ دروست بکەن. محەمەد خدر دەڵێ "بەدزی خۆمەوە ژمارەی خوشکەکەمیان لەناو هاندەکەم دەرهێنابوو تەلەفۆنیان بۆ دەکرد". گوتیشی "ئەوەندە تەلەفۆنیان بۆ کردبوو، تا ژمارەی یەکێکیانم لە مۆبایلی خوشکەکەمدا ناسیەوەو باوکم تێگەیاند". دوای ئەوە باوکی محەممەد ژمارەی خوشکەکەی دەگۆڕێت و محەمەدیش بڕیار دەدات کە ئیدی کۆتایی بەهاوڕێیەتیان بهێنێت "باوکم مۆبایلەکەی لەمنیش سەندەوەو ماوەیەکی زۆریش لەماڵەوە زۆر بە سووکی سەیریان دەکردم".

مەحموودئەحمەد موراد، بەرپرسی پۆلیسی نەوجەوانانی سلێمانی ئاماژە بە کەم بوونەوەی کێشەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵان دەدات و پێیوایە، لەوەتەی یاسای بەکارهێنانی مۆبایل لەپەرلەمانی کوردستانەوەدەرچووە، ئەو کێشەیە کەم بووەتەوە.

بەرپرسی پۆلیسی نەوجەوانانی سلێمانی گوتیشی "لە ساڵی 2008دا 5 منداڵ لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەستگیرکراون، بەڵام ئەمساڵ رێژەکە کەمتر بوەتەوە". بەرپرسی پۆلیسی نەوجەوانان دەڵێت پێویستە خێزانەکان رێگە بەمنداڵەکانیان نەدەن مۆبایل هەڵبگرن "چونکە کاتێک مۆبایل دەگاتە دەستی منداڵ، کێشە دروست دەبێت".

بەبڕوای کۆمەڵناسان، هەڵگرتنی مۆبایل لەلایەن منداڵەوە کارەساتی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دێنێت و کۆمەڵگە رووبەڕووی کێشە دەکاتەوە. حەمەی ئەحمەد رەسول، توێژەری کۆمەڵایەتی داوا لەدایکان و باوکان دەکات، وریای منداڵەکانیان بن و بواریان پێنەدەن مۆبایل هەڵبگرن.

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ، دەڵێ نەک هەر هەڵگرتنی مۆبایل، بەڵکو مێردمنداڵانی خوار تەمەن 18ساڵ نابێ ئەو فیلم و دیمەن و وێنانە ببینن کەپێدەچێت کاریگەری خراپ لەسەر مرۆڤ دابنێت، چونکە منداڵان مێشکیان ناسکەو فلتەری بیرکردنەوەشیان نییە. ئەو کۆمەڵناسە لایەنە خراپەکانی مۆبایل هەڵگرتنی منداڵان باس دەکات و دەڵێ "ئەگەر منداڵ بۆ ماوەی دووساڵ مۆبایل بەکاربهێنێت، تووشی شێرپەنجەی مێشک دەبێت و لەرووی کۆمەڵایەتیش خەڵک بێزار دەکەن تووشی ئاکارو رەوشتی خراپ دەبن و لەرووی ئابوریشەوە، خەرجییەکی زیاتر رووبەروی خێزانەکان دەکەنەوەو لەرووی دەرونیشەوە،نهێنیان زۆردەبێ و فێری شاردنەوەی قسەو نهێنی دەبن".

بەپێکەنینەوە حەمەی ئەحمەد رەسوڵ نموونەیەک دێنێتەوەو دەڵێ "کەیسێک لەو ماوەیە ئاشکرابوو هی منداڵێکی 13ساڵان بوو کە بە مۆبایل 14 کەپڵی دروست کردبوو، کەی رەوایە منداڵێکی 13 ساڵان 14 کچی خۆشبوێت".



# گەنجان بە ئاگری دایک و باوکیان دەسووتێن





**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

زیاتر لە ساڵێک بوو، عەلی ئەحمەد 27 ساڵ کە فەرمانبەرە کچێکی خۆشدەویست، بەڵام تا بۆی دەرنەکەوت دایک و باوکی کچەکە کێن و، خەڵک چۆن باسیان دەکات نەچووە خوازبێنی، چونکە "دەبم بە خزمیان و سەردانیان دەکەم، شەرمەزارییە بۆ من تێکەڵی کەسێکی خراپ بم".

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆ ئەوەی کچ و کوڕێک لەگەڵ یەکتر هاوسەرگیری بکەن، هەردوولا پرسیاری بنەماڵەی یەکتر دەکەن و لە باش و خراپی دایک و باوکیان دەکۆڵنەوە، ئەو دیاردەیەش پتر کاریگەری لەسەر کچان جێهێشتووەو هەندێکیان بوونەتە قوربانی خوو رەوشتی دایک وباوکیان ماونەتەوە، بەڵام بۆ کوڕان کەمتر رەچاوی ئەو لایەنە دەکرێت.

کامەران نیعمەت، 24ساڵ دوکاندار، بەر لەوەی بچێتە خوازبێنی ئەو کچەی بەنیاز بوو بیهێنێ، هەموو شتێک لەگەڵ کچەکە و دایکی کچە دەبڕێنێتەوە، بەڵام کە ریشسپیان دەنێرێتە خوازبێنی، باوکی کچەکە بە پاساوێک بە ڕێیان دەکات، کامەران دەڵێت "باوکی کچەکە لەلای یەکێک لە خزمەکانم گوتبووی چۆن کچ دەدەم بە کامەران، باوکی تووڕەیەو تەبیعەتی خراپە".

> **گرنگ نییە بنەماڵەی خۆشەویستەکەم چ جۆرە کەسێکن من ئەو دێنم نەک دایک و باوکی**
> کوڕێک

بەبڕوای داود عەزیزی کۆمەڵناس، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بنەماڵە لە بری گەنجان بڕیار دەدەن لەسەر ژیانی هاوسەرییان، تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی نییە، داود پێیوایە نابێت لەکاتی هاوسەرگیری، خێزان فەرامۆش بکرێت "پێویستە کچ و کوڕ خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام ئەزموونی بنەماڵەش بۆیان زۆر گرنگە".

ئەو کۆمەڵناسە نموونەی دوو خێزان دەهێنێتەوە، کە ئەگەر یەکێکیان دیندار بێت و ئەوەی دیکە دوورە دین، لەوکاتەی کچ و کوڕی ئەو دوو خێزانە هاوسەرگیری دەکەن، رەنگە کچ و کوڕەکە کێشەیان نەبێت، بەڵام بنەماڵەیان دێنە ناو ژیانیان و رەنگە بەرەو لەیەکجیابوونەوە بچێت "گەنجان دەبێت زۆر ورد بن تا لە داهاتوویاندا تووشی لێکجیابوونەوە نەبن".

زۆرجار لەبەرئەوەی بنەماڵەیەک ناودارن و خەڵک بەباشە وەسفیان دەکات، ئەوەش بووەتە خێرو بەرەکەت بۆ کچ و کوڕەکانیان، شەهێن 29ساڵ، باسی لەوە دەکرد، کە مێردکردنی ئەو زیاتر پەیوەندی بە دایک و باوکییەوە هەبوو، چونکە ئەوان خانەدانن و زۆر کەس چووەتە خوازبێنی "زۆربەیان لەبەر دایک و باوکم دەهاتن"، بەڵام شەهێن باس لە کچە هاوڕێیەکی دەکات، کە خەڵک گلەییان لە باوکی هەبووە، بۆیە "چانسی شووکردنی زۆر کەمە، هەیە دەیەوێت بهێنێت، بەڵام لەبەر دایک و باوکی ناچێتە خوازبێنی".

لێپێچینەوە لە خانەوادەی یەکتر زیاتر لە ناو خزمان باوە، چونکە شارەزاییان لە رابردووی یەکتر هەیە، زۆرجار باپیریشیان کارێکی خراپی کردبێت بە چاوی یەکتر دەدەنەوە، بەڵام لە هاوسەرگیری لەگەڵ بێگانە کەمتر بایەخ بەو لایەنە دەدرێت.

رێباز یوسف 24ساڵ، مامۆستا، دەیەوێت ژن بێنێت، ئەو دەڵێت کاتێک دەچمە داخوازی کچێک، سەرەتا لەگەڵی رێکدەکەوم و ئەگەر بەدڵم بوو "پرسیاری دایک و باوکی دەکەم، ئەگەر باش نەبوون کچەکەم ناوێت، لەبەر کچەکە نا، بەڵکو لەبەرئەوەی خەسووت ئەگەر خراپ بوو دەست لە ژیانت وەردەدات و رەنگە ژیانت وێران بکات، بەڵام ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت پەیوەندی بە کچەکەوە نەبێت ئاساییە".

ئەو مامۆستایە باس لە خزمێکی خۆیان دەکات، کە ویستوویەتی کچێکی ناسیاویان بێنێت، تەنیا لەبەر ئەوە نەچووەتە خوازبێنی کە باوکی کچەکە خراپ بووە "دەیگووت شەرم دەکەم بڵێم فلان کەس خەزوورمە، بۆیە زۆر کچ لەبەر دایک و باوکیان ماونەتەوە".

هەندێک لە باوکان رازی نین منداڵەکانیان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکەن کە دایک و باوکیان جێگەی رەزامەندی خەڵک نین، حازم تاهیر 43 ساڵ، کوڕەکەی گەورە بووەو کاتی ژنهێنانێتی، حازم بڕیاریداوە کچی پیاوێکی باش بۆ کوڕەکەی بهێنێت "ئەگەر دایک باش نەبوو ئەستەمە کچی باشی هەبێت"، حازم پەندە کوردییەکەی هێنایەوە کە دەڵێت (دایکە ببینە کچە بخوازە).

لەگەڵ ئەوانەشدا بەشێک لە گەنجان بایەخ بەوە نادەن، بنەماڵەی کچەکە یان کوڕەکە کێیە، بەڵکو مەبەستیان تەنیا ئەو کەسە کە دەبێتە هاوسەریان، ئەوەش زیاتر لە ناو چینە خوێندەوارەکەدا باوە. شێرزاد عەلی 25ساڵ، دەرچووی زانکۆ، بە مەبەستی هاوسەرگیری کچێکی خۆشویست، ئەو دەڵێت کچەکە زۆر بەرەوشت بوو، بۆیە دڵنیا بووە بنەماڵەکەیشی باشە ئەگینا کچی وایان نەدەبوو "گرنگ نییە، بنەماڵەکەی کێیەو چ جۆرە کەسێکن، ئەو دێنم نەک دایک و باوکی، باشەو خراپەی دایک و باوکی بە ئەو چی؟".

# کچان لە بیرکاریدا کۆڵەوارن



**لەیاد قەرەداخی**
leyad qeredaxi@yahoo.com

**رووداو-سلێمانی**

رۆژان سەرەتا یەکێک بوو لەو کچە دەگمەنانەی کەوانەی بیرکاری خۆش دەویست و حەزی بەفێربوونی دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن مامۆستایەکی زۆر تووڕەوە ئەو وانەیەی پێدەگوترایەوەو دەیویست بەتووڕەبون و لێدان وانەکەیان پێ بڵێتەوە، هەر لەقۆناخی سەرەتاییەوە رقی لەوانەی بیرکاری هەڵگرت و ئێستا ئەویش کەیفی بەبیرکاری نایێت .رۆژان ئاسۆ تەمەن 20ساڵ دەڵێ " ئێستاش کەخوێندکاری قۆناخی شەشەمی ئامادەیم هەر رقم لێی دەبێتەوە ".

ئەگەر وانەکانی بیرکاری و پاشان ئینگلیزی و فیزیا و کیمیا نەبووایە، بەکردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان کچان دڵخۆشتر لەکوڕان پێشوازیان لەساڵی نوێی خوێندن دەکرد، چونکە بەکرانەوەی دەرگای قوتابخانەکان، کچان دەرفەتی رزگاربوون لەچواردیوارەکانی ماڵیان بۆدەڕەخسێت و، بەشێک لەکاتەکانی رۆژ لەقوتابخانەو نێو هاوڕێکانیان بەسەر دەبەن، بەڵام ئەو وانە قورسانە لێناگەڕێن تەواو دڵخۆش بن .

شاتوو خدر 18ساڵ کەبۆخۆی لەبیرکاریدا بەهێز نییە، پێیوایە کچان زیاتر مێشکێکی ئەدەبیان هەیە بۆیە لەوانەی بیرکاریدا لاوازن " هەرگیز حەز بەو وانەیە ناکەم، چونکە دەبێت زۆر بەتەرکیز بیت

> **کچان زۆر خەیاڵین و هەمیشە خەیاڵیان دەڕوات لەوانەدا**
> مامۆستایەک

و بەوردی گوێی لێبگریت و مێشکی خۆتی بۆ تەرخان بکەی ". شاتو بەدەرفەتی دەزانێ کەرەخنە لەمامۆستایانی ئەمڕۆ بگرێت و دەڵێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی مامۆستاکانی ئەمڕۆ زانست گرنگ نییە بەلایانەوەو دوای مۆدەو خۆرازاندنەوە دەکەون، خوێندکار سوودێکی ئەو تۆیان لێنابینێت "هەر گومان دەکەیت لەوەش کەبۆ خوێندنگە هاتبێت و وادەزانی بۆ ئاهەنگ هاتووە ". ئەو کچە خوێندکارە گوتیشی "پێویستە مامۆستاکان وامان لێبکەن کەخۆشەویستی وانەکان لەدڵماندا دروست بکەن ".

کۆمەڵگەی کوردی،یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کەزۆر ناسک لەئافرەتان دەڕوانێت و زۆربەی هەرە زۆری شاعیر و هونەرمەندی گۆرانی بێژ و تابلۆکێشەکانیشی، ئافرەت دەکەنە کەرەستەی سەرەکی بەرهەمەکانیان و تەواو دیدێکی رۆمانسیانەو خەیاڵیانەیان بۆ ئافرەت هەیە . بەشێکی زۆر لەکچان بۆخۆشیان ئەوە پشت راست دەکەنەوە کەئافرەت زیاتر وێژەیيە تا زانستی .

"مامۆستای بیرکاری کەهەرگیز نەیدەتوانی تێمان بگەیەنێ، هیچ کاتێک لەوەڵامی بەڕێوەبەردا دڵمان نەهاتووە بڵێین مامۆستایەکی لاوازە ". سیما کامیل 19ساڵ کەبۆخۆی حاڵی لەو وانەیەدا خراپەو حەزدەکات کاتەکانی وانەی بیرکاری زوو لەکۆڵی ببنەوە، دەڵێ، مامۆستاکەمان لەبەر ئەوەی مامۆستایەکی زۆرجوان و رەفتار شیرین بوو، هەمو جارێک کەپێی دەگوتین"تێگەشتوون ؟". دەمانگوت بەڵێ . گوتیشی " هەموو جارێک کەبەڕێوەبەر لێی دەپرسین گلەیتان لە وانە گوتنەوەی چ مامۆستایەک هەیە، دڵمان نەدەهات بڵێین مامۆستای بیرکاری ". مامۆستا عەدالەت دەڵێ، کچان زۆر خەیاڵین و هەمیشە خەیاڵیان دەڕوات لەوانەدا . ئەو مامۆستایە ئەوە بەهەڵە دەزانێ و تایبەتمەندی وانەی بیرکاریش باس دەکات، کەپێویستی بەوەهەیە لەپۆلداو لەکاتی وانەگوتنەوەدا گەرماو گەرم تێبگەیت، نەک دواتر لەماڵەوە هەوڵ بدەیت .ئەو مامۆستایە گوتیشی " ئەگەر لەپۆلدا خەیاڵت بڕوات و تێنەگەیت، بێگومان دواتر لەماڵەوە ناتوانی لەهیچ تێبگەیت ".

مامۆستا سەلام حامید کەمامۆستای قۆناخی ئامادەییە، باس لەچەند هۆکارێک دەکات کەپەیوەندییان بەلاوازی کچان هەیە لەو وانەیەدا و دەڵێ، خودی زانستەکە زیاتر لەگەڵ هزرو مەنتقدا سەروکاری هەیەو لەقۆناخە ناکۆتاکانی خوێندنیشدا پرۆگرامی خوێندن تەواو ناکرێت و ئەمەش خوێندکار لاواز دەکات کاتێک دەچێتە پۆلێکی تر . ئەو مامۆستایە زیاتر گوتی " لەهەمانکاتدا کادرو مامۆستای پسپۆرو تایبەت بەوانەکەمان زۆر کەمە لەکوردستان و هەندێک جار مامۆستایەک ئەو وانەیە وەردەگرێت، کەپسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆی نییە ".

خاڵێکی ترکەئەو مامۆستایە باسی دەکات، پەیدا بوونی هەندێک ئامێری پێشکەوتووی تەکنەلۆژی ژمێریاری، کەکاریگەری لەسەر لاواز بوونی توانای زانستی و ماتماتیکی مرۆڤ لاوازدەکەن " پەیدابوونی بژمێری ئۆتۆماتیکی (حاسیبە)زۆر کاریگەری لەسەر توانای زانستی و ماتماتیکی مرۆڤ هەیەو لاوازی دەکات و پشت بەخۆی نابەستێت ".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەو بڕوایەدان، کەلەرووی پێکهاتەی سروشتیشەوە جیاوازی لەنێوان نێر و مێدا هەیەو تواناکانیان وەک نین . ئەوەی کەبژار شەهاب توێژەری کۆمەڵایەتی سەرنجی داوەتێ، ئەوەیە کاتێک زۆربەی هەرە زۆری کچان لەقۆناخی سێیەمی ناوەندی دەردەچن، بەشی ئەدەبی هەڵدەبژێرن و بەشی زانستیان ناوێ "ئەمەش بۆ ئەوەیە کەلەوانەی بیرکاریدا لاوازن". بژار شەهاب گوتیشی " هۆکارێک لەو هۆکارانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەقۆناخی چوار و پێنجی ئامادەیی زۆر ناسکەو ئەو مامۆستایەی کەوانەی پێدەڵێتەوە، ئەگەر لەرەگەزی بەرامبەر بوو، ئەوا زۆربەی خوێندکارەکان سەرنج و هەستیان لای بەژن و باڵا و جوانی مامۆستاکەیەو زۆر ئاگایان لەوانەکە نابێت ".

بەبڕوای ئەو کۆمەڵناسە " ئەمەش خۆی لەخۆیدا باش نییەو هاوکار نییە بۆ فێربوون".



# بەغدا متمانە بە نووسراوەکانی کوردستان ناکات



## پەرلەمانتار سامی ئەترۆشی: بە کوردی ناردنی نووسراوەکان مافێکی دەستووری حکومەتی کوردستانە و بەهیچ شێوەیەک داودەزگاکانی بەغدا ناتوانن ئەم نووسراوانە ڕەتبکەنەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەمەبەستی تەواوکردنی مامەڵە بۆ بەناوکردنی ئۆتۆمبێلەکەی کە ژمارەی کاتی موسڵە، مەحموود تووشی سەرسوڕمان بوو کاتێک دەبینێت هیچ یەکێک لەفەرمانگەکانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان متمانە بەنووسراوە فەرمیەکانی یەکتر ناکەن و داوای نووسراوی ڕاستی دەرچوون لەیەکتر دەکەن.

مەحمود مونعیم، 30 ساڵ، کەدانیشتووی شاری هەولێرە، هەفتەی ڕابردوو بەمەبەستی بەناوکردنی ئۆتۆمبێلەکەی لەدادنووسی هەولێر بریکارنامەیەکی تایبەت بەخاوەنی ئۆتۆمبیلەکەی دەکات، بەو مەبەستەی بەهۆیەوە لەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی موسڵ ئۆتۆمبێلەکەی بەناوی خۆی بکات، بەڵام کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێ متمانەیی خۆیان بە بریکارنامەکەی دەردەبڕن و کارەکەی بۆ جێبەجێ ناکەن، بۆیە مەحمود ناچار دەبێت لەموسڵ سەر لەنوێ بریکارنامەیەکی دیکە دەربکاتەوە، دەڵێت "بەڵام سەیرم بەوە دێت، ئێمە خۆمان بەعێراقی دەزانین و بەپێی دەستوور لەهەرێمەکەمان زمانی کوردی بەفەرمی ناسراوە".

دادنووسی هەولێر یەکێک لەو فەرمانگە قەرەباڵغانەیە کە ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لەهەولێر و شارەکانی دیکەی عێراق بەمەبەستی بریکارنامەی تایبەت و گشتی و بەڵێننامەی هەمەجۆر سەردانی دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەو فەرمانگەیە بریکارنامەکان بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجام دەدات و بە زمانی عەرەبی بۆ فەرمانگەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەینێرێت، بەڵام زۆر جار متمانەی پێناکرێت.

چراخان محەممەد، دادنووسی دووەم لەفەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر، ئاماژە بەوە دەکات هەندێک لەشارەکانی ناوەڕاست و خوارو و بە تایبەتیش هەردوو شاری موسڵ و کەرکووک متمانە بەڕاستی نووسراو و بەڵگەنامەکانیان ناکەن و داوای نووسراوی ڕاستی دەرچونیان لێدەکەن، گوتیشی "ئەگەر بریکارنامەکان بە زمانی کوردی بنووسین هەر پشتگوێیدەخەن، بۆیە بۆ ڕانەگرتنی کاروباری خەڵک بە زمانی عەرەبی بۆیان دەنووسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا متمانە بەنووسراوەکە ناکەن و داوای نووسراوی ڕاستی دەرچوونمان لێدەکەن، بۆیە ئێمەش بڕیارمانداوە بەهەمان شێوەی ئەوان هەر نووسراوێکمان بەدەست بگات، ئەگەر نووسراوی ڕاستی دەرچوونمان بۆ نەنێرن کاری پێناکەین".



### تا ئێستا بە پێویستمان نەزانیووە بە کوردی نووسراوەکان بۆ بەغدا بنێرین

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دان پێنراوە و زمانی کوردی و زمانی فەرمی دووەمی عێراقە، بۆیە پێویستە فەرمانگەی شارەکانی عێراق متمانە بەنووسراوە فەرمیەکانی هەرێم بکەن و وەرگێڕ لە فەرمانگەکانیان دابنێن، لەمبارەیەوە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو) "هەردوولا مافی خۆیانە ئەگەر گومان لە نووسراوەکانی یەکتر بکەن، چونکە تا ئێستا ساختەکاری لەنووسراوەکان لە عێراق ماوە، بۆیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ڕاستی نووسراوەکان شتێکی ئاساییە".

ئەو دادنووسە هۆکاری ڕەتکردنەوەی نووسراوەکان بەزمانی کوردی و متمانە نەبوونی بە نووسراوەکانی دیکە، بەتایبەت لەهەردوو شاری موسڵ و کەرکوک، بۆ کێشەیەکی سیاسی دەگەڕێنێتەوە نەک زمانەکەی، دەڵێت "ئەوە کێشەیەکی سیاسییە، چونکە ئێمە بەزمانی عەرەبیش نووسراویان بۆ دەنێرین هەر متمانە بە نووسراوەکان ناکەن و داوای نووسراوی ڕاستی دەرچوانمان لێدەکەن".

لەو نێوەندەدا هاووڵاتیان زیان لێکەوتووی یەکەمن لەو کێشەیە و ئەوان ئاماژە بەوە دەدەن لەبێ متمانەیی فەرمانگەکانی عێراق و هەرێم، بە نووسراوەکانی یەکتر کاتێکی زۆریان لەدەست دەڕوات و دواجار زەرەر دەکەن، ریاز عەبوود، 28 ساڵ، دانیشتوی شاری موسڵ، زیاتر کاری کڕین و فرۆشتن و بەناوکردنی ئۆتۆمبێل دەکات دەڵێ "هەر نووسراوێک بهێنن دەبێت جارێکی دیکە بیگەڕێننەوە هەمان فەرمانگە بۆ هێنانی نووسراوێکی دیکە بۆ ڕاستی دەرچوونی نووسراوی یەکەم، لەمەش زیانی زۆرمان پێدەگات".

قاسم جەمیل، ماوەی 12 ساڵ وەک عەریزەنووسێک لەفەرمانگەی دادنووسی هەولێر کار دەکات، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند نووسراوی کوردی تەنیا لەشارەکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، بۆیە بەناچاری کلێشەی تایبەتی عەرەبیان بۆ شارەکانی دیکەی عێراق دروستکردووە، گوتیشی "تا هەندێک نووسراوی ساختە دەستی بەسەردانەگیرا، هیچ لایەک داوای ڕاستی دەرچوونی نووسراوەکانیان لەیەکتر نەدەکرد، بەڵام ئێستا هیچ نووسراوێک بەبێ نووسراوی ڕاستی دەرچوون متمانەی پێناکرێت".

لەلایەکی دیکەوەش سامی ئەتروشی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ئەندامی لێژنەی هەموارکردنی دەستوور و لێژنەی دارایی لەعێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێت کە نوێنەرانی کورد لەبەغدا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەهۆی چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکان، کەمتر لەڕووی هونەریەوە، بەدواداچوونیان بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی دەستوور بەتایبەتیش کارکردن لەسەر بە فەرمیکردنی زمانی کوردی لەڕووی نووسراوەکاندا کردووە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەدات کە بە کوردی ناردنی نووسراوەکان مافێکی دەستووری حکومەتی هەرێم و فەرمانگەکانیەتی و بەهیچ شێوەیەک داودەزگاکانی بەغدا ناتوانن ئەم نووسراوانە ڕەتبکەنەوە، ناوبراو دەڵێت "لەڕووی دەستوورییەوە زمانی کوردی و لەدوای زمانی عەرەبی دووەم زمانی فەرمیی عێراقە، بۆیە بۆ هیچ فەرمانگە و دەزگایەکی حکومی نییە نووسراوی کوردی ڕەتیبکاتەوە، یان متمانەی پێنەکات و داوای ڕاستی دەرچوون بکات".

بەڵام بەبڕوای محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەڕێوەچوون و جێبەجێکردنی کارەکان، گرنگ نییە ئەو نووسراوە بەکوردی بنووسرێت یان بەعەرەبی "جیاوازی نییە"، گوتی "تا ئێستا بە پێویستمان نەزانیووە بە کوردی نووسراوەکان بنێرین"، ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان لەئەنجومەنی وەزیران تا ئێستا هەر نووسراوێکی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق یان داودەزگاکانی دیکە ناردبێت بەزمان عەرەبی ناردوویانە.

لەبارەی بەکوردی ناردنی نووسراوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا، قەرەداخی بە پێکەنینەوە دەڵێت "ئەگەر نووسراوەکان بەکوردی بنووسین دەبێت سەرەتا هەوڵی ئەوە بدەن، هەموو عێراق فێری زمانی کوردی بکەین چونکە ئەوان بەکوردی نازانن بخوێننەوە"، قەرەداخی هەروەها گوتیشی "ئەگەرچی لەدەستوور زمانی کوردی، زمانی فەرمی دووەمی عێراقە، بەڵام خۆ ئاماژە بەوە نەکراوە هەر دەبێت بەکوردی نووسراو بۆ بەغدا بنوسرێت".

بە پێچەوانەوە ئەتروشی، بەپێویستی دەزانێت لەمەولا حکومەتی هەرێم لەجیاتی زمانی عەرەبی نووسراوەکانی بەکوردی بۆ بەغدا بنێرێت، حکومەتی بەغداش لەو فەرمانگانەی کە پەیوەندی ڕاستەخۆیان بەهەرێمەوە هەیە وەرگێڕ دابنێن، هەروەها گوتیشی "بەپێی دەستوور لەسەر حکومەتی بەغدا پێویستە سەرجەم ئەو نووسراوانەی کەناو و مۆری دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان بەسەرەوە بەفەرمی بناسێت، ئەگەر هەر نووسراوێکی لەم شێوەیەش ڕەتکرایەوە، ئەوا حکومەتی هەرێم دەتوانێت سکاڵا ئاراستەی دادگای فیدراڵی عێراق بکات".

# چەمچەماڵ هیوای بە یاسا نەماوە

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**رووداو- چەمچەماڵ**

مانگی ڕابردوو بە بەرچاوی پۆلیسەکانی دادگای چەمچەماڵەوە، لەبەردەم دادگەکە پیاوێک درایە بەر گوللە، بکوژەکەی تا تەواو دڵنیا نەبوو لە گیان دەرچوونی بەجێی نەهێشت. بەتۆمارکردنی ئەم ڕووداوە لای پۆلیسی چەمچەماڵ، لە 9 مانگی ڕابردوودا ئەوە دوانزەیەمین حاڵەتی کوشتنە لەو شارەدا ڕوویدات.

زۆر کەس پێیوایە چەمچەماڵ توندوتیژترین شاری کوردستانە، هەر لەبەرئەوەش هەندێ کەس بە "تێکساسی کوردستان" ناوزەدی دەکەن. هەواڵی کوشتن و تەقەکردن لەچەمچەماڵ، بابەتێک نییە جێگەی سەرسوڕمان بێ بۆ دانیشتوانەکەی، وەک دانیشتوویەکی ئەوێ دەڵێ "دەست وپەنجە و گوێمان لەگەڵ ئەو هەواڵانەدا نەرمکردووە، مانگ نییە دوو سێ کەس لەو شارە نەکوژرێن".

دڵشاد جەلال، تەمەن45 ساڵ، پتر لە 12 ساڵە کاری عەریزەنووسی دەکات لە چەمچەماڵ، دەڵێ لێرە حیزبەکان بەر لەهەمووکەس یاسا ژێر پێ دەخەن، پشتیوانی لەوانەش دەکەن کە سووکایەتی بە یاسا دەکەن"بۆیە زۆر کەس نائومێد بووە لە یاسا و لەسەر شەقامەکان خۆیان دەسەلمێنن،ئەنجامەکانیش ئەوانەیە کە دەیبینین، کوشتن بەو ڕێژە زۆرە لەچەمچەماڵ هەیە".

دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو شارە نیگەرانن لەوەی کە نێوبانگی شارەکەیان بەو شێوەیە لەکەداربووە، کە هەر کات ناوی چەمچەماڵ بهێنرێ، باسی کوشتن دێتە گۆڕێ. ئەوان ئاڵۆزبوونی دۆخی کۆمەڵایەتی شارەکەیان

### ڕووداو زۆرە و فریا ناکەوین

بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ

دەگێڕنەوە بۆ سەرەوختی پرۆسەی ئەنفال لەساڵی 1988 کە لەلایەن دەسەڵاتی پێشووی عێراقییەوە دەستکاریی نەخشەی جوگرافی ناوچەکەی کردووە، دانیشتووانی هەمەڕەنگی دەیان گوندی تێکەڵ بەو شارە کرد.

هەردی ئەبوبەکر، ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی چەمچەماڵەو ڕۆژانە لەگەڵ ڕووداوە گەرمەکانی ئەو ناوچەیەدا دەژی، نکوڵی لەوە دەکات دانیشتووانە ڕەسەنەکەی چەمچەماڵ هەرگیز بەلای کاری توندوتیژی و کوشتندا بچن، بەو شێوەی ئێستا دەبینرێ، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەنجامی تێکەڵبوونە سەیرەکەی دوای پرۆسەی ئەنفال بۆ ئەم شارە.

### حیزب یاسا کوژە

بەڕێوەبەری تازە دەستبەکاربووی پۆلیسی چەمچەماڵ، ڕائید فەرهاد حەمید، لەسەر دەستتێوەردانی حیزبەکان لە کاروباری پۆلیس دەڵێ "من ناڵێم حیزب 100% دەست دەخاتە کاروباری پۆلیس و یاسا". بەڵام دانیشتووانی شارەکە بەدەیان بەڵگە دەخەنە بەردەم ئەو کەسەی بیەوێ نموونە لەسەر ئەو دەستتێوەردانە ببیستێ، ئەوەش بەهۆکاری بوونی توندوتیژی کۆمەڵایەتی لەشارەکەیان دادەنێن.

عوسمان ناوی خوازراوی پیاوێکی تەمەن 45 ساڵەی دانیشتووی چەمچەماڵە، ئەو بە (رووداو)ی گوت "چەندین جار لەلایەن هەندێ کەسی ناو مەڵبەندی یەکێتییەوە ئاسانکاری بۆ زیندانیان کراوە لەزیندان هەڵبێن و بە ڕۆژی ڕووناک لقی پارتی لێرە بەرگری لەکەسێکی تۆمەتبار دەکا، کە لەسەر داوای ئەو چەند کەس کوژراوە، بەڵام یاسا لەگەڵ ئەوانەدا هیچی پێناکرێ". عوسمانیش قسەکانی دڵشاد جەلال پشتڕاست دەکاتەوە "ئەو کەسانەی بێ ئومێد دەبن لەقانوون لەسەر شەقام خۆیان خاڵی دەکەنەوەو بەدوای مافی خۆیاندا دەگەڕێن".

بەگوێرەی ئامارێکی پۆلیسی چەمچەماڵ لە 2009/1/1 تاوەکو 2009/9/2 دوانزە کەس لەنێو چەمچەماڵ و دەوروبەری کوژراون. کە زۆربەی کوشتنەکانیش لە ئەنجامی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە.

### پۆلیسیش لەچەمچەماڵ قوربانییە

ساڵی ڕابردوو ئەفسەرێکی پلەداری یەکێتی بۆ دەرهێنانی چەند دەستگیرکراوێک لە زیندان، هێرشی کردە سەر بنکەی گرتن و گواستنەوەی چەمچەماڵ، بۆ ڕێگەگرتن لێی، پۆلیسەکانی ئەو بنکەیە ڕووبەڕووی بوونەوەو شەڕو تەقەکردن هاتە ئاراوە، دوای ئەو ڕووداوە لەلایەن وەزیری ناوخۆی ئەوکات عوسمانی حاجی مەحمود پۆلیسەکان سزادران،چونکە بەپێی فەرمانی سزادانەکە نووسرابوو کە پۆلیسەکان بەبێ بوونی فەرمان، تەقەیانکردووە. ئەمساڵیش لەسەر وەختی بانگەشەکانی هەڵبژاردن دا هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوەو پۆلیسەکان لە ترسی سزادان نەیانتوانی تەقەبکەن لەو کەسانەی چوونە سەریان، دواتر سزا درانەوە بە تاوانی ئەوەی لەبەرچاوی ئەوانەوە دەستگیرکراوەکان لەزیندان براونەتە دەرەوە.

ڕائید فەرهاد حەمید، بەڕێوەبەری پۆلیسی چەمچەماڵ بەوەکالەت دەڵێ ئەو پۆستەی ئێستا پێیدراوە دڵخۆشی ناکات " چونکە دەزانم پۆلیسی، لەم شارە کێشەو سەر ئێشەی زۆرە، ڕەنگە دواجار تووشی کێشەی عەشائیریشم بکات، چونکە لایەنە عەشارییەکە بەسەر زۆر شتدا زاڵە".

ڕائید فەرهاد بە (رووداو)ی گوت "لێرە

### مانگ نییە دوو سێ کەس لەو شارە نەکوژرێن

هاووڵاتییەک

کێشەو ڕووداو زۆرە، بەڵام پۆلیسمان کەمە. دەبوو وەزارەتی ناوخۆ پۆلیسی فریاکەوتن لێرە دابنێ، چونکە بەم قەبارەو پێداویستییەی ئێستای پۆلیسەوە، بەزۆر شت ڕاناگەین".

### یاسا بۆ کوشتن کاری پێناکرێ

زۆربەی ئەو کوشتنانەی لە شارەکە ڕوودەدەن لەسەر کێشەو تاوانی پێشترەو لە ڕێگەی سوڵحی عەشایرییەوە چارەکراون، بەڵام ئاشتبوونەوەیەکی متمانە پێنەکراون بۆیە ناکۆکییەکان نەوە بۆ نەوە درێژ دەبنەوە. بەڕێوەبەری پۆلیس لەو باوەڕەدایە، هەر سوڵحێکی عەشایری کە دەکرێ بەپێی یاسا نییە و یاسا بچووک دەکاتەوە "بۆیە ئێستا هەردوولا بەگومانن لەیەکتر". گوتیشی "ئەگەر متمانە بە یاسا بکرایە پەنا نەدەبرایە بەر سوڵحی عەشایری، وەک چۆن یاساش لەو باوەڕەدایە ئەگەر ئەو سوڵحانە جێگەی خۆی بگرتایە دەمێک بوو کێشەو کوشتنەکان تەواو دەبوون".

بەڵام بەلای کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو شارە، کە نەیویست ناوی بهێنرێ، حیزبەکان خۆیان مەبەستیانە ئەو توندوتیژیانە لەچەمچەماڵدا بمێنن "ئەگەر سوڵحە عەشایرییەکان نەبوونایە ئێستا دۆخەکە زۆر خراپتر دەبوو". گوتیشی "چونکە لێرە یاسا بۆ شتە بچووکەکان کەڵکی هەیە، ئەگینا گەیشتە سەر کوشتن تەنیا ڕێگە عەشایرییەکە دەتوانێ دایمرکێنێتەوە".



# ڕای شەقام

## یەکپۆشی جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند ناهێڵێ



**رووداو-هەولێر**

**هۆزان عەبدولرەحمان 23ساڵ، قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی لە هەولێر، پێی باشە یەکپۆشی لە قوتابخانەکان بمێنێت، بەومەرجەی ساڵانە گۆڕان لە شێوازەکانی جل بکرێت چونکە قوتابی بەیەک شێوە بێزار دەبێت.**

**رووداو: پێت باشە قوتابی لە قوتابخانەکان یەکپۆش بن**

**هۆزان:** زۆر پێم باشە، چونکە قوتابی لە خەڵکی دیکە جیادەکاتەوە و جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند ناهێڵێت.

**رووداو: بەڵام هەندێک دەڵێت ئەوە ڕێگرە لە ئازادی ئێمە؟**

**هۆزان:** ئەوە خۆدزینەوەیە لە پەیوەست بوون لە ڕێسای قوتابخانەکان؟

**رووداو: چی بکرێت باشە، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بێت لە یەکپۆشی؟**

**هۆزان:** ساڵانە سیستەمێک دابنرێت بۆ یەکپۆشی و حکومەت خۆی جل بە قوتابی بفرۆشێت بە نرخێکی گونجاوتر، گۆڕانیش لە شێوەی بەرگەکان بکات بە شێوەی مۆدێرن، بۆ ئەوەی قوتابی بێزار نەبێ.

## لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ حیزب وەزیرەکان دادەنرێن



**رووداو-سلێمانی**

**هیوا ڕەزا تەمەن 23ساڵ، خوێندکاری کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانییەو پێیوایە وەزیرە نوێیەکانیش، بەهەمانشێوەی وەزیرەکانی پێشوو دەبن و تەکنۆکرات نابن .**

**رووداو: پێتوایە وەزیرەکانی ئەمجارە، وەزیری تەکنۆکرات دەبن؟**

**هیوا:** هیچ کات پێموانییە وەزیرەکان تەکنۆکرات بن، چونکە بڕیاردەری یەکەم حزبە، کە ئەوان دەستنیشان دەکات، حیزبیش لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ حزب دایاندەنێت.

**رووداو: پێتوایە لەوەزیرەکان لە ڕێگەی ناسراوو خزم خزمێنەوە دابنرێت؟**

**هیوا:** بێگومان بۆ ئەوەی وەزیرەکان نەتوانن لەفەرمانی بەرپرسانی حزب دەربچن.

**رووداو: لەو باوەڕەی وەزیرە نوێیەکان بتوانن ڕۆڵی باش ببینن لەپێشخستنی زیاتری وەزارەتەکان؟**

**هیوا:** پێموانییە بتوانن گۆڕانکاریی بکەن، چونکە ناچارن پێڕەو لەو سیستمە حزبییە بکەن چەند ساڵە لە کوردستان کاری پێدەکرێت لەناو حکومەتدا.

# تکایە منیش وەربگرن

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

من کە ناوم (ئەسعەد حوسێن مامک)ە دەرچووی پۆلی شەشەمی وێژەییم، لە دواناوەندی ئێوارانی هەریر، لە ساڵی 2008، تێکڕای نمرەکەم (63) بوو، هەرچەندە داوام پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد، بۆ ئەوەی لە زانکۆ یان پەیمانگەیەک وەربگیرێم، بەڵام لەگەڵ ئەو 10هەزار قوتابییەی کەسەرەتا ناویان نەهاتەوە وەرنەگیرام، پاشان دوای بەدواداچوونی پەرلەمان زۆربەی قوتابییەکان وەرگیرانەوە، تەنیا ئەوانە نەبێت کە نمرەیان زۆر کەم هێنابوو، یان ئەوانەی تەمەنیان گەورەبوو، ئێستا نزیکەی 150قوتابی کە تەمەنیان گەورەیەو تێکڕای نمرەیان لە 65کەمترە لە هیچ شوێن وەرنەگیراون، من کە 32ساڵم یەکێکم لە قوربانییەکانی شەڕی ناوخۆ ئەو کات نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم، ئێستا بە زەحمەتییەکی زۆر لە قوتابخانەیەکی ئێواران کە تا نیوەی ساڵ مامۆستای نەبوو، بەهەوڵێکی زۆر توانیمان ئەو نمرەیە بهێنین، ئێمە ویستمان هەوڵ بدەین و قەرەبووی ڕابردوو بکەینەوە، بەڵام ناعەدالەتییەکی زۆرمان بەرانبەر کرا، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم بە دەنگ داواکاریەکەمانەوە بێن و کێشەکەمان چارەسەر بکەن.

**ئەسعەد حوسێن مامک**
**دەرچووی پۆلی شەش**

# هەمەجۆر

## گەورەترین کۆنسێرتی کوردی لە ئەوروپا




زانا گەلاڵی
ڕووداو- هۆڵەندا

لەسەر بانگهێشتی سەنتەری کولتووری نەورۆز لەپێناو ڕێزلێنان لەهونەرمەندانی کۆچکردوو ڕۆژی 2009/10/10 لەشاری لایدن لە هۆڵەندا کۆنسێرتێکی گەورە دەکرێ کە چاوەڕواندەکرێ گەورەترین کۆنسێرتی گۆرانی بێت لەئەوروپا و یادی هونەرمەندە نەمرەکانی کوردی تێدا دەکرێتەوە. لەم کۆنسێرتە دا زیاتر لە 100 هونەرمەندی موزیکژەنی کورد و هۆڵەندی و چەندان هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد بەشداری دەکەن، ناسر ڕەزازی، پەیمان عومەر، محەممەد جەزا، میکائیل، دڵنیا ڕەزازی، گۆران ئیبراهیم خەیات، فاتێ و چەند گۆرانیبێژی دیکە یادی هونەرمەندە کۆچکردووەکان دەکەنەوە.

## هەڵکەوت زاهیر خەریکی دانانی تەلەڤزیۆنێکی هاوشێوەی ڕۆتانا میوزکە:

# کۆڕەک گۆڕا بۆیە وازم هێنا


هەڵکەوت زاهیر
(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو- هەولێر**

دوای دەستبەکاربوونی لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەسەتەلایتی کۆڕەک موزیک، هەڵکەوت زاهیر هەفتەی ڕابردوو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە تەلەڤزیۆنەکە کرد و ئاشکرایکرد بەنیـــازی پڕۆژەیەکی دیکەیە وەک دامەزراندنی تیڤییەک کە تەرفیهی بێت وەک کەناڵی (ڕۆتانا موزیک)، دەڵێت "بەهۆی گۆڕینی ئاراســتەی تیڤییەکــە لەهونەرییەوە بۆ کاری بزنس، بەبێ هیچ فشارێک دەستم لەکار کێشایەوە".

لەدیدارێکید لەگــەڵ (ڕووداو)دا هەڵکەوت باســی لەوەکرد خەڵک وایــان دەزانی کۆڕەک موزیــک، مادام کــۆڕەک تیلیکۆمی لەپشــتە ســەرمایەکی باشــی هەبێت، کەچــی خۆم و سەرجەم کارمەندان بە ئیمکانیەتێکی زۆر کەم کارمان کردووە، دەڵێت "بەهەوڵ و ماندووبوونی کارمەندان و بە داهاتێکی کەم توانیمان کۆڕەک تیڤی بە ئاراســتەیەک دروست بکەین جیاوازتر بێت لەتیڤییە کوردییەکانی دیکە"

ئــەوەی هەڵکەوت زاهیر دڵگــران دەکات و دەبێتە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی گۆڕینی ئاراستەی تیڤییەکەیە، لەکەناڵێکی هونەرییەوە بــۆ بزنس، هەڵکەوت دەڵێــت "کۆڕەک لەگەڵ کۆمپانیای (Art) ڕێککەوتنیان کرد و 50% ی کۆڕەک موزیک بەوان فرۆشــراوە، بێگومان ئەو کاتیش دەبێت ئیدارییەکی هاوبەش دروست ببێت بــۆ کارەکان وەک کارێکی بزنســی"، هەروەها گوتی "کــۆڕەک موزیک کە لە چوارچێوەیەکی بزنسیدا، ڕەنگە بۆ من گونجاو نەبێت، چونکە بەرامبەرەکەم لەوانەیە هەوڵ بدات زۆرتر پارەی دەســت بکەوێت، منیش بیر دەکەمەوە چۆن دڵی زیاتری خەڵــک ڕازی بکەم، ئەمەش دوو بۆچوونی لێکجیایە، بۆیە بە خۆشەویستییەوە داوای دەست لەکارکێشانەوەم کرد".

کۆمپانیای ئارت، کە هاوکات پڕۆژەی تیڤی (کورد 4)یشــی لەبەرنامەدایە، دەنگۆی ئەوە هەیە، گۆرانیبێژو پێشکەشــکاری تەلەڤزیۆنی زاگــرۆس ئارامــۆ سەرپەرشــتیاری ئیدارەی ئەو پڕۆژەیە بــکات، هەڵکەوت دەڵێت "ئارامۆ کەســێکی ســەرەکیە لــەو پڕۆژەیــە، نازانم ئارامۆ بەڕێوەبەری گشــتییە یان نا، لەوانەیە ئیدارییەک سەرپەرشتیاری گشتی بکات، پێموایە بەڕێوەبەری گشتی دانانرێت".

ئــەو ڕەخنەیەی کــە بــەردەوام لەکۆڕەک دەگیرێت، دووبــارە بوونەوەی ناوی کۆمەڵێک کەســی وەکو دەشــنێ، هانی، لۆکــە و میرە و ...تــاد بوو کە بەردەوام لەســەر شاشــەی کۆڕەک دەردەکــەون، هەڵکەوت ئەو ڕەخنەیە بە ناڕاســت دەزانێــت و بەپێچەوانەوە دەڵێت "زۆربــەی هونەرمەندان بەردەوام لەشاشــەی کۆڕەک پیشــاندراون"، ئەو ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر لەهەر تیڤییەک کار بکات کاژێرێک تایبەت دەبێت بە کارەکانی خۆی، لەلایەکی دیکەوەش دەڵێت "ئەو هونەرمەندانەی باستان کردن کارو چالاکیان زۆرە، چونکە ئەوان لەشێواز و ستایلدا، لەجلوبــەرگ و دیمەنی خۆیــان گۆڕانکاریان دروســتکردووە"، لەبەرامبەر ئــەوەی زۆرجار لەمیدیای کوردیدا ئەو کەســانە بە منداڵەکانی هەڵکەوت زاهیر ناویان دەبردرێت، دەڵێت "من ناڵێــم منداڵەکانم، بــەڵام قوتابی قوتابخانەی هەڵکــەوت زاهیــرن"، هەڵکــەوت گوتیشــی بەرۆیشتنی ئەو لەکۆڕەک ئەوانیش دەڕۆن "من لەکوێ بم ئەوانیش لەوێ کار دەکەن".

## به شانازییەوە من سەمام هێنایە نێو گۆرانی کوردی

بەڕێوەبەری پێشــووی کۆڕەک تیڤی ئەوە ڕەتدەکاتەوە تەنیا هاوکاری هەندێک گۆرانیبێژی کچ بکات کە لەسەر ستایلی خۆی کار دەکەن، بەڵکــو دەڵێــت ڕۆژانە زیاتر لــە 10 ئیمەیڵم بۆ دێت پێشــنیاز لەلایەن هونەرمەندەکانەوە دەکرێت، "من بۆچوونــی تایبەتی خۆم هەیە، هونەرمەند خۆی دێتە لای من، شــتی بەسەر ناسەپێنم، بەڵام کە هونەرمەندەکە دەردەکەوێت ڕکابەری بۆ دروســت دەبێت ئــەوی دیکە ڕق لەمن هەڵدەگرێت"، گوتیشی "زیاتر حەز دەکەم پەرە بە بواری ئافرەت بدەم، ڕەنگە توانیبێتم کۆمەڵێک ئافرەتی نوێ بە کۆمەڵێک ســتایلی جیــاواز وکۆمەڵێک فۆرم و دانس کردن بهێنمە ناو هونەری گۆرانی کوردی".

هەڵکەوت بە هەستکردن بە شانازییەوە دەڵێ "بێگومان من سەمام هێنایە ناو گۆرانی کوردی، ئەو پەیامەم بەردەوامیش دەبێت بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی هونەرمەند لەناو کورددا"، لەبەرامبەر ناڕەزایی و ڕەخنــەی هەندێک گۆرانیبێژی ژن لەدژی ستایلی دەشنێ دەڵێت "هەموویان داوای کارکردنیان کردووە لەگەڵ من، ڕەنگە من کارم بۆ نەکردبن، بۆیە دواتر دەکەونە ڕەخنەگرتن لەو هونەرمەندانەی کە لای من کار دەکەن".

هەڵکەوت کــە ئەو کۆمەڵــە گۆرانیبێژەی لەسەر ستایلی ئەو کار دەکەن بە "قوتابییەکانی خــۆم" ناو دەبات، لەنێویاندا کە هەڵکەوت زۆر

## دەشنێ مارلین مۆنرۆی کوردە و لە شەکیراش بەتواناترە


مارلین مۆنرۆ

پێی سەرســامە (دەشــنێ موراد)ە کە وەک خۆی دەڵێ ڕۆژانە گوێــی لێدەگرێت، پێیوایە ئەمــە دیاردەیەکە و هەر 100 ســاڵ جارێک بە میللەتێک دەبەخشــرێت " 100 ساڵی دیکە لەناو کورد دەشــنێ دروست نابێتەوە"، مارلین مۆنرۆ هەبوو لەئەمریکا، سوعاد حوسنی هەبوو لەعەرەب، دەشــنێ مورادیــش هەیە لەکورد، گوتیشــی "بە تەئکید دەشنێ مارلین مۆنرۆی کوردە"، بە بڕوا بوونێکی زۆریشەوە هەڵکەوت دەڵێت "جگە لەمن زەحمەتە کەســێکی دیکە بتوانێت کار بۆ دەشنێ بکات، دەشنێ لەشاکیرا باشتر دەبینم"، جگە لەوەش ستایشی هەریەک لەدەنگــی هەردوو کچە گۆرانیبێژ هانی و لۆکە دەکات.

هەڵکــەوت وەکو باســی دەکات لەچەندین دەزگا و کەرتی تایبەت تەنانەت حیزبیش داوای لێکــراوە بۆ بەڕێوەبردنی پــڕۆژەی تیڤییەک، گوتیشی پڕۆژەی تەلەڤزیۆنێکی لەبەردەستەو جــاری کارەکانی تــەواو نەبووە، بــەڵام ئەو بەبێ ئەوەی ناوی هیچ شوێنێک ئاشکرا بکات دەڵێت "بێگومان ئەگــەر تەلەڤزیۆنێک دابنێم ئاراســتەیەکی تەرفیهی بەخۆیەوە دەبینێت، بــەڵام شــێوازی بەرنامــەی بەجۆرێکی دیکە دەبێت، دەمەوێت وەکو ڕۆتانا موزیک بێت".

# نیلیسا لە شکاندنەوە دەترسێ


نیلیسا

**ڕووداو — هەولێر**

یەکــەم دەرکەوتن لەکلیپە نوێیەکەیدا ترســی خســتووەتە دڵی کچە گۆرانیبێژی تازە دەرکەوتوو (نیلیســا)، ئەو لەســەر قەنەفەیەک دانیشــتووە و بە دڵەڕاوکێوە قســە بۆ ڕۆژنامــە دەکات، هەموو ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییانەی کاتی دیمانەکە بۆی هاتن، لەسەر ئەو ئێوارەیە بوون کە کلیپەکەی وێنە دەگرێت، لەکاتێکــدا گەشــبینی بە ڕووخســاری ئەو گۆرانیبێژە تازەیەوە دیارە، بەڵام دەڵێت "من لەزمانی ڕووخان و شــکاندنەوەی خەڵــک و کۆمەڵــگا دەترسم، نەک ڕەخنەگرتنی جیــدی"، ئەو پرســیارەی زۆربەی جاریش ڕووبەڕووی دەکرێتەوە ناوەکەیەتی، ئەو نەیویست ناوە ڕاستەقینەکەی لەڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام گوتی "نیلیسا ناوێکی ڕووسیە و نازانم مانای چییە، تا ئێســتا بەدوای ماناکەیدا دەگەڕێم".

(چیت پێ گوتم) یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی ئەوکچە گۆرانیبێژەیە، کە کاری وێنەگرتن و مۆنتاژی تەواو بووەو لەم ڕۆژانە پەخش دەکرێت، گۆرانییەکە لە تێکستی حەمە سەعید ئیبراهیم و میلۆدیەکەشی لەلایەن هەڵکەوت زاهیر دانراوە، هێمن حوسێن کاری دابەشکردنی موزیکی لەئەســتۆ گرتووە، لەدەرهێنانی کچە گۆرانیبێژ دەشــنێ مورادە، نیلیســا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەرهەمە یەکێکە لەگۆرانیەکانی ئەلبومە تازەکەم کە لە 9 تراک پێکهاتووە، وا بڕیارە بەهاوکاری هەڵکەوت زاهیر لەئایندە کاری لەسەر بکەم".

نیلیسا، لەباوکێکی کەرکووکی و دایکێکی هەڵەبجەیی، لەســاڵی 1988 لەسلێمانی لەدایکبووە، لەساڵی 1999 لەگــەڵ خێزانەکەیان کۆچ دەکەن بــۆ بەریتانیا و لە لەندەن نیشتەجێ دەبن، ئێســتاش خوێندکاری دوا قۆناخە لەبەشی زانستی دادی پزیشکی (forensic science) لەزانکــۆی (London Southbank University).

لەدیدارێکدا بۆ (ڕووداو)، نیلیسا ئەوەی ئاشکرا کرد کە سەرەتا زۆر حەزی لەبەشی میدیا کردووە، بەڵام دوای ساڵێک لەخوێندنی لەبواری ڕاگەیاندن واز دەهێنێت و دەچێتە کۆلێژی پزیشــکی، بەڵام هەر بەشداری کۆنسێرتەکانی کردووە لەگەڵ تیپێکی هونەری کوردی بەناوی (ئاریا)، دەڵێت "سەرەتای دەرکەوتنی دەنگخۆشی من لەکۆنسێرتێک بوو لە لەندەن گۆرانییەکی چۆپی فەتاحم گوت ئەوەندە ترسام تا کۆتایی گۆرانییەکەم بیرچۆوە، بەڵام کە لەسەر شــانۆ هاتمە خوارەوە زۆر دەستخۆشیان لێکردم و زۆر هانیاندام کە بەردەوام بم"، نیلیســا گوتیشــی "لەتازەکان زۆر عاشقی دەنگی چۆپی فەتاحم".

جگە لەوەی خوێندکاری کۆلێژی پزیشکییە، نیلیسا گۆرانی دەڵێت و وێنە دەکێشــێت، لەکاتێکدا ئەو دوو بوارە لەیەکتر دوورن، ئــەو دان بەوەدا دەنێت کە بوارەکان لەیەکتر دوورن، دەڵێت "هەموو وێنەکانم ئافرەتی کوردە"، هەروەها گوتیشی "ئەو بەشــەی کــە دەمەوێت بیخوێنم لەســەر مافی ئافرەت دەبێ، لەســەر دەستدرێژی و توندوتیژی و کوشتنی ئافرەت کار دەکەم، لەداهاتوودا نیازم وایە بێمە کوردستان کار بکەم لەپزیشکی داد".

نیلیســا کە ئەمە یەکــەم ئەزموونیەتی، لەســەر کلیپە کوردییەکان زۆر بەڕاشکاوانە گوتی "کلیپە کوردییەکان لەڕووی کوالێتییەوە لە 50% فاشیلن"، ئەو کلیپانەش کە وروژێنەر و بە نیمچەڕووتی دەردەکەون بە پێشکەوتن ناو دەبات، دەڵێت "ئەگەر بەیانــی داوام لێکرا بە جلوبەرگێکــی نیمچەڕووت و وروژێنــەر کلیپێک بکەم، هونەرە، دەبێ هەموو شــتێکی لێ قبوڵ بکەیت، دەتوانم بیکــەم بەپێی گۆرانییەکە ئەگەر داوا بکرێت نۆرماڵە، بەڵام هەر یەکەو ستایلێکی خۆی هەیە".

## قاوە خواردنەوەیەکی بە تەنیا لە لەندەن هەموو دونیا دەهێنێت

ئەو کچە گۆرانیبێژە کە بە کاوبۆیەکی شــین و کراسێکی ڕەش و قژێکی کورتەوە دەرکەوت، زیاتر لەکچێکی ئەوروپایی دەچێت و دەڵێت ئێســتا پلانی شــووکردنم نییە، خۆشترین خواردن بەلایەوە زەڵاتەی بە پەنیرە، بەڵام لەکوردســتان ئەو خواردنەی دەســت ناکەوێت، دەڵێــت لەوەتەی هاتوومەتەوە کوردستان کێشم 6 کیلۆگرام زیادی کردووە، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە لێرە هەڵبژاردەی خواردنی زۆر نییە "هەر فاسۆڵیا و برنج و گۆشتە سوورەکەیە"، ئەو کە سەرەتا هاتووەتەوە حەزی لەچێشــت نەبووە، بەڵام دەڵێت "ئێستا ئەگەر هەموو ڕۆژێک برنج نەخۆم، واتە نانم نەخواردووە"

## لەکوردستان هەر برنج و فاسۆلیاکەیە

ئەو گۆرانیبێژە تازەیە بەنیازە دوای گەڕانەوەی بۆ لەندەن هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی خەریکی پرۆڤەکردن بێت لەسەر ئەلبومە تازەکەی، ئێستا زۆر حەز دەکات کارەکەی تەواو بێت و بگەڕێتەوە لەندەن بۆ کەشــێکی ئــارام و بێ دەنگ، "لێرە ژاوەژاو و قەرەباڵغییە و بێدەنگی نییە، خەڵک تەداخولی ژیانی تایبەتیت دەکات"، ئەو دەڵێت "زۆر حەزم لەکەشــی لەندەنە، لەوێ لەکافێیەک بە تەنیا قاوەیــەک بخۆیتەوە هەموو دونیا دەهێنێت"، گوتیشی "زۆر حەز لەتەنیایی و تاریکی و کەشی ڕۆمانسی دەکەم".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

ئەم ماوەیە پێویستتان بە خۆڕاگری زیاتر هەیە ئەم هەفتەیە دوایین کاتی بێزارییەکانتان دەبێت و پاشــان دەچنە کەشێکی نوێ لە ئاسودەیی وهەندێک لە کارە وەستاوەکان بەگەڕ دەکەونەوە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

گەڕان و پەیوەندییەکانتان بەهێز دەبێت وکەســانێکی نوێ دەناســن لە ژیانتان، کاتێکی زۆر باشــە بۆ بەشداری کردن لە خولێکی فێرکردنی نوێ، یان پەیوەندیکردن بەشوێنە گرنگەکان.

### گا
Apr 20–May 20

پێویستیتان بە زمانێکی نەرمتر هەیە بــۆ مامەڵە کــردن لەگــەڵ هاوکارەکانی کارکردن، ڕەنگە هەندێکیان بە قورســی ڕووبەڕووتان ببەنەوە بەڵام دەتوانن هەوڵی پەیوەندیەکانتان دووبارە بکەنەوە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

کاتێکی باشــە بۆ کارکردنــی زیاتر و ئەوانــەی دەیانەوێت شــوێنی کارەکەیان بگۆڕن بەمەبەستی دەسکەوتی زیاتر بۆیان باش دەبێت، کاتێک بۆ ئاســودەیی خۆتان دابین بکەن.

### جمک
May 21–Jun 21

هەســت بە ماندووبونێکی زۆر دەکەن لە کارەکانتان، بەهۆی هەواڵێکەوە هەست بە حەوانەوە دەکەن و دڵخۆشتان دەکات بۆ ئەوەی زیاتر پشت بەخۆتان ببەستن بۆ سەرکەوتنی زیاتر.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

بەختەوەرییەکی زیاترتــان دەبێت لە جاران و هەســت بە کەشێکی نوی دەکەن لە ژیان، دەتوانن پشت بە بەخت ببەستن و هەندێک کات بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە، لە هەموو جێگەیەک سۆز دەدۆزنەوە.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

ســەرکەوتن لــەکارەکان وا دەکات لە دەروونێکی ئاسوودەی بەردەوام بمێننەوە، لایەنی سۆزداریتان بەرەو پێش دەچێت و دەتوانن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە، لەبەر دەم کرانەوەیەکی نوێدا خۆتان دەبیننەوە.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

کاتێکی زۆر باشە بۆ کارکردن و هەوڵدانی نوێ، دەتوانن هەنگاوێکی نوێ کارەکانتان بەرەو پێش ببەن، بۆ گەنجان زیاتر خۆشەویستی لە شوێنەکانی کارکردن ئەدۆزنەوە وپەیوەندیتان لەگەڵ هەندێکیان باشتر دەبێت.

### شێر
Jul 23-Aug 22

پێویستتان بە هێمنیەکی زیاتر هەیە لە جاران بە تایبەت لە گوتەو قســەکردنتان، ڕەنگە لەو ڕێگەیەوە دڵی کەسانی ئازیزتان لێ زویر ببێت، کاتی گۆڕانە لە ماڵ و گرنگی دان بە ئەندامانی خێزان.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

کاتێکی باشە هەواڵ بدەن بۆ گەڕانەوەی فرسەتێکی لەدەســچوو، ڕەنگە خەونێکی گرنگتان بۆ بەدی بێت. ئێستا دەزانن هەوڵ و خۆماندوو کردنی کاتەکانی ڕابردوو چەند ڕۆڵی دەبێت لە ژیانی ئێستا و داهاتوو.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

بەهۆی هاتنی هەســارەی خۆشەویســتی ڤینۆس بۆ بورجەکەتان هەســت بە هێمنیی و ئاســودەییەکی زۆر دەکەن و وەک کەسێکی ســەرنجڕاکێش لەخۆتان دەڕوانن، وە کاتێکی باشە بۆ هەموو لایەنەکانی سۆزداری.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

هــەوڵ بــدەن هێمــن بــن لەکاتــی روبەروبوونــەوەی کەســانی بەرامبەرتان، هیــچ توندووتیژیــەک بــە قازانجتــان نازانرێت،ئەوەنــدەی دەکرێــت هەندێک لە دوواین ئەنجامەکان دوا بخەنەوە باشترە.

### بەکشتی :

– بونی خۆر لە تەرازوودا وا دەکات زۆر گونجاو بین لەگەڵ چواردەورەکەمان و ئەو کێشــە و گرفتانەی لەگــەڵ چواردەورەکەمان هەیە دەتوانین لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەســەری بکەین . بەڵام هەندێــک کات دەبینین زۆر کەلەڕەقی دەکەین و کەسانێکیش بەرامبەرمان بەو شێوەیە دەبن.

– زیاتر ڕەخنە دەگرینە هەموو ئەو شــتانەی دەیانبینین وبەهەمان شــێوە ڕەخنەی توندمان ئاراستە دەکرێت.

– لە ماوەی ڕابردوو ڕەنگە دڵی کەسانێکمان زویر کردبێت، دەتوانین ئێستا داوای لێبوردن بکەین و ئاشتیان بکەینەوە.



رامیار مەحمود
karwanmramyar55@gmail.com

# عێراق لە تەوەری قەیرانی ئێرانیدا

## بووژانەوەی شیعی لە جیهانی ئیسلامیدا بووژانەویەکی سیاسی و سۆسیۆلۆجی و کولتوورییە

لە ساڵی 1979 مۆدێلێکی تیۆکراتی لە دەوڵەت لە ئێراندا دروست دەبێت ئەم مۆدێلە دینییە لە دەوڵەت بە تەنها رۆژئاوا هیوا براو ناکات بەرامبەر بە ئایندەی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامیدا. ئەو کێشانەی ئەم دەوڵەتە بە دوای خۆیدا دەهێنێت بە تەنها دروستکردنی گرفت نییە بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا وەک دەوڵەتێکی ئەنتی خۆرئاوایی. بەڵکو دەبێتە سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی تری تایبەت لە ناو جیهانی ئیسلامیدا. بە دیوێکدا گەشەی بە سیاسەتی دینیدا لە ناو جیهانی ئسلامیدا و لە دوای ئیسرائیلەوە بوو بە دووەم دەوڵەتی دینی لە ناوچەکەدا بەڵام بە هەمان ئاستی ئیسرائیل ترسناک و دینی نییە . بە دیوێکی تریشدا کاریگەرییەکی گەورەی بە جێهێشت لە سەر دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و و ئەگەری تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دینی .

بەڵام قورسترین تەوەری ئاڵۆز کە ئێران بۆ ناوچەکەی خوڵقاند هێنانە پێشەوەی تەوەری شیعیزم و سونیزمە کە ئاڵۆزترین تەوەری ئەم ناوچەیە پێک دەهێنێت و لە ساڵی 1980 ەوە سیاسەتی شیعیزم بووژانەوەیکی تایبەتی بە خۆیەوە بینی. ئەمە لە کاتێکدا شیعە سەرباری ئەو زوڵمەی لەسەریانە لە بەحرەین لەسەدا هەفتای شیعەن و عیراق لە سەدا شەستی شیعەیە و لوبنان لە سەدا سی و پێنجی شیعەیە وڵاتی یەمەن لە سەدا چل وکوەیت لە سەدا سی و پێنج و پاکستان لە سەدا بیست و ئەفغانستان لە سەدا هەژدە و ئیماراتی عەرەبی لە سەدا پازدەو عومان و قەتەر و سعودییە لە سەدا دە. بووژانەوەی شیعی لە جیهانی ئیسلامیدا بە تەنها بووژانەوەیەکی سیاسی نییە بووژانەوەیەکی سۆسیۆلۆجی و کەلتوری و ناسنامەخوازیشە. ئەم بوژانەوەیەی شیعە بە دوو ئاراستەدا بەشداری کردووە لە گەشەسەندنی سیاسیدا لە لایەک بەشداری ئەم جڤاتە لە دروستکردنی سەرکردەی سکولار و بزووتنەوەی ناسیۆنالستیدا بە دیوێکی تردا لێکدانەوەی بیرمەندە شیعەکان لە سەر سروشتی دەوڵەت و سیاسەت کە بووەتە هۆی وەرچەرخان و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سیاسی کە رۆڵی گەورە و گرنگ دەبینن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە ئێران و عێراق و لوبنان.

کە بەعسییەکان گەڕانەوە سەر حوکم لە ساڵی 1968، شیعەکان کە لەبەشە هەژارەکەی باشووری عێراقدا دەژیان، ئازاروئەشکەنجەیەکی گەورەیان چەشت بە دەست سیستەمە سکولارەکەی بەعسەوە. سەدام حوسێن لە ساڵی 1979 ەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک شیعەکانی لە بەشداریکردنی سیاسی خستە دەرەوە. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆریان بەناچاری کوژران لە جەنگی 1980 بۆ 1988 عێراق و ئێراندا. لە گەڵ ئەوەشدا محەمەد باقر سەدر لە ساڵی 1980 پرۆگرامی سیاسی و تیوری گەلاڵە کرد بۆ شیعەی عێراق بەڵام جڤاتی شیعی لە عێراقدا لە ساڵی 1991 بە دواوە وەک قەوارەیەکی ئایدیلۆجی و سیاسی کاریگەر دەرکەوت. هەروەک چۆن لە لوبنان شیعەکان لە بەشە هەژارەکەی باشووردا دەژیان هاوسنوور بە ئیسرائیلەوە کە لەیەک کاتدا بە دەست ئیسرائیل و بارگرژی فەلەستینی لوبنانییەوە دەیان ناڵاند دواتر ئەمەل و حیزبوڵلای لێکەوتەوە.

شیعەکانی عێراق سەرباری ئەوەی لە رووی ناشناڵەتی و ئەتیکەوە عەرەبن بەڵام ناسنامە مەزهەبییەکەیان کۆسپە لەبەردەم ئەوەی وەک هاووڵاتییەکی عەرەبی تەواو مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت. تەوەری سونی هەمیشە بە نائومێدییەوە سەیری عێراقی دوای سەدام حوسێن دەکەن وەک شوێنێکی لەدەستچوو کە خزمەت بە هەژمونی ئێرانی بکات . دەگەڕێمەوە سەر تەوەری قەیرانی ئێرانی لە پەیوەندی بە عێراقەوە.



غەیاسەددین نەقشبەندی
bazoft2001@yahoo.com.au

# یاسای مۆرالی پیشە دابنێین

## بۆ کەسمان ناوێرێت خوشکی خۆی یان کچ و ژنی خۆی شەوان لەگەڵ تاکسی بنێرێت؟

وەک هەر وڵاتێکی جیهان لەکاتی دروستبوونیدا، مافی ئەوەمان هەیە بەدوای پێشکەوتن بکەوین و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان سوود لە تاقیکردنەوەی وڵاتانی دیکە وەرگرین، چونکە لۆجیک نییە چاوەڕێبکەین تا هەموو هەڵەکان دەکەین ئینجا لە هەڵەکانمانەوە فێربین، هەڵبەتە بەهەزاران ساڵمان دەوێ ئەگەر هەموو شتەکانمان بەسەربێ بۆ ئەوەی فێربین.

خوێندن و بەدواداچوون زۆر ئاسانترە لەوەی هەڵەکە بکەین، چونکە نازانین لەئەنجامی هەر هەڵەیەک چەند باج دەدەین بۆیە هەمیشە ئاسانترە خۆمان فێرکەین لەوەی تووشی گرفتەکە ببین. دەبێ بە توکمەترین رێگە پرۆسەی پێشکەوتن خێرا بکەین و باری خودیی و بابەتیی بۆ برەخسێنین، ئێمە لە کوردستان هەنگاوێکی زۆر چاکمان هاویشتووەو زۆر بەخێرایی و فراوانی چووینەتە پێش، بەڵام بەتۆکمەیی نەبووە، چونکە پێشکەوتنەکە شێوازێکی عەفەوی هەبووەو تارادەیەک لەهەڵەکانی خۆمان فێربووین، بەڵام تەنها بەچەند شتێکی بچووک دەمانتوانی نەکەوینە ئەو هەڵە مەزنانە کە رێڕەوی خەباتی ئێمەیان دواخست.

یەکێک لەو کارە گرنگانەی کە هەر دامەزراوێک یان هەر وڵاتێک دەبێ ئەنجامیبدات Code of Ethics و Code of Practice واتە مۆرالی پیادەکردنی پیشە، ئەویش ئەو مۆراڵەیە کە بریتییە لە کۆمەڵێک پەیڕەو و پرۆگرام و ئیلتیزام کە خاوەن پیشەکە بەسەرخۆیان دەیچەسپێنن بۆ ئەوەی ستانداردی پیشەکەیان هەمیشە بەرزبێت لەپێناو خزمەتکردنی گشتی و هەروەها تەرازوێکە ماف و ئەرک دەچەسپێنێ و پیادەیان دەکات، ئەوەندەش دەبێ لەلایەن سەندیکا وسەنتەرو دامەزراوی تایبەت بە پیشەکەوە دابمەزرێن و هەموو ئەوکەسانەی ئەو پیشەیە دەکەن لەسەرخۆیان قبوڵی بکەن و ئیلتیزامی پێوە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو کارە پەسەندییەکی گشتیی و رەوایەتی وەربگرێت، پێویستە لەلایەن خاوەن پیشەکەوە پێشنیازبکرێت و بدرێتە سەندیکاکان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەربکرێ و بەڕووکەش و نێوەرۆکێکی ئەکادیمی لەلایەن سەندیکاوە بدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی دەوڵەمەندتری بکات و بیکاتە بڕیار وەکو یاسای دایک، بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی حاکم یان دەزگای دادوەری بتوانێ حوکم لەسەر کەیسەکانی تایبەت بە پیشەکە بدات،ئێستا کاتێکی زۆر لەبارە بۆ دامەزراندنی سیستمی مۆرالی پیشە، چونکە ئۆقرەی سیاسی، توانا، پسپۆر، پارە، تاقیکردنەوەی وڵاتانی دیکە، هەمووی لە کوردستان دەستدەکەوێت، کاتەکە زۆر لەبارە بۆ ئەوەی پرۆژەی نیشتیمانی مەزن دابمەزرێ و کاری لەسەر بکرێ، چونکە لەو وڵاتە خەریکە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی دیوار و ئاڤایی و موساتەحەکردن، گرنگتر دەبێ لە پرۆژەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانکردنەوەی دیوارەکانی مێشک.

لەهەر وڵاتێکدا پرۆسەی پێشکەوتن دەبێ هەموو ئێلیمینت (عناسر)ەکان بەیەکەوە گەشە بکەن، وەک لاشەی مرۆڤ، نابێ لاشەکەی گەورەببێت و سەرەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە (لاشەی گەورەو سەری منداڵ)، یانیش لاشە گەورەببێت و دەستێک وەکو خۆی بمێنێت لەگەڵ هەموو لاشەکە گەشەنەکات، ئەولاشەیە پەککەوتەو بێ کەڵک دەبێ، دەبێ لاشەکە بەیەکەوە و بە هارمۆنییەکی لۆجیک پێکەوە گەورەببێت.

گرفتەکان کەڵەکە بوون، ئەوەش نە هەمووی خەتای میللەتەو نەهەمووی خەتای دەسەڵات و حکومەت، بەڵکو هەردوولا بەشی خۆیان لەبەرپرسیارێتی وەردەگرن "زۆرجار لەنووسینەکاندا و لە دیوانی خەڵکدا"، بەمەبەستی لەملکردنی خەتاباری بۆ دەسەڵات کە هەموومان فێربووین نشوستی و بێ کەڵکی خۆمانی لەملکەین"، دەسەڵاتیش بەرپرسیارێتی مەزنی هەیە بەرامبەر تاک، بەڵام خەتایەکە هەمووی هی هیچ کامیان نییە، چونکە هیچ حکومەتێک نییە لە دونیادا و نابێ میللەت بەخێو بکات، میللەت دەبێ حکومەت بەخێوبکات، بۆ ئەوەی میللەت لە حکومەت نەترسێ، بەڵکو حکومەت لە خەڵک بترسێت، یانیش هەر یەکیان رۆڵی خۆی وەک پێویست بەجێبێنێ.

ئێمە لەدوای ڕاپەڕین، هاتینە سەر سیستمێکی داخراو بەنێوی سیستمی دامەزرێنەری یاسایی (مجلس تشریعی و تەنفیزی)، ئەو سیستمە بەئامادەیی هاتە پێشمان، سیستمەکەش لەلایەن فەقیهە یاساییەکانی رژێمی بەعس دامەزرابوو بۆ چەند مەبەستێکی داخراو کە بواری فراوانکردنی تێدا نەبووە، جێگەی دووربینی و ویست و خواستە نەتەوەییەکانمانی تێدا نەبوو، نەمانتوانی نە خۆمان بەقەد سیستمەکە لێبکەین ونەشمانتوانی سیستمێکی نوێتر دابڕێژین، بۆیە دژەکرداری زۆرمان هاتە پێش و ئەو هەموو هەڵە و گرفتانە تووشی حکومەتەکانمان بوون، جگە لەقۆناغی شەڕی ناوخۆ-چونکە هیچ پێوەرێک نایگرێتەوە- ئێمە هەمیشە تووشی قەیرانی خنکێنەر بووین لەئەنجامی ئەو سیستمە کۆنە، چونکە بینینمان و هەبوونمان لەسیستمەکە مەزنتر بوون و لە سیستمێکی داخراودا جێگەیان نەدەبووەوە بەژنوباڵای ویست وخواستمان لە بویەر و واقیعمان مەزنتربوو، هەر ئەوەش ئەو گرفتە مەزنانەی لەگەڵ بەغدا خولقاند کە نە بە عێراقی رازیبووین وەکو هەموو عێراقییەکان و نەشماندەتوانی وەک دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ رەفتار بکەین.

لەنێو سیستمی کۆنی زەمانی بەعس، مۆرالی پیشە دەورێکی وای نەبوو، ئێمەش هاتین بەهەمان شێواز لێمانخوڕی و پەرەمان بە یاسای سەندیکاکان نەدا، بەڵکو هەر تەنیا بەحیزبیکردنی سەندیکاکانمان مەبەست بوو، لە راستیشدا حیزبایەتی کاری سەندیکا ئیفلیج دەکات لەبەرئەوەی لەپێناو سەرکەوتنی حیزبایەتی چاوپۆشی لە مەسەلەی پیشەیی و ئەکادیمی و مۆراڵی پیشە دەکرێ و لە توکمەیی دووری دەخاتەوە، بەڵکو کۆنترۆڵی جۆریی گرنگتربووە، کۆنترۆڵی ستانداردی پیشەکە، لەبەرئەوەی حیزبەکان نوێنەری خۆیان دادەنێن و مەرجیش نییە نوێنەرەکانیان باشترین کەس بن بۆ بەڕێوەبردنی پیشەکە، لەوانەیە لەپێناو رازیکردنی حیزبەکە و مانەوەی پەرەپێدان و دەسکەوت، چاوپۆشی لە پیشەیبوونەکە بکرێت، بۆیەش دەبینین لەنێو سەندیکاکان ئەو جۆرە گرفتانە دروستدەبن، من وەک هاووڵاتی لای من گرنگترە ئەگەر کارەباچی کارەبای ماڵەکەم باش ببەستێت و بۆڕیچی بۆڕییەکان باش رێکبخات و وەستای کاشی ساختەکاری نەکات و فەرمانبەر بەدەموچاوێکی بەخەندە کارەکانم راپەڕێنێت، زۆر گرنگترە لەوەی پارتی بێت یان یەکێتی یان ئیسلامی یان گۆڕان.

بۆ دامەزراندنی یاسای مۆرالی پیشە، پێویستیمان بە پرۆژەیەکی تێروتەسەلە، ئەو پرۆژەیەی دەبێ لەلایەن سەندیکاکانەوە ئامادەبکرێ بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەرێی بکات و بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت حوکمی خۆی لەسەر کێشەیەک بدات.

ئەگەر یەکێکمان پێویستی بەسەردانی دکتۆربێت و نەخۆشییەکەی هی ئەوە نەبێت لەبەرچاوی خەڵک باسی بکات، تووشی چ جۆرە شەرمەزارییەک دەبێ ئەگەر دکتۆر سێ یان چوارکەس بەیەکەوە بباتە ژووری پشکنین! ئەگەر لەئەنجامی شەرمکردنی ئەو کەسە دکتۆر راچێتەی هەڵەی بۆ نووسی یان نەیزانی نەخۆشییەکەی چییەو کاتی بەسەرداچوو، کە ئیتر نەخۆشییەکەی چارە نەکرێت، ئەگەر ویستی شکایەت لەدکتۆرەکە بکات، دادوەر چۆن حوکم دەدات؟ هیچ دەقێکی قانوونی نییە تاوەکو دادوەر بتوانێ لەژێر رۆشنایی ئەو تێکستە حوکمەکە بدات.

لەبەر ئەوەی مۆرالی پیشە تەنها بۆ دکتۆر پێویست نییە، بەڵکو پێویستە هەموو پیشەیەک ئەوجۆرە پەیوەستی و ئەخلاقیاتەی هەبێت، بۆ ئەوەی ستانداردی پیشەکە بەرزببێتەوەو هاووڵاتیش متمانە وەرگرێ، دەبێ هەموو پیشەیەکی تۆمارکراو لە سەندیکاکان یان بەشێکیان، ئەخلاقیاتی پیشەی خۆیان بنووسنەوەو بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەربکرێ و بدرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بیکاتە یاسای دایک و بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی دادوەر کاتێک حوکم دەدات دقێکی یاسایی هەبێت پشتی پێ ببەستێت، لێرەش پێم چاکە چەند نموونەیەک بینمەوە بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە و مەبەستەکەم.

من هیچ لەکارەبا نازانم، بەڵام دەبێ بەشی کارەباچییەکان لە سەندیکای کرێکاران کارابێت و رێنمایی خۆی دەرکات و لەسەر هەموو ئەندامەکانی پەیڕەو بکات، بۆ نموونە: نابێ وایەری یەک ملیمی لە ماڵان ببەسترێت، بۆ ئەوەی ئەگەر کارەباچییەک وایەری یەک ملیمی لەماڵێک بەست و لەئەنجامی هەڵەکەی ماڵەکە سووتا، ئەوا دادوەر بتوانێ حوکمەکە بەپشتبەستن بە ستاندارد و رێنماییەکانی سەندیکاکان بدات.

ئەگەر سەرتاش ملی یەکێکی بڕی لەبەر ئیهمالی، یان قژی یەکێکی سووتاند لەبەر کەمتەرخەمی، حاکمەکە چۆن حوکم لەسەر کێشەی وا دەدات؟ ئایا ئەوە راستە وەکو دوو هاوڵاتی سڤیل حوکمیان لەسەربدات کە یەکێکیان ملی ئەویتری بڕیوە؟، یان قژی سووتاندووە؟ بێگومان ئەو حوکمە هەڵە دەبێ لەبەرئەوەی ئەگەر کابرا ئیدیعای سەرتاشی نەکات، من ملی خۆمی نادەمە دەست و هیچ کەسێکیش ئامادە نییە قژی خۆی بداتە دەست، بەڵام کە ئیدیعای ئەوەی کرد و مۆڵەتی پێوەرگرت، دەبێ وەکو ماستەر بێت کە شاگرد لەبەردەستی فێرببێت و نابێ بەهیچ شێوەیەک هەڵە لەپیشەکەی خۆی بکات و ئەگەر کردی، ئەوە یاسای سەندیکا هەیە حیسابی لەگەڵ دەکات.

کەسمان ناوێرێت خوشکی خۆی یان کچی خۆی یان منداڵێک، شەوان لەگەڵ تاکسی بنێرێت، نەک لەبەر ئەوەی هەموو شوفێری تاکسییەکان خراپن، بەڵکو ترسمان لەوە هەیە تووشی کابرایەکی خراپ بێت، ئەگەر منداڵەکە یان ئافرەتەکە دەستدرێژی کرایە سەر، ئەوا دادوەر بە چ یاسایەک حوکمی لەسەر دەدات؟ ئایا یاسای ئەوەی هاووڵاتییەک دەستدرێژی کردووەتە سەر یەکێکی دیکە؟ ئەوە هەڵەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو کابرایە تەکسی نەبات ژنەکە یان منداڵەکە سواری ئۆتومبێلی تایبەتی نەدەبوو، کەواتە ناوی تەکسی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی تاوانەکەی خۆی ئەنجامبدات، بۆیەش نابێ وەک هەر کێشەیەکی دیکە حوکمی لەسەر بدرێ. یاسای مۆرالی پیشە لەسەر هەموو شتێک پیادە دەبێ، بگرە لە سەر فەرمانبەر، پۆلیس، شوفێری باس، وەستای سەتەلایت، ئای تی، بایۆلۆجیست تاقیگە، بەڕێوبەری دائیرە، مامۆستا، ئەفسەر پۆلیس، دکتۆر و پارێزەر..هتد، چۆن دەتوانین ئەوهەموو پیشانە کۆنترۆڵکەین بۆ ئەوەی پابەندیی ئەخلاقی پیشە بپارێزن و ئەخلاقی ماڵەوە نەهێننە ناو کار، ئەگەر سەردانی دائیرەیەک بکەی و کەس نەناسی (وای لەحاڵت) فەرمانبەرەکە یان بەڕێوەبەرەکە لە پیاوەتی خۆی دەرتناکاتە دەرەوە، ئەگینا هیچ یاسایەکی تایبەت نییە لەسەر فەرمانبەر یان بەڕێوبەر پچەسپێنێ کە چۆن دەبێ مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتی بکات، ئەخلاقی ماڵەوەی دەهێنێتە ناو دائیرەو ئەوەش بەهیچ پێوەرێک نابێ.

با ئەو نووسینەم بانگەوازێک بێت بۆ سەندیکاکان بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ پرۆژەیەکی وا گەورەی دوارۆژی لەپێناو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هێنانە کایەی دادوەریی کۆمەڵایەتی و بەیەکەوە لکاندنی تاک بە کۆمەڵگەو سیستمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو.



رزگار کیستەیی-سوێد
kesteyi_rizgar@yahoo.com

# ڤەبوونا کورد پشکەکە ژ پلانا مەزنا ئەمریکا

## تەڤلیهەڤیەک د هەلوێست و دیتنێن پارتی و رێکخستنێن کوردان ل باکوور هەیە

ژ بۆ هەر کەسی خویایە کو ئەڤ پێنگاڤا حکومەتا ترکی ل ڤێ دووماهیێ ب ناڤێ "ڤەبوونا کورد" یان "ڤەبوونا دیموکراتیک" هاڤێتی، د دیرۆکا ترکیێ و یا کوردان دە پێنگاڤەکە گرنگا دیرۆکییە کو دکارە هەم ترکیێ و هەم ژی کوردستانێ ژ وێ پرسگرێکا مەزنا کو ب سالانە سەرێ هەردوو گەلان ژبەر تێشە رزگاربکە و وان بەرەڤ پێشکەفتنەکا باش ڤە ببە، ئەڤ پێشکەفتن ژی دکارە ببە ئێک ژ بنگەهێن ئارامی و دەمۆکراسیێ ل رۆژهەلاتا ناڤین.

لێ ب دیتنا من ئەڤ کارە نە کارێ ئیرۆیە، بەلکی ئەڤ ژی پشکەکە ژ پلانا مەزنا ئەمریکا یا دیموکراسیکرنا رۆژهەلاتا ناڤین کو ژ داویا سالێن 1990 دەستپێکریە و کار ژ بۆ هاتیە کرن. ژ بۆ ڤێ چەندێ ژی پێشیێ کار هاتیەکرن کو هندەک هێزێن باکوورێ کوردستانێ کو بەرێ گەلەک دبن کاریگەریا ئیران-سوریا و جارنا ژی یا لەشکەرێن ترک دابوونە، ژ بن کاریگەریا وان بێنە دەرخستن، ژ بۆی کو زێدەتر نەبنە ئاستەنگ دریا ڤی بەرنامەی دە. قۆناخا دووێ ژی ب گرتن و نەهێلانا ئەرگەنەکۆنێ، کو مەزنترین ئاستەنگ بوو ل پێشیا چارەسەرکرنا دۆزا کوردی و هەروەسا مەزنترین مەترسی ژی بوو ژ بۆ دەسەلاتداریا پارتا دەسەلاتدار AKPو ئەندامبوونا ترکیێ د ئێکەتیا ئەوروپا دا. ب باوەڕیا من AKP ب تەنا سەرێ خوە نەکاریە ڤێ دەربا مەزن ل ئەرگەنەکۆنێ بخە، لێ ئەو ب ئالیکاری و پشتەڤانیا ئەمریکا کریە. دڤر دەڤژی هەم ئەو هەردوو ئالی و هەم ژی کورد ژ نەهێلانا ئەرگەنەکۆنێ مفایەک مەزن وەردگرن.

ئەمریکا دڤێ قۆناخێ دە گەلەک پێدڤی ب ئارامی و تەناهیێ هەیە دڤێ هەرێمێ دە، ب تایبەتی دنێڤبەرا کورد و ترکان دە، کو هەردوو ژی هەڤپەیمانێن وێ تێنە هەژمارتن. AKPژی هەم ژ ئەرگەنەکۆنێ خلاس دبە کو مەزنترین مەترسییە ل سەر دەسەلاتا وێ و ب نەمانا وێ ژی مان و دەسەلاتا خوە مسۆگەردکەو، هەم ژی ب ڤی کارێ خوە پێنگاڤەکا دی نێزیکی ئەندامبوونا ئێکەتیا ئەوروپا دبە، کو ئەو ژی هەر دیسا دبە ئەگەرا نەهێلانا دەسەلاتا لەشکەران و سڤیل بوون و پێشکەفتنا ترکیێ.

ژ خوە ژ بۆ کوردان ژی کو ب سالانە رووبارێن خوینێ رژاندنە ژ بۆ ڤێ دۆزێ و ئیرۆ ب ڤی ئاوایی چارەسەر ببە و ب پشتەڤانی و چاڤدێریا ئەمریکا و ئەوروپا ئەڤە پێنگاڤەکا دیرۆکییە ژ بۆ مە. ژ ئالیەکی ڤە کوشتن و مالوێرانی ژ سەر کوردا رادبە و ژ ئالیەکی دن ڤە ئەگەر ترکیە د ئەنجامێ ڤێ پێنگاڤا خوە دە ببە ئەنداما ئێکەتیا ئەوروپا وی دەمی 50% ژ کوردستانێ دبە پارچەیەک ژ ئەوروپا و هینگێ ژی ئێکەتیا ئەوروپا نەچارە کو ئاستێ گوندەکی جولەمێرگێ و شەرنەخێ بینە ئاستێ گوندەکی یۆنان و ئیسپانیا ژ بۆ ژیان و پێشکەفتنێ. ژ ئالیەکی دن ڤە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ژی دبە هەڤسنوورێ ئەوروپا و ئەو ژی دیسا مفایەکە مەزن ددە کوردان.

ژ بەر وێ یەکێ ئەز دبێژم ئەڤ پێنگاڤا حکومەتا ترکیێ پێنگاڤەکە پر گرنگە و دڤێ کورد ژ هەر کەسی پتر بزاڤێ بکن ژ بۆ سەرکەفتنا وێ، لێ سەرکەفتنەکە کو کورد پترین مفا ژێ وەربگرن، ژ بەر کو ئالیێن هاڤلدار هەر ئالی دخوازە پترین مفایا وی تێدابە و ئەڤە ژی تشتەکی نۆرمالە دسیاسەتێ دا. دڤێ ئەم وێ ژی بزانن کو نەژادپەرەست و بەرمایێن ئەرگەنەکۆنێ ل ترکیێ ژی هەموو هەول و براڤێن خوە بکارتینن ژ بۆ کو ئەڤ پێنگاڤە سەرنەکەڤە.

مخابن ئەز دبینم گرانی و زیرەکیا پارتی و رێکخستنێن کوردان ل باکوور نە ل ئاستێ مەزنی و گرنگیا دۆزا کوردن ل ڤێ پارچێ. وەسا خویا دکە کو ئەو ژ بۆ گاڤەکا هۆسا هێژی نە ئامادەنە. بەری هەر تشتی پارتێن کو نوها وەک نوونەر و بەردەڤکێن کوردان تێنە دیتن ( چ لەگال و چ ژی ئیلەگال ) گۆتارەکا وانا هەڤگرتی نینە و مخابن تەڤلیهەڤیەک د هەلوێست و دیتنێن وان دە هەیە. جارنا مرۆڤ دبێژە قەی ژ کوردبوونا خوە شەرم دکن و هندەک هەلوێستان نیشان ددن کو دناڤبەرا کوردبوون و ترک بوونێ دە تێن و دچن. ئەز ژی دبێژم کەسێ کو ژ کوردبوونا خوە فەدی بکە و شانازیێ ب کوردبوونا خوە نەکە تو جاری نکارە دەستکەفتەکە نەتەوەیی ب دەستڤە بینە و دۆزا کوردا چارسەر بکە. جارنا ژی ڤێ دۆزا هندە مەزن و گران دبن ب مەسەلێن کەسایەتی ڤە گرێددن. مخابن پارتی و رێکخستنێن دن ژی کو زێدەتر خوەدی هەلویستێن نەتەوەیی و کوردایەتی نە، گەلەک لاواز و کێم بزاڤن و دەنگێ وان زێدە نایێ بهیستن، ئەز باوەرم ئەڤە ژی ژ پەرچە پەرچەبوونا وان تێ. مخابن گەلەک جارا دۆزا کورد ل باکوور وەسا تێ بەر چاڤێن من کو "تەنێ دۆزەکە دناڤبەرا AKP و ترکێن رەفۆرمخواز ژ ئالیەکی ڤە و پارتێن نەژادپەرەستێن ترکان و لەشکەر و ئەرگەنەکۆنچیان ژ ئالیێ دن ڤە" تێتە گفتوگۆکرن. هەرچەند دۆز دۆزا کوردایە و گفتوگۆ ل سەر مافێ وانە، لێ مخابن کورد وەک ئالیەکی ئەکتیڤ و بەرچاڤ دڤێ گفتوگۆیێ دە خویا ناکن.

ب دیتنا من ژ بۆ کو وەکە گەلەک جارێن دن کو ب سەرێ کوردان هاتیە د دیرۆکێ دا ڤێ جارێ ژی کورد زەرەرمەند و شکەستی ژڤێ پرۆسەسێ دەرنەکەڤن، پێدڤیە کورد ڤان پێنگاڤان بجی بینن:

-ئاڤاکرنا بەرەیەکی کوردستانی ژ تەڤ هێز و رێکخستن و کەسایەتیێن کوردپەروەر و خوەدی سەربۆر و دلسۆز، کو بشێت نوونەراتییەکا یەکدەنگ و خوەدی بەرنامە و ئارمانج بۆ سەر مێزا دانوستاناندنا ئامادەبکە.

-دانانا پلانەکا ستراتەژی یا روون و ئاشکەرا ژ بۆ دۆزا کورد ل باکوور.

-خوە خلاسکرن ژ بەرمایکێن کەمالیست-چەپێن ترک و ئەرگەنەکۆنچیان، کو مخابن هێژی دناڤ رێزێن هندەک رێکخستنێن کوردان دە هەنە و بەردەوام دبن ئاستەنگ ژ بۆ سیاسەتەکا کوردایەتیا روون و ئاشکەرا.

-ئاڤاکرنا دەستەکەکا دیپلۆماتێن کوردێن خوەدی سەربۆر و شارەزا ژ بۆی کو کارێ وان ئەو بە ل دەرڤە ل سەر ڤێ پرۆسەسێ کاربکن و ژ وەلاتێن خوەدی بریار پشتەڤانی و ئالیکاریێ ژ بۆ دۆزا کورد پەیدا بکن.

-پشتەڤانیا پێنگاڤێنAKP یێن مینا ڤەکرنا تەلەڤزیۆنێن کوردی، ئەنستیتو و پشکێن کوردی د زانکۆیان دە و کارێن دن یێن ژڤی جۆری بکن، پێدڤیە کورد دڤان پێنگاڤان دە ئەکتیف ژی بن ژ بۆی کو باشترێن دەستکەفت ژ بۆ کوردا بدەستڤە بێن.

-سەربۆرا باشوورێ کوردستانێ سەربۆرەکە گەلەک زەنگینە کوردێن باکوور دکارن مفایەک باش ژێ وەرگرن، ب تایبەتی ژ ئالیێ شێورمەندیێ ڤە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# مانگرتن مانبەردان

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، پێش ئەوەی عەیب نەبێ بیگرن، بەریان دا.

خۆ ئیشی فشە هەر لە سەرەتاوە دیارە، ئاخر نە یەکێتی مامۆستایان ئەو سەندیکا بەهێز و خاوەن پێگەیەیە کە فشار بۆ شارەوانییەک، نەک حکوومەت دروست بکات. نە حکوومەتی کوردستانیش لەم دەمەدا کە سەرقاڵی دەور و تەسلیمە، ئەوەندە حازر بەدەست و خۆش بەڵێیە بۆ داواکارییەکانی مامۆستایان.

ئەوەی روونە ئەوەیە پێدەچێ حکوومەت خۆی بڕیاری پێشوەختەی هەبووبێ بە جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە، بەڵام بۆ سەنگبەخشین بە یەکێتی مامۆستایانی بێدەسەڵات و جوانکردنی حکوومەت گوایە بەدەنگ فشاری جەماوەرییەوە دەچێ، ئەم نمایشە رێکخرابێت. تۆ داوا بکە، من نایکەم، رۆژێک بەر لە مانگرتن، بۆتان دەکەین و ئێوەش ئیدی بەری بدەن.

تاکە سکرتێری هەمیشەیی و هەتاهەتایی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رایگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سکرتارییەت و مەکتەبی تەنفیزی و لقەکانی یەکێتی مامۆستایاندا لە 26ی ئەیلوول، بڕیار دراوە ئەگەر حکوومەت داواکارییەکانیان جێبەجێ نەکات، مان بگرن. تۆ لەوە گەڕێ داواکاریی لەو جۆرە بە چوار مانگ ناگاتە سەر مێزی گفتوگۆ نەک بە چوار رۆژ وەڵامی بدرێتەوە، ئەگەر بە بیرتان بێت پارساڵ کۆمەڵێک مامۆستا لە سلێمانی ویستیان جووڵەیەک بخەنە ناو ئەو سەندیکا بێوەی و بێنقەوە و خەریکی هاندانی مامۆستایان بوون و بۆ ئەنجامدانی مانگرتن، ئەوکات دەستڕۆیشتووانی هەمیشەیی یەکێتی مامۆستایان هەموو توانای رێکخراوەیی خۆیان بۆ ساردکردنەوەی مامۆستایان خستە کار نەک بۆ تەیارکردنیان بەمەبەستی دروستکردنی فشار، ئاخر نزیکەی هەموو دەستڕۆیشتووانی ئەو سەندیکایە، پیاوی دڵسۆزی حیزبن و دوایین کەسن لە بڕیاری حیزب لابدەن.

ئەمەی ئێستاکە روویدا نە فشاری سەندیکاییە و نە تەڕەماش، نمایشێکی شانۆیی هەرزان و ئاشکرایە بۆ پەیداکردنی رەسید بۆ سەندیکایەکی مردوو و ئیفلیج و یەک لە حیزبیترین ئەو رێکخراوانەی بە ناوی رێکخراوی جەماوەرییەوە کولیچەیان کەوتووەتە رۆنەوە.

نەک یەکێتی مامۆستایان، هیچ سەندیکا و رێکخراوێکی پیشەیی نییە لە کوردستاندا لە ژێر چنگی حیزب رزگاری بووبێت، تاکە یەک رێکخراویش نییە هەڵبژاردنێکی ئازادانەی تێدا بکرێت، نزیکەی هەموو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستان تا ئێستا بە دیموکراسیی چەپڵە لێدان و تەوافوق بەڕێوەدەچن، بۆیە پیاوی خاس بن و ئەم کاڵا هەرزانەتان لە هەڕاجخانەیەکی دیکەدا ساخ بکەنەوە.




لە تایمزەوە



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# بیرکردنەوەیەکی ئەوروپییانە

## کە تیپی عیراقی گەمە لەگەڵ وڵاتێکی تردا دەکا و دەیباتەوە، هاواری شادیمان گوێی دنیا کەڕ دەکا

لەژمارە 79ی 2009/9/28ی حەفتەنامەی (ڕووداو)دا، کاک ولادیمێر فان ولخنبێرخ، نووسینێکی جوانی بە زەوق و نەفەسێکی ئەوروپایی بە کورد نامۆی هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشی لە سەر کێشەیەک نووسیوە کە کورد خۆی، لەسەری سەرەوە هەتا بێدەسەڵاتترین و تەریکترین کەسی، لەو نێوانەشدا بە ڕۆشنبیر و سیاسەتپیشە و کاسب و دوکاندار و نووسەر و مامۆستای زانکۆ و شاعیریانەوە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا کەس ناچێتەوە سەری یا ناتوانێ بیری لێ بکاتەوە، ئەوەیش لەبیرنەکردنی غەدرێکە کە کرابێ و لە ڕاستیدا لەبیرنەکردنی غەدر، ئاژەڵیش بە غەریزە تیایدا هەیە و لە کوێ لێی درابێ یا پێوەدرابێ، لێی دەڕەوێتەوە و هەر کەسێ یا هەر جانەوەرێک ناڕەحەتی کردبێ لێی دەتەکێتەوە. ئەو دەیەوێ کاتێ تیپی تۆپێنی کوێت دێنە هەولێر، جەماوەری کورد گوڵاوپڕژێنیان بکەن تا بیریان بهێننەوە ئەوان ـ کوێتییەکان ـ لە دەمی کیمیابارانی کوردستاندا چۆن وەڵامی کوردیان داوەتەوە: خۆ گوڵاوپڕژێنتان ناکەن!

وەک بزانم خاوەنی ئەو قسەیە لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا نوێنەری کوێت بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەو دەمەدا قوڕی بۆ کوێت دەپێوا و دەیەویست دەمودەست عیراق وێران بکرێ هەتا کوێتەکەی خۆی ڕزگار بێ و لەوەدا ناهەقیشی نەبوو. پێشتریش کە کورد داوای پشتگیرییان لە هەمان ئەو کەسە کردبوو، وەک من زانیومە، گوتبووی: "جەنابی سەرۆک (مەبەستی سەددام حوسێن بوو) خۆ چوکلێتتان بە سەردا نابارێنێ، دیارە کە کیمیابارانتان دەکا!" کاتی خۆی من لە سەر ئەو باسەم نووسیوە، بەڵام وەک زۆر نووسین و هاوارو قورپێوانی تر، نە کەس بیستی و نە کەس بیری لێ کردەوە.

دەمەوێ بە کاک ولخنبێرخ بڵێم: فایدەی نییە، کاکە! ئێمە کیمیابارانەکەمان بیر چووەتەوە چجای قسەیەکی ڕەق و نامرۆڤانە و ناخۆشی کابرایەکی کوێتی لە سەر کیمیابارانمان.. ئێمە کە سوپای عیراق ئەنفالی کردووین و کیمیای بە سەردا ڕشتووین و یەک بەشەرمان نەماوە سوپای بەعس ئازاری بە کەرامەت و بە ڕۆحی نەگەیاندبێ، کەچی بەرگری لە ئەفسەری دەرەجەداری ئەنفالچی دەکەین و کە تیپی عیراقی گەمە لەگەڵ وڵاتێکی تردا دەکا و دەیباتەوە، هاواری خۆشی و شادیمان گوێی دنیا کەڕ دەکا و قەت نە بامان دیوە نە باران!!.. ئێمە ئەنفالمان لە بیر چووەتەوە! ئێمە کیمیابارانی هەڵەبجەمان لە بیر چووەتەوە! ئێمە ئەو ژنانەمان لە بیر چوونەتەوە کە بە بەڵگەی ڕەسمی بە مەلهاکانی میسر فرۆشران و نەک هەر پرسیاری سەرمان لێ نەکردن، بەڵکو باسکردنیشیان بە مایەی دڵگرانی دۆستە میسرییەکانمان دەزانین!!.. کاک ولادیمێر، ئێمە تاوێرە بەردین تاوێرە بەرد!! ئێمە، نەک پاسکیلی نەنکمان، نەنکی هەموومان، بە خۆیان دزراون و لەبیری خۆمانیان دەبەینەوە! ئێمە دەرپێی ژنە کوردمان بە ئاریەلی تانکەوە دیت و ئۆفمان نەکرد! ئێمە، بۆ ئاسوودەکردنی خۆمان و ویژدانمان، هەموو ئەو مەسەلانە زۆر بە کورتی دەبڕێنینەوە: لە دوای چووان مەچۆ!!.. ئەوەی چوو، چوو!

هەست دەکەم بە بیرکردنەوەی ولگنبێرگ ئاشنام، یا جۆرە خزمایەتییەک لە نێوان بیرکردنەوەی ئەو و مندا هەیە.. بەڵێ دەبێ بەشەر وابێ. نابێ ئەو، با ئەڵمانیش بێ، یا کەسێکی هۆڵەندی وەک ئەو، پاسکیلە دزراوەکەی نەنکی لە بیر بچێتەوە و نابێ منیش ئەو مانگایەم لە بیر بچێتەوە کە تالانچییەکانی 1963 بە بەر چاومانەوە بردیان. ئەگەر لە بیرم بچێتەوە، ئەوان وا دەزانن ـ وەک هەر واش دەزانن ـ کارێکی ڕەوایان کردووە و لە سەر ئەو کارەیان بەردەوام دەبن وەک بەردەوامن.. ئاخر ئەگەر ئەوان خاوەنی ئێمەی موالی بن، چۆن خاوەنی نەنکمان و پاسکیلی نەنکمان و مانگای نەنکمان نابن؟! ئەگەر ئەو هۆڵەندیەش پاسکیلەکەی نەنکی لە بیر بچێتەوە نازییەکان پێیان وا دەبێ پاسکیلدزین لە هۆڵەندییەکان ڕەوا و شەرعی و یاساییە. ئەدی چۆن تێبگەن کەتنیان کردووە؟! چما ئەوروپاییەکانی بن دەستی عوسمانلی ئەو زوڵمانەیان بیر چووەتەوە کە لێیان کراون.. ئەدی کازانتزاکیس، کە بۆ پێغەمبەرایەتی زۆری نەمابوو، چۆنچۆنی باسی زوڵمی تورکی کردووە؟!

من دەزانم فەریکەچەپی کەمحاڵی یا ناحاڵی، یا هەر کوردێکی کە میللەتی خۆی لە لا سووک و هەرزان بێ، بە هۆی ئەم قسانە و قسەی تری وەک ئەمانەوە چ تۆمەتێک دەداتە پاڵم: ڕەگەزپەرست! شۆڤێنی! کۆنەپەرست! بەڵام نازانم چ بەو ڕۆژنامەوانە ئەوروپاییە دەڵێ کە دەیەوێ ئێمەی کورد لە ماڵی خۆماندا کوێتییە مێوانەکان گوڵاوپڕژێن بکەین تا بیریان بێنینەوە کوردیان بریندار کردووە! ناشێ ئەویش دووچاری دەردەکەی من بووبێ!! بەستەزمان ولخنبێرخی ئەوروپایی!! چت داوە لەم سەرهێشەیە؟!



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# مافیاکانی کوردستان

هەژدە ساڵە هەرێمی کوردستان بووەتە بازاڕێکی کراوە لەبەردەم وڵاتانی دەوروبەرو دوورو نزیک، وەک تاقیگەیەک هەمووان کاڵاو بەرهەمی گەندەڵ وبەسەرچووی خۆیان بە ئازادی وبێ لێپێچینەوە بە خەڵکی کوردستان ساخ دەکەنەوە.

تا چەند ساڵێکی نزیکیش هیچ دەزگەو فەرمانگەیەکی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی شاڵاوی بەرهەمە هاوردەکان لە کوردستان نەبوو، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا فەرمانگەیەک دروستکراوە بەناوی کۆنترۆڵی جۆری کە بەڕێوەبەرەکەی بەردەوام لە لێدوان وهەڤپەیڤینەکانیدا هاواری لێ هەڵدەستێت ودەڵێ ئەگەر بەر بەم شاڵاوە نەگیرێت ئەوە تووشی جێنەسایدێکی خراپتر لەوەی سەددام بەسەریدا هێنابن دەبین، بەڵام تا ئەوڕۆش کەس گوێ بەو هاوارانە نادات وتا ئێستا نەمبیستووە هیچ بازرگانێک لەسەر هێنانی کەلوپەلی خراپ وبەسەرچوو هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵ کرابێت.

ڕاستە لە سیستەمی دیموکراسیدا دەبێ بازاڕیش ئازاد بێت و وکێبەرکێ بازاڕەکە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا حکومەتیش دەبێ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە پاراستنی مافی بەکارهێنەران. لە وڵاتانی ڕۆژئاواوپێشکەوتوودا لە پاڵ چاودێری وردی دەوڵەت کە بە یاسا ڕێگە لە هەر فرت وفێڵ و ساختەکارییەک لە بەرهەم دەگرێت، دەیان ڕێکخراوی تایبەت بە پاراستنی مافی بەرکاربەرانیش هەن، ئەو ڕێکخراوانە لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئەمریکا هاتنە کایەوە کە ئامانجیان لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان وریگەگرتنە لە ساختەکاریکردن لە کاڵاکاندا. تەنانەت لە وڵاتانی پاشکەوتووی عەرەبیشدا ئەو جۆرە ڕێکخراوانە ئەگەر بەناویش بێت بوونێکیان هەیە.

ئەمڕۆ لە جیهاندا ساختەکاری لە بەرهەم وکەلوپەلە بازرگانییەکاندا بووەتە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش وباندی گەورەو زەبەلاح خەریکی ساخکردنەوەی کەلوپەلی گەندەڵ وبەسەرچوون بەسەر وڵاتانی هەژارو دواکەتوو کە بەدڵنیاییەوە کوردستان لە ریزی هەرەپێشەوەی ئەو شوێنانەیە. بازاڕەکانی کوردستان پڕن لە خۆراک و داوو دەرمان وجگەرەو کەلوپەلی دیکەی ماوە بەسەرچوو وبێکەڵک وخراپ کە لە لایەن باندی بازرگانی ڕێکخراوو پاڵپشتیکراو لەلایەن بەرپرسانی باڵا بەڕێوەدەبرێن بە بێ ئەوەی ڕووبەرووی هیچ لێپرسینەوەو تەنانەت ناڕەزایەتییەکی جەماوەری ئەو تۆ ببنەوە.

ئەگەر دەزگەیەکی پشکنین وچاودێری بازرگانی بێلایەن وسەربەخۆو ئەکتیڤ لە کوردستان هەبێت، دەردەکەوێت چۆن ئەو باندە بازرگانییە خوێنمژانە، بە پاڵپشتی بەرپرسانی باڵا کەوتوونەتە خوێنمژینی خەڵکی هەژارو بێدەرەتانی کوردستان. لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە دەرئەنجامی ئەو شاڵاوەدا بەدەیان نەخۆشی کوشندەو درێژخایەن لەوانە شێرپەنجە، بە ڕێژەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لە کوردستان زیادیان کردووە. ئەوەی ئەمڕۆ ئەو باندە مافیاییانە لە کوردستان دەیکەن جێنەسایدێکی بێدەنگی خەڵکی کوردستانە وبێدەنگی خەڵکیان قۆستووەتە بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایەکانیان کە بە ئارەزووی خۆیان بەربوونەتە گیانی ئەو خەڵکە.



ولادیمێر فان ولخنبێرخ - هۆڵەندا
vvanwilgenburg@gmail.com

# ئیسلام و هاوڕەگەزبازیی لە هۆڵەندا

## لە کوردستان پێموایە ئەو کەسانە زۆر نین کە لە ڕۆژئاوا پێیان دەڵێن "هاوڕەگەزباز"

هێترۆسێکچوواڵتی Heterosexuality (ناهاوڕەگەزبازی) بایسێکچوواڵتی bi- sexuality (کەسێک سێکس لەگەڵ هەردوو ڕەگەزبکات) وهاوڕەگەزبازی homosexuality (سێکس لە نێوان نێرو نێر، مێ و مێ) هەتا سەدەی نۆزدەیەم بە تەواوەتی لە ڕۆژئاوادا نەناسراوبوو. لەدوای سەدەمی 19، ئەو دیاردانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ناسران. لەگەڵ ئەوەی لە ئیسلامدا بوونی نەبوو و هیچ ئایەتێکیش نییە کە باس لەو جۆرە پەیوەندییە سێکسییانە بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مسوڵمانەکانی هۆڵەندا دەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی ئێستا خوانی بەربانگی هاوڕەگەزبازەکانیش هەیە و دایکە مسوڵمانەکانیش دەربارەی مافەکانی کەسێکی هاوڕەگەزباز زانیاریان پێ دەدرێت. ئەمەش هەمووی تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ چاونەترسی سەرۆک شارەوانییەکی مسوڵمان، کە هێندەی "پارێزگارە کوردەکەی خۆمان نەوزاد هادی" چالاکە.

لە کوردستان پێموایە ئەو کەسانە زۆر نین کە لە ڕۆژئاوا پێیان دەڵێن "هاوڕەگەزباز".

لە ڕۆژئاوا هەندێک لە کوڕان سێکس لەگەڵ یەکتری دەکەن پێش ئەوەی ژن بێنن بۆ ئەوەی شارەزایی لە سێکسدا پەیدا بکەن، بەڵام ئەوە وەکو هاوڕەگەزبازی تەماشا ناکرێت. لە کۆتاییدا کوڕەکان (یاخود هەندێجار نێرینەکان) ژن دێنن و منداڵیان دەبێت. ئەوان پیاوی دیکەیان خۆشناوێت. بەڵکو تەنیا بۆ خۆشی سێکسیان لەگەڵ دەکەن، هەروەکو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ڕۆژنامەی دێرشپیگڵ-ی ئەڵمانی باسی ئەحمەد مەرکۆچ-ی تەمەن 31 ساڵی مەغریبی نووسیبوو، ناوبراو مسوڵمانە و شارەداری سلۆتەرڤارت-ی نێزیکی شاری ئەمستەردامی هۆڵەندایە، ناوبراو بەوە ناسراوە کە "هەڵسوکەوتێکی توندی هەیە" لەنێو گەڕەکە میللیەکانی نێو ئەمستردام بۆ ئەوەی مسوڵمانان ڕابێنێ لەگەڵ "ئازادی کولتووری" لە هۆڵەندا.

مەرکۆچ بیری لە ڕێگایەک کردووەتەوە بۆ ئەوەی مسوڵمانان ڕابێنێت لەگەڵ "کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی"، ئەویش سازکردنی بەربانگی ڕۆژووشکاندن لە یانەیەک بەناوی هاڤانا کە لە لایەن بارێکی هاوڕەگەزبازانی عەرەبییەوە ڕێکخرابوو بەناوی ناوی "انا حبیبی"، لەوێ هەروەک هوتێلی شیراتۆن لە هەولێر، بەدەم نێرگەلەکێشانەوە گوێت لە میوزیکی عەرەبی دەبێت،، بەڵام بەتام وچێژی هاوڕەگەزبازییەوە.

ئەم شارەدارە دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە هاوڕەگەزبازانی موسڵمانیش مافی ئەوەیان هەیە کە هاوڕەگەزبازیش بن و مسوڵمانیش بن.

لە مانگی نیسانی ڕابردوو، مەرکۆچ "پلانێکی پراکتیکی" تایبەتی ئەنجامدا بەمەبەستی بەرفراوانکردنی ئازادی هاوڕەگەزبازی، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی هاوڕەگەزبازەکان بتوانن شانازی بە ناسنامەی خۆیانەوە بکەن. ئەم پلانە ڕێگەی بە کردنەوەی کولتووری سەنتەری هاوڕەگەزبازان دا و ڕێگەیدا ڕێکخراوانی داکۆکیکاری مافی هاوڕەگەزبازان سەردانی قوتابخانەکان بکەن و بتوانن زانیاری بدەنە دایکانی مسوڵمان دەربارەی هاوڕەگەزبازی. لەگەڵ ئەوەش، ناوبراو داوای کرد "ڕێپێوانی شانازییکردن بەهاوڕەگەزبازی" ساز بکرێت و بەنێو شەقامی ئەو شارەدا تێپەڕێت،ئاڵای پەلکەزێڕینەی هاوڕەگەزبازانیشی لەنێو شارەکەدا هەڵواسی، لەمبارەیەوە مەرکۆچ بە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسای ڕاگەیاند " زۆر پێویستە ئەم بابەتە بخرێتە بەرباس ورایبگەیەنین خەڵکی هاوڕەگەزباز خەڵکی ئاساییین و هەروەکو ئێمە وان و دەبێ ڕێزیان لێبگرین". دانیشتووانی سلۆتەرڤارت زۆربەیان مسوڵمانن و هەندێ شەڕی لەسەر هاوڕەگەزبازی تێداروویداوە، بەهۆی کاتێک هاوڕەگەزبازەکان لە پارکەکەیان سێکسیان دەکرد، بەڵام شارەوانی تابلۆی لەهەندێ شوێنی پارکەکە هەڵواسی وشوێنی تایبەتی بۆ هاوڕەگەزبازەکان دەستنیشان کرد، بەپێی مەرکۆچ هەندێ مسوڵمان و جوولەکە و مەسیحی، هاوڕەگەزباز بە مرۆڤ نازانن. شتێکی لۆجیکییە کە تێکڕای مسوڵمانەکان هاوڕەگەزبازیی بە شتێکی ئاسایی نازانن، بەڵام مەلاکان، مەرکۆچ تۆمەتبار دەکەن بەوەی مونافیقە و هەندێکیش پێیدەڵێن "خائین"، هەروەها کلێسەیەکی کاسۆلیکی ڕازی نەبوو کاری لەگەڵدا بکات.

لە 2009/9/29، لە لایەن کوردێکەوە بانگهێشتکرام بۆ سیمینارێک لەسەر سێکس و ئیسلام کە لە لایەن ڕێکخراوێکی مەغریبییەوە بەناوی عەسری، ڕێکخرابوو و لە لایەن شارۆچکەی زیبۆرگ سەربە شاری ئەمستردام پاڵپشتیکرابوو. ئەم ئێوارەیە لەپاڵ خواردنی حەڵاڵی ژاپۆنی، وتارێکی ڤیدیۆیی مەلای بەناوبانگ شێخ خالید یاسین مان بیست، کە پێشنیازی کرد مسوڵمان "لێبووردەیی" لەبەرامبەر کردەوەی حەڕام بنوێنێ، هەتا ئەو کاتەی مسوڵمانەکان دەنگی زۆرینە دێنن و پاشان (بە هاوکاری ئاینەکانی دیکە) هاوڕەگەزبازیی قەدەخە بکەن.

کاتێکیش پرسیارێکم ئاراستەی نوێنەری شێخ کرد وگوتم ئایا ئەو هەست بە مەترسی دەکات ئەگەر یەکێک بڵێت " کە دەسەڵاتم وەرگرت ئیسلام قەدەخە دەکەم" ئەو وەڵامێکی ڕوونی نەداوە و پێیگوتم کە ئەویش دەبێ لێبووردەیی بنوێنێ بەرامبەر بۆنێکی ناخۆش لەنێو شەمەندەفەردا. لە هۆڵەندا ئێمە پارتێکمان هەیە کە لەلایەن (خیرت ویڵدەرز) سەرۆکایەتی دەکرێت، دەیەوێت قورئان قەدەخە بکات و باجێکی تایبەتیش لەسەر لەچکردن دابنێت، بەڵام هیچ پارتێکی سیاسی ئەوە قبوڵ ناکەن. زۆربەی مسوڵمانەکان لەو پارتە دەترسن، هەروەک چۆن زۆربەی هاوڕەگەزبازەکان لە مەلا و شێخەکان دەترسن.

پێموابێ شێخ لە مانای دیموکراسی و لێبووردەیی نەگەیشتووە. دیموکراسی بەو مانایە دێت کە مافی کەمایەتییەکانیش قبوڵ بکەیت کە ناسنامەی خۆیان هەبێت. لێبووردەیی شەقامێکی دوو سایدییە، وەک چۆن زۆرینە کەمینەی قبوڵە، دەبێ کەمینەش لێبووردەیی بەرامبەر زۆرینە هەبێت. لە کوردستانی عێراق، کورد زۆرینەن. بەڵام تورکمانەکانیش دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن. لە هۆڵەندا هاوڕەگەزبازیی هەیە، دەتوانن هاوسەرگیریی بکەن و ڕێکخراوی خۆشیان دابمەزرێنن. لەبەرئەوە مەرکۆچ بەشێوەیەکی عاقڵانە گوتی" وەک چۆن تۆ ئازادی ببیتە مسوڵمانێکی ئوسوڵی، بەهەمان شێوە هاوڕەگەزبازیش ئازادە لەوەی ببێتە هاوڕەگەزباز".



بڕیار گابار*

# چی ماوە هێڵی سوور نەبێت؟

لە هەموو دونیادا کاتێک باسی دیموکراسی و دیموکراتیزەبوونی دەوڵەت و چارەسەری دیموکراتییانەی هەر کێشەیێک دەکرێت، لە پلەی یەکەمدا باس لەوە دەکرێت بە گوێرەی پێوانی دیموکراسی چ شتێک پێویستە بگۆردرێت، چ تابوو و دۆگماییێک دەبێ هەڵوەشێنرێتەوە، دەرگای داخراو بە ڕووی چ شتێک پێویستە بکرێتەوە، هەندێ نرخ و بەهای چەوساوە چۆن بەرەبەرە ئازاد دەبن و پرۆسەی دیموکراسی قووڵ دەبێتەوە. لەوانەیە زۆر پرسیاری تری هاوشێوەش هەن لە پێشکەوتنی ڕەوتی دیموکراسی لە جیهاندا وەکو پرەنسیپ پەیرەو کراون. کرانەوەی دەوڵەت بە ڕووی دیموکراسیدا لە هەموو مێژوو و قۆناخ گەلێکی زۆر زەحمەت بووە و لە زۆربەی ئەو نموونانەی کە دەوڵەتەکان بەرەبەرە دیموکراتیزە بوونە بە ئاشکرا دیارە. زۆر جار کۆمەڵێک شەرت دادەنرێت و ڕەوتێکی زۆر هێدی و درێژخایەنی هەبووە. مەرجێکی تر ئەوەیە هەمیشە کۆمەڵێک دیاردەی دسپۆتیک،دۆگما و چەمکی چەوسێنەر و کۆمەڵێک دەستەواژەی پیرۆز و یانیش چوارچێوەی دیاریکراوی نەگۆڕی ڕەها لە دەوڵەت و سیستەمی دەسەڵات، بۆ کۆمەڵگا و بۆ گەلان دەکەونە ژێر پرسیارەوە و پیرۆزییەکەیان لە دەست دەدەن و هاوشانی ئەو تێکۆشانەی لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەستەواژانە دەدرێت و لە کۆتاییدا ئەو دیاردە و تابو و دۆگما و دەستەواژانە بێ مانا دەبن و شوێن بۆ دیموکراسی چۆڵ دەکەن. دیارە لەم ڕەوتەدا تێکۆشانێکی دوولایەنە بەردەوامە، لە لایێک تێکۆشانی قەوارەپارێزی و لە لایێکی تریشەوە تێکۆشانی دیموکراسی. دیارە ئەم پێشەکییە کورتە بۆ ئەوە نییە دەرسی دیموکراسی بدەینە کەسێک، تکایە بە هەڵە تێمەگەن. بۆ ئەوەیە، ئێمەی کورد ئەوە چەند مانگە گوێمان لە هەندێ شتە و هەرچی ڕۆژە دەیبیسین بەڵام بە ڕاستیش زۆر سەیر و سەمەرەیە. دەمەوێت بە کورتی بەراوردێک بکەم لە نێوان ئەو دیاردەیە و هەموو نموونە مێژووییە گەردوونییەکان.

لە تورکیا کێشەی کورد و چارەسەری کێشەی کورد و کرانەوە بە ڕووی کورد و دیموکراتیزاسیونی تورکیا ڕۆژەڤی سەرەکییە. بێگومان ئەمە قۆناخێکی نوێیە کە بە خوێن و ڕەنجی دەیان هەزار مرۆڤ گەییشتوەتە ڕۆژی ئەمڕۆ. وەکو قۆناخ زۆر گرینگ و هەستیارە بەڵام پێشهاتەکان و ناوەڕۆکەکەیان بەڕاستیش جێی سەرسوڕمانە.

کابرایێک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و دەرخستنی نەخشەی ڕێگای دەوڵەت کراوە بە کۆردیناتۆر. کە وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئاتالای-ە. ئەم بەرپرسیارەی دەوڵەت ئەوە ماوەیێکە سەردانی هەموو دەزگا و دامەزراوەی سیاسی و مەدەنی و ئابوری و ڕووناکبیران و کەسایەتییە گرینگ دەکات و لە کۆتاییدا وەکو ئەنجامی ئەو هەوڵدانە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی کرد . لەو کۆنگرەیەو لە هاتووچوونەکانیشیدا لە سەر کێشەی کورد و چارەسەری کێشەی کورد هەر تەنیا " باسی ئەو شتانەی کرد کە دەوڵەتی تورکیا نایکات وبۆ دەوڵەت هێڵی سوورن، کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نەگۆڕن ". لە ماوەی یەک کاتژمێر و نیو پرسیار و وەڵامدا، تەنیا جارێکیش ناوی کوردی نەهێنا و لەو شتانەی کە پێویستە بکرێن و یانیش بۆ خۆیان دەڵێن دەیکەین باسی تەنیا یەک شتیشی نەکرد. هەموو ئەو هاتووچۆوانە و ئەو کۆبونەوەیە بۆ ئەو شتانە بوو کە نابن و پێویستە نەبن .ناوی کۆبونەوەکەش کرانەوە بوو بەڕووی کێشەی کوردو دیموکراسی. کە بەڕاستیش لەشکرێکی ڕاگەیاندن چاوەدێری دەکرد.

هێڵە سورەکانی دەوڵەتی تورکیا کە لەو کۆبوونەوە ڕۆژنامەوانییە ڕاگەیێندران ئەمانە بوون. دیاردەی تاک دەوڵەت، تاک نەتەوە، تاک ئاڵا و تاک زمان دیاردەی نەگۆڕن. بە هیچ شێوەیێک و هیچ ستاتۆ یان قەوارەیێکی سیاسی- ئیداری بۆ کوردان پەسەند ناکرێت. زمانی ڕەسمی تورکییە و بە هیچ جۆرێک زمانی کوردی بە فەرمی ناناسرێت. بە هیچ جۆرێک سەرۆک ئاپۆ و PKK وەک لایەنی گفتوگۆلەگەڵ کراوو موخاتەب تەماشا ناکرێن. ئۆپەراسیونەکان ڕاناوەستن. بانگی تەسلیمبوون و خۆبەدەستەوەدان لە PKK و هێزی گەریلا دەکرێت. دەستوری بنەڕەتی تورکیا ناگۆردرێت. PKK پێویستە پاکتاو بکرێت.باشە داخۆ چی ماوەتەوە کە هێڵی سوور نەبێت بۆ دەوڵەت و وەکو شتی " نەگۆڕ و نابێت " سەیر نەکرێت. یان داخۆ تورکیا دەیەوێت چی بکات بۆ کورد؟.

بەشیر ئاتالای بە بێ ئەوەی ناوی کورد بهێنێت دەڵێت، هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کرد نابن، باشە داخۆ چی دەبێت؟ بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەمە دیموکراسییەتی بێ هاوتا و بێ نموونەی تورکە. بۆ خۆشیان دەڵێن ئێمە مۆدێلی دیموکراسییەتی تورکی پێشدەخەین. بەڵێ مۆدێلی دیموکراسی تورکی. مۆدێلی دیموکراسییەتی خەتە سوورەکان. دیموکراسییەتی ئەو شتانەی کە نابن.مۆدێلێک کە قەت باسی ئەو شتانەی کە پێویستن ناکات. باسی خەتە سوورەکان دەکات و باسی ئەو شتانەی کە نابن دەکات و دوای ئەوانە چی مایەوە ئیدی دەتوانین ناوی بنێین دیموکراسییەتی تورکی سەیر و سەمەرە.

داخۆ لە کامە قۆناخی مێژوودا، لە کامە شوێنی دونیادا نموونەی وەهامان هەیە؟ ئەوەتا دیموکراسییەتی مۆدێلی تورکی. من نا ئێوەی بەرێز دەتوانن بەراوردی بکەن.من ئەوە دەبینم، ئەو شتانەی کە بەشیر ئاتالای وەکو خەتی سوور داینـاون، هەموویان بۆ گەلی کورد و کۆمەڵگای تورکیا ئیدی بێ واتا بوون. کرانەوەی دیموکراسی هەر ئەوەندەیە کە لە ژێر ناوی دیموکراسی و پەردەی دیموکراسییەوە هەموو ئەو شتانەی کە بێ واتا بوونە جارێکیتر واتایان پێ بدەنەوە. جاران هەر باسی ئەو شتانەیان نەدەکرد و وەکو تابوو بە بێ قسە هەر کەس ناچار دەکرا پەیڕەوی لێوەبکات. ئەمڕۆش باسیان دەکەن و لە ژێر ناوی دیموکراسی دەیانەوێت گیانێکی تازەیان بەبەردا بکەنەوە. واتا باسیان دەکەن بەڵام وەکو خەتی سوور.

***ئەندامی کۆمیتەی سیاسی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK**



# نیلیسا بەدوایدا دەگەڕێ

**رووداو-هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو نیلیسا ناوی راستەقینەی خۆی ئاشکرا ناکات و دەڵێت "نیلیسا ناوێکی رووسیە و نازانم مانای چییە تا ئێستا بەدوای ماناکەیدا دەگەڕێت. (چیت پێگوتم) یەکەم بەرهەمی تۆمار کراوی نیلیسایە کە تێکستەکەی هی حەمە سەعید حەسەن و میلۆدیەکەشی هی هەڵکەوت زاهیرەو دەشنێش کاری دەرهێنانی بۆ کلیپی گۆرانییەکەی کردووە. نیلیسای 19 ساڵان کە لە دایکێکی هەڵەبجەیی و باوکێکی کەرکووکی لەدایکبووەو ئێستا لە لەندەن دەژی، گوتی "زۆر حەزم لە ژیانی لەندەنە، لەوێ لە کافێیەک بە تەنیا قاوەیەک بخۆیتەوە هەموو دونیا دەهێنێ"، هەروەها ئاشکراشیکرد زۆر حەزی لە تەنیایی و تاریکی و کەشی رۆمانسیە.

17 »



# مەلا واز ناهێنن

**رووداو-هەولێر**

مەلا ئیسماعیل شووشکەیی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی عەزیز دزەیی لەگەڕەکی هەڤاڵانی شاری هەولێر لە وتاری نوێژی هەینیدا هێرشێکی توندی کردە سەر بەرنامەی "من جیاوازم"ی کەناڵی زاگرۆس. مەلا ئیسماعیل بەبێ ئەوەی ناوی تەلەڤزیۆنەکە بهێنێ گوتی "15 ملیۆن دینار دەداتە کەسێک کە دەگ و رەقسی بۆ بکات یان لاسایی گوێدرێژی بۆ بکاتەوە". گوتیشی "ئەو پارەیەی لەو کەناڵە ئاسمانیانە خەرج دەکرێ لە گیرفانی من و تۆ دێتە دەرێ، لە کوێیان بوو مارەیی دایکیانە؟". هەروەها هێرشێکی توندی کردە سەر ئاهەنگەکەی هەردوو هونەرمەند موعین و جەمیشد کە رۆژی 9/24 لە هەولێر کراو گوتی "300 ملیۆن دینار لەو مەلعەبە خەرجکرا، بۆ ئەو پارەیە نادەنە خەڵکی هەژار، ئێوە درۆ دەکەن لەگەڵ کوردایەتی، وەڵڵا زەڕەیەک کوردایەتیتان تێدا نییە".



# جایزنییە و بێشەرعییە

**رووداو-هەولێر**

پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی هاوکارمان ئیحسان تاهیر سەرپەرشتیاری هەفتەنامەی (رووداوی وەرزشی) دەکەین کە رۆژی 2009/10/1 چووە ناو ژیانی هاوسەرییەوە، کاتێک داوامان لێکرد وێنەیەکی خۆی وهاوسەرەکەیمان بداتێ تا لەگەڵ ئەم پیرۆزباییەدا بڵاوبکرێتەوە، ئیحسان گوتی" کوڕە کوو دەبی، ئەوە جایز نییە و بێشەرعییە".


Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاین : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 5696 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net


# Rudaw.nl بە گفتوگۆ ساڵرۆژی خۆی پیرۆز کرد



**ئوتریخت - رووداو**

رۆژی 2 ی ئۆکتۆبەری 2009 بەشی هۆڵەندیی سایتی (رووداونێت) لە شاری ئوترێختی هۆڵەندا یەکەمین ساڵرۆژی خۆی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی نووسەرو رووناکبیرو سیاسەتڤانی کورد وهۆڵەندی پیرۆزکرد.

بەم بۆنەیەوە Rudaw.nl پانێلێکی بۆ کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و ئەکادیمیی و پۆلەتیکڤانی هۆڵەندی و کورد سازکرد. پانێلەکە زۆرتر بۆ هەڵسەنگاندنی بەشی هۆلەندی ماڵپەڕی رووداو بوو کە ساڵێک بەسەر دەست بەکاربوونی تێدەپەڕێ، ئەم پانێلە بوو بە دەرفەتێکی چاک تا میوانە هۆڵەندی و کوردەکان را و سەرنجی خۆیان دەربارەی مەسەلەی کوردیش ئاڵوگۆر بکەن.

لەو دانیشتنەدا هەر یەک لە هاوکارانمان هێمن عەبدوڵڵا و سیدار ئەپۆزدەمیر بەڕێوەبەرانی بەشی هۆڵەندی کورتەیەکیان دەربارەی هۆکاری دروستبوونی ماڵپەڕەکە و شێوەی کارکردنەکەی خستەروو، هێمن عەبدوڵڵا گوتی " ئێمە هەوڵ دەدەین تا بۆمان بکرێ بە شێوەیەکی بێلایەنانە هەواڵەکانی تایبەت بە پرسی کورد بگەیەنینە خوێنەری هۆڵەندی زمان ".

هەروەها ولادیمێر فان ولخنبێرخ هاوکاری (رووداو) لە هۆڵەندا باسێکی لەبارەی مانەوەی دوو مانگی خۆی لە کوردستان پێشکەشکردو سەرنج وتێبینییەکانی خۆی لەبارەی رەوشی سیاسی وکولتووری وکۆمەڵایەتی کوردستان خستەروو، ولادیمێر رەخنەی ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردی گرت کە زۆر رێز لەکات ناگرێت، بەڵام گوتیشی هەوڵدەدات سوود لە لایەنە باشەکانی هەردوو کولتووری کوردی ورۆژئاوایی وەربگرێت.

سەرنووسەری (رووداو) ئاکۆ محەمەد باسێکی لەبارەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان پێشکەش کردو گوتی " لە کوردستان نزیکەی 921 دەزگەی راگەیاندنی کوردی لە کوردستان هەن بەڵام 200 رۆژنامەنووسی باش لە کوردستان نین".

پاشان ژمارەیەک بابەت لە بارەی پرسی کورد پێشکەشکران لەلایەن ژمارەیەک سیاسەتڤان وئەکادیمی هۆڵەندی لەوانە ئاری ئۆستلاندەر، کەماوەیەکی درێژ نێردراوی یەکێتی ئەوروپا بووە بۆ تورکیا، پرۆفیسۆر میشێل لێزینبێرخ ئەو کە فەیلەسوف و ئیسلامناسە لە زانکۆی ئەمستەردام وکوردیش دەزانێت، یۆست یۆنگەردنیش، کە کۆمەڵناسە و لە هۆڵەندا وەک پسپۆڕێک دەربارەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ناسراوە، خویدۆ فان لێیمپۆت، کوردناسە و ئەندامی فراکسیۆنی پارتی سۆسیالیستیشە لە پەرلەمانی هۆڵەندا و دەروێش فەرحۆ سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردی لە برۆکسەل.





